# چیرۆکە نەبیستراوەکان

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٩


ئەم كتێبە لە سەر ئەركی كاك ( هیوا نەجار )
بەڕێوەبەری ( كۆمپانیای نیازی هەژار ) چاپكراوە

ناسنامەی کتێب
ناوی کتێب: چیرۆکە نەبیستراوەکان
نووسین و بەرهەڤکرن: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
بابەت: سۆسیۆلوجی و مێژوویی و دیکۆمێنتاری
تایپ: ڕێزان سالّح بارزانی و ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
هەڵەچنین: ڕێزان سالّح بارزانی و ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ساڵی چاپ: ٢٠١٩ - چاپی یەکەم - تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی: سەنگەر
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان- هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ٤٢٩ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە.
شوێنی نووسین: - هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان
ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١



مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر

# چیرۆکە نەبیستراوەکان

**بەرایی**

ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.

شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە سەر کچان و ژنانی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکردوون، ئەو خەلافەتە لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.

داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییەو کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی؛ تەمەن و جوانی لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گەڕانەوەی

مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەونترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

تیرۆریستانی داعش بە چەندین شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵەیان لە گەڵ ئافرەتان کردووە، وەك؛ (رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنان و دەستدرێژی سیکسی و دەسبازی و... هتد) ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە، ئیسلام و گشت ئاینەکانی تریش ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت.

لە یەکێک لە نوسراوە فەرمییەکانی رێکخراوی تیرۆرستی داعشدا بەم شێوەیە نرخیان بۆ ئافرەت داناوە و بە دەستکەوتی شەڕ لە قەڵەم دراون، نووسراوە:"پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە ئافرەت و دەستکەوتەکانی شەڕ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان، بۆیە دەستەی بەیتولماڵ بە باشی زانی کە رێکاری و نرخی فرۆشتنی ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو رێنمایی و رێکاریانە بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار لە سێدارە دەدرێت".

داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گۆڤارێکی ئەلکترۆنی داعشە، پاساو بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوەو لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و ڕێ و شوێنەکانی رەوایەتی دان بە هەڵسان بە کڕین و فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە.

ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەیەکی تایبەت بە رێنمایی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتە بەدیل گیراوەکان، وەک نامیلکەی" دليل نكاح الاسيرات" دواتریش نامیلکەی "سؤال و

جواب السبى و الرقاب"یان بڵاوکردووتەوە، ئەو نامیلکەیە وەڵامی ٣٢ پرسیاری تێدایە، سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتە بە دیل گیراوەکاندا، هەروەها چەندین فەتوای تێدایە دەربارەی شێوازی مارەکردنی دیلەکان، داعش ئەوەی کردووەتە بەڵگە لەسەر ڕەوایی ئەتك کردنی ئافرەتە دیل کراوەکانی بەردەستی.

هەموو وردەکارییەکانی سێکس کردن لەگەڵ دیلەکاندا بۆ چەکدارەکانی داعش ڕوون دەکاتەوە، ڕێگە ئەدات بەوەی ئافرەتی ناموسوڵمان بکرێتە کەنیزەك. هەروەها باسی ئەو ژنانەش دەکات کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت: ئایا ڕەوایە ژنە دیل کراوەکان بفرۆشرێن؟ نامیلکەکەی داعش دەڵێت:ڕەوایە بفرۆشرێن و بکڕدرێن و وەك دیاریش ببەخشرێن، چونکە تەنها موڵکن. تەنانەت ئەتوانرێ لەناو ببرێن ئەگەر زانرا لەناوبردنیان زیانی نابێت بۆ نەتەوەی ئیسلام.

هەروەها لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: ئایا دەکرێ، سێکس بکرێت لەگەڵ کچێکی نابالّق دا؟داعش دەڵێت: دەگونجێت ئەگەر کچەکە لەباربێت بۆ سێکس کردن. بەڵام ئەگەر لەبارنەبوو بۆ سێکس کردن، ئەوا دەستبازی لەگەڵ بکەن و چێژی لێ وەربگرن، بەبێ جووت بوون.

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێچەوانەی ئاین و هەموو پێوەرو یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات و بە زەبری هێز و ترس و تۆقاندن.

لە بارەی ئاماری کچ و ژنە ڕفێندراوەکان لەم بارودۆخەدا دوا ئامار و ئامارێکی تەواو ئەستەمە وهیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و سەرژمێریەکی تەواو نیە چونکە تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و ڕۆژانە لەم لاو لەولا ئافرەتێك ڕزگاری دەبێت لە دەست چەکدارانی داعش بۆیە ئاماژەمان بەهیچ ئامارێك نەکردووە، چونکە بە بەردەوامی ئاماری جۆراو جۆر و جیاواز بڵاودەکرێنەوە.

تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش بە هەزاران ژن و کچی کورد و کوردستان لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، بۆیە لەم پەرتووکەدا ئاماری رفێندراوانی تێدا نیەو لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینەوەی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمانە زنجیرە کتێبێکن لەم بارەیەوە بڵاویدەکەمەوە ( تایبەتن بەو کچ و ژنە ئێزیدیانەی رفێندراوان و پاشان کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکسییان کراوەتەوە سەر و ئەشکەنجە دراون و دواتر رزگاریان بووە). زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن (بینراو و بیستراو و خوێندراو) بەستووە و وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.
کتێبەکان بە زمانەکانی (کوردی، عەربی، فارسی و ئینگلیزی و تورکی و فەرەنسی و ئیسپانی و یابانی و سینی) تۆمارکراون و بڵاوکراونەتەوە.
لە کتێبەکاندا جگە لە وێنەی رزگاربووان کە لە ژێرەوەیان ناویان نووسراوە، لە گشت لاپەرەکان وێنەی تر هەیە کە پەیوەندی بە خودی باسەکەوە نیە بەڵام پەیوەندی تەواوی بە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و ئاوارەبوون و نەهامەتی و دەردەسەری و ژیان و کولتوور و داب و نەریت و ئاین و نزا و بیرو باوەری ئێزیدەکانەوە هەیە.
مەبەستیشمان ناساندنی ڕووی راستەقینەی ئەم تاوانانەیە کە لە سەدەی بیست‌و یەکەمدا بەسەر ئێزیدیەکاندا هاتووە، جینۆسایدێك لە سەرووی هزری مرۆڤەوە. قیزەونترین تاوان لەم جینۆسایدەدا ئەنجامدراون، وێنەکان خۆیان دەدوێن، ئێمە هیچمان لە ژێر وێنەکان نەنووسیووە، وێنەکانیش وەك چیرۆکە پڕ لە ئازارەکانی ناو

کتێبەکە بەڵگەیەکی حاشاهەلنەگرن. بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەهاو ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو ناووسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە ئێزیدییانە بگرین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوەو ئێستا گەڕاونەتەوە.
ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بلێین:"داعش گردبوونەوەی ئەو هوقییە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن".
سەرەرای گێڕانەوەی ئازار و مەینەتیەکان لەزاری قوربانیانەوە کە لە چوارچێوەی نووسین وەك دیکۆمێنت و میموری چیرۆکەکانیان ئەرشیف و تۆمارکراون. پرۆژەیەکی تریش بەرهەمی ئەم کتێبانەن:

مۆزەخانەیەکی خنجیلانە وەك بەرهەمی ئەم کتێبانە لە مۆزەخانەی ماڵەوەمان زیادکراوە، کەرەستە و کەل و پەل و جل و بەرگی ئەو ئێزیدیانەی لە دۆزەخی داعش رایان کردووە خۆیان گەیاندوتە چیای شنگال و ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها هندێك لەو کەرەستەو جل و بەرگانەی ئەو کچ و ژنە ئێزیدیانەی رفێندراوان و دواتر کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و پاشان دەستدرێژیان کراوەتە سەر، بەدەستمان کەوتوون و لە مۆزەخانەی ماڵەوەمان دانراون، وەك پاشکۆی کتێبەکان.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
٢٠١٩
گوندی بازێ - دەڤەری بارزان

**چیرۆکە نەبیستراوەکان**
**گەڕانەوە و رزگاربوون لە دۆزەخی داعش**

---

**گێڕانەوەو دیکۆمێنتکردنی چیرۆکی منداڵان و ئافرەتانی ڕفێندراو و دیلی دەستی تیرۆریستانی داعش، هەر بە تەنیا بۆ ئەوە نییە، داعش و داعشییەکانی لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە پێ تاوانبار بکەین، بۆ ئەوەش نییە، ئاگاداری تراجیدیایەکی ئینسانی پڕ تاوان و ئێش و ئازار بین، لە پاڵ گرنگی ئەم ئامانجانەشدا، ئاگاداربوون لە وردەکاریی چیرۆکی ئەم قوربانیانە بۆ هەر مرۆڤێکی کورد و کوردستانی، بەتایبەتی نەوەکانی داهاتوومان زۆر پێویستە. تا هەمووان داعش وەک خۆی بناسن. تا نەوەکانی کورد و کوردستان بزانن، ئەوانەی داعشن، یان هاوکاری داعشن یان هەڵگری فیکری داعشن، زەڕەیەک ئینسانییەت و ئەخلاقییان تێدا نییە.**
**(٢٢) چیرۆکی پڕ لە تراژیدیا لە لاپەرەکانی داهاتوودا دەخوێنەوە.**

# (١)
# سەرپۆشەکانیان پێ فڕێداین بۆ ئەوەی جوانەکانمان هەڵبژێرن



چاوی منداڵەکانم گرت، بۆ ئەوەی گوڵلەبارانکردنی پیاوەکان نەبینن

نیگاکانی لەیلا ناچارم دەکەن چاوەکانم بگوازمەوە سەر وێنەیەك کە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە. گەنجێکی بەگوڕ و پڕ لە هیوا کە ڕەنگە کاتێك لەبەردەم کامێراکەدا وەستاوە، وای بەباش زانیبێ زەردەخەنەیەکی شیرین بدات بەدەم دنیاوە. تاوەکو چیرۆکەکەی دەستپێنەکرد، تێنەگەیشتم بۆچی چاوەکانی ئەو هێندە یەخسیر و دیلی دەستی ئەو وێنەیەن.

دەپرسێت: "لە چیم کەم بوو؟" لە شنگال ژیانێکی زۆر سادەی هەبوو، بەڵام سەرڕێژ لە خۆشەویستی و قەناعەت. هاوژینێك کە بژارەی خۆی بوو لەگەڵ منداڵێك و ماڵێك، ئاسوودەیی سامانێکی گەورە بوو خودا پێیدابوون، بەڵام ڕۆژی سێی ئاب داعش هات و هەموو شتێك تێکچوو.

ئەگەر كۆنی و بێكەڵكیی ئۆتۆمبیلەكەیان نەبووایە و لە ڕێگا پەكیاننەكەوتایە، خۆیان دەگەیاندە چیاكە "دەستبەسەر كراین، بەخێرایی هەموویان كۆكردینەوە". لەسەر جادەكە ژمارەیەك گەنج و پیری بینی كە ریز كرابوون بۆ ئەوەی وەك لەیلا دەڵێت "گوللەبارانیان بكەن"، لەیلا چاوی هەردوو منداڵەكەی گرتووە بۆ ئەوەی ئەو دیمەنانە نەبینن.



ئەو ئێوارەیە شنگالییە گەمارۆدراوەكان بیریان لە ڕێگاچارەی بەپەلە دەكردەوە بۆ ئەوەی شمشێری تووڕەیی داعش نەگاتە گەردنیان "هەندێك موسوڵمان بوون، بەڵام ژمارەیەكی زۆریان هەتا گوللەبارانیش كران، ئامادەنەبوون دینی خۆیان بگۆڕن."
چەكدارانی داعش لەیلا و خێزانەكەیان گەڕاندەوە بۆ شنگال: "دەرگایان لەسەر داخستین، دوای چەند سەعاتێك ژن و پیاویان جیاكردەوە و ئێمەیان بردە حەوشە كۆیانكردینەوە."

هێشتا لەناو شنگال بوون کاتێك چەکدارێکی داعش بەناو ژنەکاندا گەڕا و کچێکی هەڵبژارد و دەستی گرت "دایکی دامێنی کچەکەی گرت بۆ ئەوەی نەیبا، بەڵام چەکدارەکە گوتی ئەمە کەنیزەکی منە. ئێمە نەماندەزانی کەنیزەك چییە ."



گریان و خۆڕنینی ئەوان بێهوودە بوو، لەڕاستیدا لەبەردەم ئۆردووی چەکدارانی بێبەزەییدا، ئاویان بە بێژنگدا دەکرد. برسێتی بڕستی لەبەر بەشێکیان بڕیبوو، بەڵام چەکدارانی داعش چرکەیان دەژمارد بۆ ئەوەی زووتر پلانەکە جێبەجێ ببێ و شەوی سەرجێیی لەگەڵ کەنیزەکەکان دەستپێبکەن: "کارەبا بڕابوو، زۆر تاریك بوو، بەڵام ئەوان لایتیان پێبوو، هەڵیاندەکرد و کچەکانیان پێ دەدۆزینەوە، کەسێك هات سەرپۆشەکەی پێ لادام بۆ ئەوەی روخسارم باشتر ببینێ، ئینجا منی هەڵبژارد و ویستی بمبات، من تکای زۆرم کرد کە پێش ئەوەی لەگەڵی بڕۆم چەند خولەکێك لەگەڵ براکەم قسە بکەم، بۆ خۆشم نەمدەزانی بۆچی دەبێت براکەم ببینم، بەڵام بینیم."



دیدارە چەند خولەکییەکەی لەیلا و براکەی زۆرتر لەوە دەچوو لە بەردەم شەپۆلە تووڕەکانی دەریادا دەست بۆ پووش ببەی: "داعش دەیانەوێ بمانبەن و نازانم بۆ کوێمان دەبەن؟" ئامۆژگاری لەسەر ڕێگا بە چەقۆچنراوەکانی داعشدا چ سوودێکی هەیە تاوەکو براکەی لەیلا پەنای بۆ ببات و بیربکاتەوە؟ هەر دەبوو بڵێ خودا ئاگای لێتان بێت. دواتر ئەوان برانە نێو خوێندنگەیەکی بەعاج. شارۆچکەیەك لە بەشی رۆژئاوای نەینەوا کە هاوسنووری سووریایە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ٢٤ هەزار کەسە.

"ئێزدییەکی زۆر لەوێ بوون، زۆر لە ژنەکانم ناسینەوە، دواجار شەوێك پاسیان هێنا و ئێمەیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر" لەیلا وا دەڵێت.

ئەو شەوەی ئۆتۆمبیلەکان ملی ڕێگای تەلەعفەریان گرتبوو، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە ئاسمانەوە ڕاوی ڕووناکییان دەکرد.

ناچار ئۆتۆمبیلەکان لایتەکانیان کوژاندەوە و ئەمانیان گەیاندە تەلەعفەر.

لەیلا لەنێو قوتابخانەیەکی ئەو شارەدا سەتان ئافرەتی ئێزدی بینی کە لە گوندەکانی دەوروبەری شنگالەوە هێنرابوون:"کە چووینە ژوورەوە، لەبەر دەنگی گریان و هاوار لە هیچ تێنەدەگەیشتین، بە تەنیشت هەر کەسێکدا تێدەپەڕیم. بە گریان و لەخۆدانەوە چیرۆکی لەدەستدانی باوك و براکانی دەگێڕایەوە". ئەو باوك و برایانەی بە بەرچاوی خۆیانەوە لەسەر زەوییەکە گوللەباران کرابوون. کەچی داعشەکان بەبێ گوێدانە هەستی برینداری ئەوان، بەزۆر ناچاریان دەکردن گوێ لە قورئان بگرن.




لەناو ژاوەژاوی ناسازی هۆڵە خنکاوەکەدا کە تێکەڵبوونی بۆنی ترس و چڵك و عارەقە و پیسایی منداڵ بەرامەیەکی تاقەتکوژی دروستکردبوو، حاجی مەهدی، کەیفی خۆش بوو. نمایشێکی پاڵەوانانەی لە بەرچاوی ئەوان کرد. حاجی مەهدی، ئەو پیاوە تورکمانە تەلەعفەرییەی کە پەیدابوونی داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نێوبانگی ئەویان دەدرەوشاندەوە، لە چیرۆکی زۆربەی ژنە ئێزدییەکاندا سەر و سیمای دەردەکەوێتەوە.

**"باسی مەلەك تاوسم بۆ بکە"**

لەیلا و ژمارەیەك لە خێزانە ئێزدییەکانی دیکە گواسترانەوە بۆ زیندانی بادۆش. زیندانێك کە وەك پاسەوانەکانی دڵڕەق و خاڵی بوو لە خزمەتگوزاری "خواردنمان تەنیا پەنیرێك و سەموونێك بوو، پاش چەند رۆژێك ئێمەیان دیسان بە پاس گواستەوە بۆ تەلەعفەر، ئێمەیان بردە قوتابخانەیەك، حاجی باقر و حاجی مەهدی لەوێ بوون."



بەگوێرەی ئەو وەسفەی لەیلا بۆی دەکات، حاجی باقر پیاوێکی ورگن و رەنگتاریکی باڵا مامناوەند بووە. لەوکاتەی خەریکی هەڵبژاردنی چەند کچێك بوو، لە لەیلا نزیك دەبێتەوە و تۆنی دەنگی هێور دەکاتەوە تاوەکو گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

حاجی باقر: مەلەك تاوس چییە؟

لەیلا: چ سوودی هەیە بۆتی روون بکەمەوە چییە؟

حاجی باقر: مەلەك تاوس شەیتانە و ئێوە کافرن، ئاینی ئێوە ئاینی کافرانە.

لە هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدییەکاندا (جیلوە و موسحەفا رەش) باس لە مەلەك تاوس کراوە. لە جیلوەدا هاتووە: "من، مەلەك تاوس، پێش دروستبوونی دونیا و بوونەوەران هەبووم. من هەم و هەتا هەتایەش هەردەمێنم بۆ بەڕێوەبردنی دونیا، هیچ جێگایەك نییە منی لێنەبم". لە (موسحەفا رەش)یشدا، مەلەك تاوس، بەو شێوەیە خۆی پێناسە کردووە: "ئافەریدەکار -رەنگە مەبەست لە رۆحی رەها بێت- لە ناوەڕۆکی پیرۆزی خۆی مرواریەکی سپی خوڵقاند و دواتریش باڵندەیەکی ئەفسووناوی بەناوی (ئەنفار)، مرواریيە سپییەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە و چل هەزار ساڵ لەوێدا مایەوە و پاشان لە رۆژی یەکشەممەدا عەزازیل، واتە مەلەك تاووسی لێهاتەدەر."




سووکایەتی ببووە بەشێك لە ژیانی رۆژانە. لەبەرچاوی ژنەکان، پیاوەکانیان رادەگرت و پێیاندەگوتن جنێو بە ئاینی ئێزدی و پیرۆزییەکانی بدەن. ئەوانەی رەتیاندەکردەوە جنێو بدەن. "من رۆژی دواتر حاجی باقرم بینییەوە، هاتبووە نێو خەڵکەکە و لای

دەرگاکە وەستابوو. هەر جارە و کچێکی بۆ خۆی دەستنیشان دەکرد. هەردوو کچی براکەم (ئەڵماس و سوهەیلە)ی برد."
ئەو چوار رۆژەی لەیلا و هاورێ بەدبەختەکانی لەوێ مانەوە، رۆژانێك بوون، تەنیا فریای ژماردنی ئەو کچ و ژنانە دەکەوتن کە چەکدارانی داعش دەیانبردن و نەدەهاتنەوە، یان بە روخسارێکی رووخاوەوە دەردەکەوتنەوە.




**پیاوەکان ماون، بەڵام چاوەڕێی شمشێرن**
ئەندامانی رێکخراوی داعش، لەنێو خەلافەتەکەیاندا دەستیان رادەگەیشت بە هەر شتێك کە هێز و ورە و خۆڕاگریی زۆرتریان پێ ببەخشێ. دروستکردنی مادەی نایاسایی وەك کاپتاگۆن، بەکارهێنانی و تەنانەت قاچاخچێتی بەو ماددەیە کە یاریدەدەر بوو بۆ نەهێشتنی شەکەتیی شەڕ و پەیداکردنی داهات بۆ گرووپەکەیان. بەڵام کچ و ژنە ئێزدییەکانیش باجی ئەو جۆرە ماددە هۆشبەرانەیان دەدا.
چونکە لەو کاتەی چەکدارەکان سێکسیان لەگەڵ دەکردن، رووبەڕووی گوشار و توندوتیژی و ئازاری زۆر دەبوونەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێك كە لە ساڵە بەراییەكاندا بڵاوكرایەوە، ڕێکخراوی داعش بە فەتوایەك  دەرچەیەکی یاسایی و پاساوێکی دۆزییەوە بۆ بەکارهێنانی. فەتواکە لە دەستەواژەیەکی کورتدا هەموو شتێکی بڕییەوە کە دەڵێ :"ئەو حەبە ئاسانکاری بۆ جیهاد دەکات."



ژمارەیەك پاس لەبەردەم زیندانەکە ریز بووبوون و چاوەڕێیان دەکرد کاروانەکە بەڕێبکەوێ. ئەوە ئاماژەیەکی روون بوو بۆئەوەی کە دوایین وێستگەی وەستانی پاسەکان سووریایە، بەڵام پێش ئەوەی هەواڵەکەیان پێڕابگەیێنن، ئۆفەرێکیان خستە بەردەمیان "ئەوەی ببێتە مسوڵمان، هاوژینە ئێزدییەکەی خۆی دەبینێتەوە". لەیلا و هیچ ژنێکی دیکە بڕوایان بەوە نەبوو: "گوتمان ئەگەر راست دەکەن، با بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ بکەین تاوەکو بزانین ئەوان ماون یان نا؟ قسەمان لەگەڵ کردن و پیاوەکانمان ساخ بوون و لە قەڵای تەلەعفەر بوون، لە کۆشکی سەخرا."

پەیوەندییە تەلەفۆنییەكەی لەیلا لەگەڵ براكەی بوو، ئەوجارەیان براكەی بەشێوەیەكی دیكە ئامۆژگاری لەیلای كرد "چەكدارەكانی داعش هەرچییەكیان گوت بە قسەیان بكەن، ئەگینا ئێمە دەكوژن، ئەگەر گوتیان ببنە موسوڵمان بە قسەیان بكەن، ئەگەرنا دەتانكەنە كەنیزەك ."




كاتێك تەلەفۆنەكانیان لێوەرگرتنەوە، پێیانگوتن دەبێ موسوڵمانبوونی خۆتان رابگەیێنن. كاروانەكە بەپێچەوانەی سووریاوە بەرەو گوندی كیسر میحراب بەرێخرا. لەوێ لەیلا، وەك ئەوەی لە بیاباندا باران بەسەریدا دابكا، چاوەكانی بەبینینی خێزانەكەی، هاوژینەكەی، كەسوكارەكەی رۆشن بووەوە. كەسانێك كە لەیلا وەك مردوو لە مێشكی خۆیدا لەقەڵەمی دابوون "هەر یەكە بردیانین بۆ ماڵێك بە جیا، مانگ و نیوێك لەوێ بووین."

ژیان وەك جەستەیەكی بێگیانی قورس كەوتبوو بەسەریدا. لەو نائومێدییە گەورانەدا باشتر تێدەگەیت كە جەستە چەند لاواز و بێدەرەتانە لەبەردەم یاسا و رێسای ژەنەراڵەكانی زەبروزەنگ و

دڵڕەقی. لە خەلافەتەکەی داعشدا، وشەی (نا) لە زماندا دەسڕدرێتەوە و بۆ هەتاهەتایە ئاسەواری نامێنێ.

لەیلا دەڵێت: "ئەو ماڵەی ئێمە تێیدا نیشتەجێ بووین، پەنجەرەکەی دەیڕوانی بەسەر دەشتاییەکدا. ڕۆژێك چاڵێکی گەورەیان هەڵکەند و لاشەی هەندێك کەسیان هێنا و فڕێیاندایە نێوی، تێگەیشتم کە ئەوە گۆڕی بەکۆمەڵە بۆئێزدییەکان"

لەیلا بە دزییەوە چووبووە بەردەم پەنجەرەکە و بە مۆبایل وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گرتبوو: "شەوێك لەپڕ لە دەرگای ئێمەیان دا. ئەمیرەکەیان هات و گوتی کوا مۆبایلەکەت؟

لەیلا مۆبایلەکەی بۆ هێنا و دایە دەستی.

ئەمیرەکە گوتبووی تۆ ماڵی مێردەکەت خراپ کرد، لەبەرئەوەی بە نهێنی مۆبایلت بەکارهێناوە، تۆ جاسوسیت کردووە بۆ پێشمەرگە.

لەیلا بەگریانەوە سوێندی خواردبوو کە جاسوسیی نەکردووە.




مێردەکەی لەیلا لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی ئێزدی کە ئەوانیش بە تۆمەتی بەکارهێنانی مۆبایل ڕاپێچکرابوون، لەسەر تەپۆڵکە خۆڵێك

کە بە شۆفڵ هەڵدرابووەوە، ڕایانگرتن. لەیلا باش دەیزانی چی ڕوودەدا، بۆیە بەگریانەوە گەیشتە ئەوێ. لە شوێنی خۆی هەڵدەبەزییەوە و دەپاڕایەوە "پیاوەکەم هیچ پەیوەندی بەمەوە نییە و من خۆم مۆبایلم بەکارهێناوە، گریانەکەم کاری خۆی کرد، پیاوەکەم جیاکرایەوە، بەڵام گەنجەکانیان کوشت."

لەیلا هەرچۆن بوو گیانی هاوژینەکەی لەژێر چەقۆی داعش دەرهێنا، بەڵام هێشتا ئەوان لەبەردەم گێژەڵووکەیەکدا سەرگەردان مابوونەوە. جارێکی دیکە برانەوە بۆ گوندی کەسر میحراب لە تەلەعفەر. حاجی باقر، بەهۆی دەستکەوتەکانی جەنگ و ئەو ڕاوەڕووتەی بە پشتیوانی فەتوا ئاینییەکان دەستی دابوویێ، سەروەتێکی زۆری نابوو بەیەکەوە. لەیلا و چەند ژنێکی دیکەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی کاروباری ئاژەڵە زۆرەکانی هەڵسووڕێنن.



"حاجی باقر ١٠٠٠ سەر مەڕ و مانگای هەبوو، مەڕ و مانگای بۆ ئێمە هێنا و گوتی بۆم بەخێو بکەن، ماوەی ٨ مانگ ئێمە بە

بەردەوامی خەریکی خزمەتکردنی مەڕ و ماڵاتەکانی ئەو بووین لەو گوندە، ڕۆژێك تووشی حەساسیەت بووین بەهۆی پیسیی شوێنی مانەوەمان، هاوژینەکەم و برایەکی لەلایەن داعشەوە لە یەکێك لە بنکەکان کرابوون بە پاسەوان تاوەکو درەنگی شەو نەهاتەوە. هەر ئەو شەوە پیاوێك بەناوی ئەبوو عەلی هات و گوتی بابڕۆین، گوتم ئەی هاوژینەکەم، گوتی: تەواو، بابڕۆین. ئیدی ئەوە کۆتایی ژیانی مەروانی هاوژینم بوو. تێگەیشتم کە کوژراوە."

## پیاوێکی سعودی بە فرۆشتنی کچانی ئێزیدی ببووە سەرمایەدار



"ئەو ئافرەتانەی دووگیان دەبوون بۆ ماوەیەك ڕزگاریان دەبوو لە کڕین و فرۆشتن"

سیمای غەمگینی ئەو کچەی کە تەمەنی لە بیستەکاندایە، پەردە لەسەر زۆر چیرۆك و سەربوردەی ئاینێکی ئاشتیخوازی کوردستان هەڵدەداتەوە. منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵ، زوو زوو لەیلا ناچار دەکات لە قسەکردن بوەستێ و ورك دەگرێ، چەند جارێك فرمێسکە گەرمەکان لە چاوی دایکی تکانە سەر روخساری. لەیلا هێواش

هێواش، دەستی دەهێنێ بە پشتی منداڵەکەیدا و دەگەڕێتەوە بۆ بەیانییەکی زووی حەی خەزەر، ڕووداوەکان هێندە خێرابوون، تەنیا دەیتوانی لەنێو دڵی غەمگینی خۆیدا پرسە بۆ لەدەستچوونی هاوژینەکەی دابنێ.

"لە حەی خەزەر، ئێمەیان بردە ماڵێك، دیمەنەکە بە ڕۆژی یەکەمی داگیرکردنی شنگال دەچوو. پرچی هەندێك کچیان بە شێوەیەك بڕی وەکو کوڕیان لێکردبوون ."

لەیلا، هەندێکجار ئەوان وەك "تەتاری سەردەم" ناو دەبات. بەڵام ئەوان ئەو چەکدارانە بوون کە شانازییان دەکرد بەوەی توانیویانە دیمەنەکانی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دووبارە بکەنەوە و گۆڕەپانی شەڕ و مەزادی کەنیزەك شاگەشکەی کردبوون.



هەندێك لە کچەکان خۆیان کەڕولاڵ کردبوو، هەندێکیش خۆیان شێت کردبوو بۆئەوەی نەبنە خۆراکی حەزو ئارەزووی چەکدارانی داعش

"پزیشکێکیان هێنا تاوەکو پشکنین بکات. درۆی هەموو لاڵ و شێتەکانی ئاشکرا کرد، دواتر ژمارەیەك چەکدار کە جلوبەرگ و قژ و ریش و تەنانەت پێکەنین و تووڕەبوونەکانیشیان وەك یەك بوون، هەر یەکێکیان کچێکی هەڵبژارد، ئەگەر ژنێك چڵکن بووایە، شامپۆ و دیتۆڵیان دەدایە و دەیانگوت بڕۆ جوان خۆت بشۆ."



**مووروووە شینەکان قسە دەکەن**

مانگی تەمووزی٢٠١٥دیوانی بانگەواز و مزگەوتەکانی ڕێکخراوی داعش لە ولایەتی (البرکە) بڕیاری دا هەر کەسێك قورئان لەبەر بکات، سێ براوەی یەکەم "کەنیزەك" وەردەگرن.

هەموو ڕێگاکانی خەڵاتو بەخشین و پاداشتەکانی داعش دەچوونەوە سەر چارەنووسی کچانی وەك لەیلا.

دوای نوێژی نیوەڕۆ، پاسێك و ئۆتۆمبێلێکی ساردکردەوەیان هێنا و هەموو ژنەکانیان کردە نێوی.
لەیلا یەکێك بوو لەوانەی لەنێو ئۆتۆمبیلە ساردکردەوەکەدا بوو.
ڕێگاکە، دوور و درێژ و چەکدارێك وەك پاسەوان لەگەڵیان بووە.
ئۆتۆمبیلەکان بەنێو شنگالدا تێدەپەڕن و برینی لەیلا دەکولێننەوە کاتێك بە تەنیشت ماڵی باوکیدا ڕەتدەبن. ئەو کۆڵانەی بەرچنی هەموو تەمەنی منداڵی و یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانیەتی. ئەو شوێنەی دەیانجار بە جلە تۆزاوییەکانی بەری و بە قژی ئاڵۆسکاویەوە رایکردووە و باوەشی بە باوکیدا کردووە لەکاتی هاتنەوەی. ئێستا دەڵێی خۆڵەمێشی مردوو بەسەریدا کراوە.
"لەوکاتەدا، فڕۆکەکان بۆردومانی شنگالیان کرد، داوام لە خودا دەکرد مووشەکێك بە ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە بکەوێ و نەگەینە سووریا."



بەڵام خودا نزاكەی قبوڵ نەكرد "شەو بوو گەشتینە سووریا، بردیانین بۆ ژێرزەمینێك تەنیا گلۆپێكی كزی تێدابوو. لەوێ پاشماوەی زیندانییەكانی دیكە هەبوو، زانیمان كچی دیكەی ئێزیدی هەبوون لەوێ. لەوێ هەركەس كچێكی بۆ خۆی برد، لەناو ژوورەكە مووروووی شین هەبوون. داعش زۆر رقیان لە موورووە شینەكانی ئێمە بوو". دواتر لەیلا و ژمارەیەك لە ژنەكانی دیكە دەگوازنەوە بۆ ژوورێكی پیس و بۆگەن "ئاوی تەوالێتەكان بەسەرماندا دەهاتە خوارەوە، پاشان براینە نێو باخێك كە خزمەتگوزاریی باشی تێدابوو، پێدەچێ پێشتر ماڵی بەرپرسێكی سووری بووبێت. لەوێ شامپۆ و سابوونیان هێنا و گوتیان خۆتان بشۆن و ئامادەبن بۆ كەسێك چاوەڕێتان دەكات."




**لەگەڵ پزیشكێكی جوانكاری**

كڕیار و فرۆشیارەكە لەبەردەم نووسەری داد ئامادەبوون، ئەبوو مونعیم مولكی یەمینەكەی بە ١٥٠٠ دۆلار بە ئەبوو حازم فرۆشت و دەمودەست پارەكەی ژمارد. لە بەرامبەردا ئەبوو مونعیم ژنەكەی

رادەستی ئەبوو حازم کرد. هەریەك لە ئەبو تەیب و ئەبوو عیزەدینیش وەکو شاهید ئامادە بوون. لە نووسراوی دادگای شەرعی کەنیزەکەکاندا، دادنووسەکە هەموو وردەکارییەکانی باڵا و رەنگ و روخسار و تەنانەت رەنگی چاوەکانیش تۆمار دەکات. زۆرتر لەسەری ڕۆیشت و لەبیری نەکرد کە باسی هەڵسوکەوت و راددەی گوێڕایەڵییەکەشی بکات.

مۆبایلی هەر چەکدارێکی داعش، بۆ خۆی بازاڕی گەرمی سەودا و مامەڵەی کچان و ژنانی ئێزدی بوو. لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی واتس ئەپەوە، وێنەی لەیلا و هەردوو منداڵەکەی لەگەڵ نرخی فرۆشتنیان دانرابوو. ئەبوو حازم زۆر کەنیزەکی دیکەی بەو شێوەیە دەکڕی و دەیفرۆشتنەوە.

ئەو پیاوە سعودییەی بەهۆی کەنیزەکەکانەوە نەیدەتوانی هەموو مێشکی لەگەڵ خۆی بباتە سەنگەرەکانی شەڕ و هەر بەو هۆیەشەوە دەوڵەمەند ببوو.





پاشان ئەبوو ئەنەس، لەیلا و کچێکی دیکەی کڕییەوە و ڕۆژی دواتر دیسان فرۆشتنییەوە بە کەسێکی عێراقی خەڵکی مووسڵ بە ناوی سەیف. هەر لەو باڵەخانەیەدا، ئەبوو ئەنەس ڕۆیشت و سەیف هات "لەبەر ئەوەی من بەڕۆژوو نەدەبووم و نوێژیشم نەدەکرد، زۆر زۆر ئازاری دام، دواتر عەبدوڵڵا هاشمی، ئەو چەکدارە سعودییەی

جێگە و پێگەی خۆی هەبوو لە نێو داعشدا، لەڕێگای واتسئەپەوە بووە کڕیارم". گەیشتنی عەبدولڵا لە سعودیەوە بۆ شام، بۆ خۆی چیرۆکێکی جیاوازە.



عەبدولڵا، لە شەقامی پزیشکانی ریازی پایتەختی سعودیە نۆڕینگەی پزیشکی جوانکاری هەبوو. رۆژە بە هەڕمێنەکانی ئەو، بەرهەمی کارامەییەکەی بوون لەبوارەکەی خۆیدا. گەنجانی سعودی، لە زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتەوە بە گیرفانی پڕەوە خۆیان دەگەیاندە لای تاوەکو کۆتایی بە هەر نارێکییەك بهێنێ کە لە روخساریاندا هەبوو. بەڵام پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەلەفییە توندئاژۆکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بیرکردنەوەی ئەوی بە تەواوی گۆڕی.
عەبدولڵا هاشمی، کاتێك هەستی بەخۆی کرد، تەنانەت رقی لە پیشەکەشی دەبووەوە، هەر بۆیە خۆی گەیاندە شام و خزمەتی ئەو خەلافەتەی دەکرد کە یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەبوو هەموو جوانییەکانی روخسار لەژێر جلوبەرگێکی رەشەوە بشاردرێنەوە.

"من تەوبەم کردووە لە تاوانەکان و جارێکی دیکە هەڵەی وا ناکەمەوە" هاشمی وای بە لەیلا دەگوت.
ئەو تەنانەت لە لەیلای نەدەشاردەوە "لەپێناوی دەوڵەتی ئیسلامی، دەستم لە زۆر خزم و کەسوکاریشم هەڵگرت". بەڵام مامەڵەی ئەو لەگەڵ لەیلا و کەنیزەکەکانی دیکە، وای نیشان نەدەدا کە ئەو رۆژێك لە رۆژان پزیشك بووە و خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە: "چونکە زۆر شێتانە رەفتاری دەکرد، لەکاتی سێکسدا زۆر توند بوو، هەندێ جاریش بە زۆر قورئانی پێدەخوێندم ."
لەیلا، بەدەست پزیشکە تووڕە و بێحەوسەڵەکەی داعشەوە دەیناڵاند. بەڵام هێشتا سوپاسگوزاری ئەوە بوو کە منداڵەکان لە باوەشی هەڵنەکەندراون و دەتوانێ لەو دۆزەخەدا چاوی لێیان بێت.



**کەس ژنی دووگیان ناکڕێ**

لەناو کۆمەڵگەی ئێزیدیدا پەندێکی پێشینان هەیە کە دەڵێت: "لەسەر خاکی ئێمە، سەرەتا ژن لەخەو هەڵدەستن، دواتر ڕۆژ هەڵدێت، چونکە ئەوانەی ڕۆژ هەڵدێنن ژنانن". بەڵام ئێستا ئەو ژنانە لەماڵ نەماون تاوەکو بەیانیانێ خۆر هەڵبێنن. پێش ئەوەی لەیلا ببینم، لەگەڵ پیاوێکی ئێزدی دانیشتووم کە خۆی داوەتە بەر تیشکی هەتاو، ڕۆژگار چەماندوویەتییەوە و دووکەڵی تووتن، سمێڵە پڕ و سپییەکانی زەردباو کردووە. حیتۆ، باسی پێگە و پایەی ژن دەکات لە نێوئێزدییەکاندا. ئەو خۆرە درەوشاوانەی لە ئامۆژگارییەکانی شێخ ئادی و پێڕەوکارانی ئەو ئاینەدا زۆرتر پرشنگ وەردەگرن. لە حاڵی پەرێشانی حیتۆ وا تێدەگەم، ئەمڕۆ لەسەر ئەو خاکەی ئەوان، بەهۆی ژنان و کچانی لەدەستچووەوە ئەوەندە زام ڕواون، هێزی دەماودەمکردنی پەندەکانیان نەماوە.



عەبدوڵلاهاشمی دەیویست چێژی زۆرتر وەربگرێ و کەنیزەکەکەی بگۆڕێ. کارێك کە بووبووە نەریتی نێو داعشان.

لەیلای رادەستی چوار چەکداری داعش کرد و ئەوانیش لەگەڵ خۆیان بردیانە ماڵێکەوە.
ئارایشتیان پێکرد و جلوبەرگی سەرنجڕاکێشیان لەبەر کرد. چوار چەکدارەکە وەك ئەوەی چاویان لە بووکەڵەیەك بڕیبێ، بەردەوامبوون لە سەیرکردنی تاوەکو دواجار یەکێکیان کڕییەوە و پارەکەی دایە دەستی پزیشکەکە: "ئەویش لەگەڵ خۆی بردمییەوە بۆ ماڵەکەی. لەوێ دەستیگرت بە وێنەگرتنی خۆم و منداڵەکانم و بە واتس ئەپ دەینارد بۆ داعشەکانی دیکە، دوای شەش رۆژ کڕیارێك هات و منی فرۆشت بەو، ئەو پیاوەی کە ناوی ئەبوو حەمزە بوو."




ئەبوو حەمزە بازرگان بوو، بەڵام ئەو کاڵا و کەرەستانەی بازرگانی پێوەدەکردن مرۆڤ بوون. کچان و ژنانێك کە داعش بەهۆی ئاینەکەیانەوە رۆژی ٣ ئابی ٢٠١٤ پەلاماری شارۆچکە و گوندەکانی دان و پیاوەکانی کوشتن و زێڕ و کەلوپەلەکانی بەتاڵان

بردن و بۆ خۆشیان وەك دەستكەوتی جەنگ، كڕین و فرۆشتنیان پێوە دەكرا. كاتێك لەیلا لەگەڵ بازرگانەكە بەڕێدەكەوێ بەرەو ماڵەكەی، وای وێنا دەكرد پیاوێك پەلەیەتی بۆ ئەوەی زووتر بیگەیێنێتە ماڵەوە و لەگەڵی بخەوێ :"بەڵام كاتێك گەیشتینە ماڵەوە، بینیم ژمارەیەكی زۆر كچ و ژنی دیكەی ئێزدی لێبوون. ماڵێكی دەوڵەمەندانە و ژیانێكی شاهانە، بۆ خۆشی كەسێكی زۆر ناسراو بوو. هیچكام لەو ژن و كچانەم نەناسی، بەڵام تێگەیشتم ماڵەكەی ئەبوو حەمزە، نووسینگەی كڕین و فرۆشتن بوو. هەرلەوێش لەكاتی قسەكردنم لەگەڵ ژنەكان تێگەیشتم، تەنیا ڕێگایەك بۆ رزگاربوون لە كڕین و فرۆشتن بۆ ماوەی چەند مانگێك، دوو گیانییە."



شەوە بەژانهاتووەكانی لەیلا، دواییان نایەت. ژنێك كە ژیانی لەو سێ ساڵەی بندەستیدا دابەشبووە بەسەر هەڵهاتن لە چەرمەسەرییەك بۆ چەرمەسەرییەكی تر "چەند رۆژێك فرۆشرامە داعشێكی ئەمریكی،

شتێكی سەیرم تێبینی كردبوو، داعشە ئەمریكییەكان زۆر زوو لە كەنیزەك بێزار دەبوون و داوای كەنیزەكێكی دیكەیان دەكرد. ئەوان زۆر تاقەتی بۆڵەبۆڵیان نەبوو، دەیانویست كەنیزەكێك بە عاقڵی لە تەنیشتیانەوە بێت و خزمەتیان بكات و ئارەزووەكانیان بەجێبهێنێ، هەروەها حەزی زۆریشیان لەوە بوو كەنیزەك نوێ بكەنەوە، لێگەڕێ دواتر باسی ئەمریكیەكانت بۆ دەكەم". ئەوەندە كەم لەگەڵ ئەو داعشە ئەمریكییە ماوەتەوە، تەنانەت پێڕانەگەیشتووە بزانێ ناوی چییە.



**لیستی قەدەغەکراوەکان**

ئەو شێوازی پابەندبوونەی کە چەکدارانی داعشی دەبەستەوە بە هەڵسوکەوتە شەرعییەکانی ئیسلامەوە، بۆ خۆی مایەی تێڕامان و دەرخەری ئەوە بوو کە ئەوان شەرعیان لەگەڵ جیهانی خۆیان دەسازاند. چاوپۆشییان لە شەرع دەکرد کاتێك دەستبڵاویی زۆریان دەکرد لە ئەشکەنجەدان و خۆخاڵیکردنەوە و جووتبوونی زۆردارانەدا، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنانی دووگیاندا لە رێگا شەرعییەکان لایاننەدەدا و نزیکیان نەدەبوونەوە.



محەممەد ئەحمەد، یەکێك لەو چەکدارانەی داعش بوو کە دوای ئەوەی تێدەگات تێگەیشتنێکی هەڵە ئەوی گەیاندووەتە سووریا، هەلی هەڵهاتنی بۆ هەڵدەکەوێ و بە رۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی دەڵێ بەتەنیا دەستدرێژی کردووەتە سەر چوار کچی کوردی ئێزدی. سەرباری چەند تاوانێکی کوشتن. ئەو تەمەنی ٤٠ ساڵ بووە و ریشە درێژەکەی لەگەڵ خۆی بردبووەوە بەریتانیا :"داعش لە بری

مووچە، کچانی رفێنراوی کوردی ئێزدی پێشکەش دەکردین، ئەوان هەمیشە یان مووچەبوون، یان پاداشتی جەنگ و ئازایەتی بوون، یان ئەو سەبیانە بوون کە دەستکراوە بووین لە مامەڵەکردن لەگەڵیان، تەنانەت ئەگەر کچێك یان ژنێك لە فرمانی چەکدارانی داعش دەربچووایە، سزاکەی دارکاری بوو."



هەموو شتێك لە رەققە بۆ لەیلا نامۆ بوو. تەنانەت جەستەی تێکشکاوی خۆشی. ئەو رۆژەی دەرفەتی هەبوو بچێتە بازاڕ، خەڵکانێکی دەبینی وەك ئەوە وابوو هەر بە مۆنی لە دایك بووبن. ئەو کەلوپەل و خواردەمەنییانەی لەسەر عەرەبانەکان نمایش کرابوون، پێش کڕیارەکان مێش و مەگەز تێری لێدەخواردن. ئەو باڵاخانە داڕووخاوانەی، جەنگ مۆری وێرانکاریی لێدابوون و وەك ئەوە وابوو شەڕکەرەکان گرەویان کردبێ لەسەر ئەوەی وا وێرانی بکەن هەرگیز توانای هەستانەوەیان نەبێت "ئەگەر کەسێك بیویستایە هەڵبێت، یان بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە، وەك ئەوەبوو بەنێو کێڵگەی

مینرێژکراودا رابكات، چونكە شارەزای هیچ كوێیەك نەبووین، دوای بڕینی دوو كۆڵان دەستگیر دەكرایتەوە."
هەندێك لە كچەكان بەهۆی ئەو سووكایەتییە زۆرەی لەكاتی كڕین و فرۆشتنندا رووبەڕووی دەبوونەوە، بە تەواوەتی هەرەسیان هێنابوو. نموونەی زۆر هەن لەبارەی هەوڵەكانی خۆكوشتن . چیرۆكی كچێكی ئێزدی، كاتێك لە رەققە لەدەست چەكدارێك هەڵدێت و خۆی دەگەیێنێتە لای فرۆشیارێك بۆ ئەوەی بیباتە ماڵەوە و پارووییەك نانی پێبدات و لە كەلەبەرێكی ماڵەكەیدا بۆ دوو رۆژ بیشارێتەوە، بەڵام دوای چەند كاژێرێك دەستگیری دەكەنەوە. ئەو كچە پێشتر لە رێگای خواردنی ژمارەیەك حەبی دژە هەوكردنەوە هەوڵی خۆكوشتنی دابوو، بەڵام دیارە هێشتا مردن دوور بووە لەوەوە.
"كاتێك سەیری منداڵەكانم دەكرد، پەشیمان دەبوومەوە لەوەی خۆم بكوژم، لە پێناوی منداڵەكاندا دەبوو بمێنمەوە ."

**براكەم بۆ رزگاركردنی من بوو بە داعش**



"زۆربەی ئەو چەكدارانەی داوایان دەكرد خۆیان بتەقێننەوە، تونسی بوون"

لەیلا، لە سێیەمین ساڵی بندەستی نزیك دەبووەوە، لەژێر دەستی بازرگانێکی سعودیدا بوو، هەتا داعش فەتوای زۆرتری لەبارەی دەستکەوتەکانی جەنگ دەدا، سەروەتەکەی ئەم گەورەتر دەبوو.

ڕۆژانە، چەکدارانی سەر بە ئیتنیك و نەتەوەی جیاواز ڕوویان دەکردە ماڵەکەی ئەبوو حەمزە بۆ ئەوەی کەنیزەکی تازە بکڕن. لەیلا دەڵێت: "هەندێك لەوان بە هەموو کەس ڕازی نەدەبوون، دەهاتن و دەیانگوت جارێکی دیکە دێینەوە، بەڵام بازرگانێك منی هەڵبژارد و لەگەڵ خۆی بردمی ."

پیاوێك هێندەی دەوڵەمەندییەکەی دڵڕەق بوو. لەیلا لەو ٨ مانگەی لەگەڵ ئەو بازرگانە بوو، دەستی دابووە سەرکێشی و شەڕی خۆکوژی "ئەو هەرچی داواکردبا من بە پێچەوانەوە دەمکرد، ئیدی بێزار بووم لە سووکایەتی و کۆیلایەتی"، بەڵام ئەو سەرکێشییە هەموو جارێك لێدان و فەلاقەی بەدواوە بوو.



بازرگانە سعودییەکە، لە نێوان شارەکانی بندەستی داعشدا بازرگانی خواردەمەنی دەکرد و پارەیەکی زۆری پێکەوە نابوو. ئەوەش بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەوەی زۆر بەکەمی بچێتە بەرەکانی شەڕ.

ئێواران بە ڕوخسارێکی گرژ و مۆنەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە و هەندێکجاریش لە تووڕەییدا بەرپێی خۆی نەدەبینی.
زۆربەی ئەوانەی لەیلایان کڕیوەتەوە، توندوتیژی و بێڕەحمی خاڵی هاوبەشیان بووە. "زۆر بێزارکەر بوو.. ئەوان گوێیان بەوە نەدەدا تەمەن ڕێگەیان دەدات یان نا، دەیانویست جیهان خوێناوی بکەن.. جارێك لاپتۆپەکەی فڕێ دایە کۆشمەوە و گوتی وانەیەکی نوێ فێر بە، وانە نوێیەکەش ڤیدیۆی سەربڕین و دەست و پێ قرتاندن بوو."



لەیلا دەڵێت ئێستا هەموو هەستەکانی مردوون. ژیان لە شارێکدا کە هەموو باس و خواسەکانی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ و شێوازەکانی سەربڕین و ئەشکەنجەدان بێت، دەبێ هەستی مرۆڤ چۆن زیندوو بمێنێ؟
"سەرەتا ئەوەندە سەیری ئەو وێنانەم کردبوو، هەموو ئێوارانێك دەڕشامەوە و دڵم بێهێز دەبوو. تاوانەکان ئەوەندە قێزەون بوون، نازانم چیت بۆ باس بکەم. کەللەسەری بڕدراو و دەست و قاچ وگوێی بڕدراو.

کەسانێك زەلیلانە خرابوونە سەرچۆك و چەقۆیان بەملدا دەهێنرا."
یەکێ لەو پارچە ڤیدیۆیانەی سەیری کردووە و تاساندوویەتی، ڤیدیۆی چەکدارێکی پاکستانی بووە کە ماوەیەك لەیلا لەلای ئەو بووە. چەکدارەکە سەرقاڵی سەرپەڕاندنی کەسێکی جلوبەرگ پرتەقاڵی بوو. دیمەنەکە ئەو شەوە لەیلای زۆر گریاند. ئەو کەڵلەسەرەی پێدەچوو سەتان خۆزگە و خەونی وەدینەهاتووی تێدابن. بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ لەوکاتەی چەقۆکە خراوەتە سەر گەردنی، چاوەکانی چۆن ماڵئاواییان لە دنیا کردبێ؟



**لەیلا گریابوو، بەڵام لەنێو خەلافەتێکی ئاوا بێبەزەییدا، فرمێسك ڕشتن چ سوودێکی هەیە؟**

**داعش نازی کێی هەڵدەگرت؟**

کڕیارەکە وەك هەر کڕیارێکی دیکە، پاش ماوەیەك لەیلای فرۆشتەوە بە ئەبوو حەمزە "ئەبوو حەمزە، پیاوێك بوو هەرگیز نەمبینیوە بچێت بۆ شەڕ. بەڵام بەردەوام قسەی بۆ چەکدارەکان دەکرد و باسی بەهەشت و فریشتەکانی بۆ دەکردن. کار و پیشەی سەرەکی ئەو تەنیا کڕین و فرۆشتنی ئێمە بوو. بەڵام نا، من هەستم کردبوو بۆیە نەیاندەبرد بۆ شەڕ، چونکە زۆر ترسنۆك بوو، بەڵام هەر دەیانویست، چونکە کەسێکی دەوڵەمەند بوو."




ئەو ساڵانە لەیلا سەرباری مەینەتییەکانی خۆی، تێبینی کردبوو کەسانێك هەبوون لەنێو داعشدا زۆر بەناز بوون. کەسانێك کە

پسپۆڕییەكانیان بۆ داعش و نەشونماكردنی خەلافەتە تازە سەرپێ كەوتووەكە گرنگ بوون :"داعش پسپۆڕییەكانی جیاكردبوونەوە، كەسانێك كە لە بواری بەرنامەكانی كۆمپیوتەر و ئایتیدا زیرەك بوون، یان ئەوانەی پزیشك بوون، داعش ئەوانەی نەدەبردە بەرەكانی جەنگ و دەیهێشتنەوە، تەنانەت لەلایەن داعش و ئەمیرەكانیشەوە زۆر خزمەت دەكران و پێداوستییەكانیان بۆ جێبەجێ دەكردن. من دەمبینی كە ئەوان تەواوی كەلوپەل و پێداویستی نێوماڵیشیان بۆ دابین دەكرا."



تونسییەكانیش هەروا بەنازترینی نێو چەكدارانی داعش بوون. ئەمیرە تونسییەكان بوێریی ئەوەیان هەبوو یاسا و ڕێساكانی داعش بە شێوەیەك دابڕێژنەوە كە خۆیان دەیانویست، ئەویش بەهۆی ئامادەیی زۆری ئەوان لە بەرەكانی شەڕ :"زۆرترین ئەو چەكدارانەش كە داواكارییان پێشكەش دەكرد بۆ خۆتەقاندنەوە، لەنێو تونسییەكان بوون، هەر ئەوە وایكردبوو داعش چاوپۆشی لە سەرپێچییەكانیان بكات و سزایان نەدات."

جارێکی دیکە، ئەبوو حەمزە لەیلای فرۆشتەوە و کڕیارەکەی ئەمجارە ئەبوو ئەنەسی حەلەبی بوو. ئەو پیاوە عێراقییەی بەهۆی ئەوەی لە حەلەب دەژیا، دەیویست پاشگرێکی حەلەبی هەڵبگرێ. لەیلا هەستی کردبوو کە ئەو پیاوە چیرۆکێکی هەیە.

لەیلا: تۆ بۆچی بوویتە داعش؟
ئەبوو ئەنەس: (بەبێ ئەوەی باسی بکات بەهۆی چی دەستگیرکراوە) ئەمریکییەکان دەستگیریان کردم.
لەیلا : ئێ؟
ئەبوو ئەنەس: من لە زیندانی ئەمریکییەکان بەشێوەیەك ئەشکەنجە دراوم، هەرگیز ناتوانم باسی بکەم. زۆر دڕندانە و بەئازار بوو.
لەیلا: واتە بەو شێوەیەی من ئەشکەنجە دەدەی، ئەشکەنجە دەدرای؟
ئەبوو ئەنەس: بەڵێ. زۆربەی ئەوانەی تۆیان کڕیوەتەوە، دەیانناسم و پێشتر لە زیندانی ئەمریکییەکاندا بوون.




دیسانەوە پیاوێکی سعودی کڕییەوە. پیاوێك کە لەیلا زۆرتر باسی بۆنە ناخۆشەکەی جەستەی دەکات "سعودییەکان زۆربەیان چڵکن و بۆنیان ناخۆش بوو. ئەوان بۆ داپۆشینی بۆنە ناخۆشەکەی جەستەیان، بۆنێکیان لە خۆیان دەدا لە بۆنی چڵکەکەیان ناخۆشتر بوو، دوای

مانگێك كابرای سعودی منی فرۆشت بە پیاوێكی ئەمریكی، پیاوێك كە بە عەرەبییەكی شڕ قسەی دەكرد ."

كڕینەوەی لەیلا لەلایەن ئەمریكییەكەوە كەمێك جیاواز بوو. لە دادگای كەنیزەكەكان شاهێدی نێوانیان هەر چەكدارێكی دیكەی ئەمریكی بوو. ئەمریكییەكە، لە ڕێگای تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە ڕێگەی كەوتبووە شام. بە عەرەبی لە لەیلای پرسی "هل تریدین شیئا؟" لەیلا زۆر بەو پرسیارە پێكەنی و ئەوەش وایكرد بە خێرایی بێزار ببێ "ئەمریكییەكان زۆر حەزیان بە گۆڕینی كەنیزەك بوو، دوای ٥ ڕۆژ تاقەتی لە من نەما و فرۆشتمی."




بەڵام فرۆشتنێكی زیرەكانە، چونكە ئەوی دا بە پیاوێكی دەوڵەمەندی ئیماراتی، بە دوو هێندەی ئەو پارەیەی لەیلای پێ كڕیبوو. پیاوێكی ئێسك قورس و تووڕە و شەڕانی "بە خراپترین شێوە سزای دەدام و دواتر كە دەیویست لەگەڵم بخەوێ، بە پارچەیەك زێڕ ئاشتی دەكردمەوە ."

ئەو ماوەیەی لای چەكدارە ئیماراتییەكە مایەوە، ڕۆژێك دەرفەتی ئەوەی هەبوو بڕواتە بازاڕ و پارچە زێڕەكەی دەستی بفرۆشێت و بیداتە مۆبایلێك. ئەو مۆبایلەی لەیەك كاتدا فریادڕەس و بەڵایەكی

سەرخۆرەش بوو. ئیدی پرسیارێك بەردەوام بە مێشکی لەیلادا دەهات و دەچوو، چۆن پەیوەندییەك بە براکەیەوە بکات؟ پەیوەندییەکەکراو وشەکان بەگریان و ترسێکی زۆرەوە گۆڕدرانەوە. چەند پەیوەندییەکی دیکە لە رۆژانی دواییدا ئاڵوگۆڕکران، تاوەکو رۆژێك براکەی بە لەیلا دەڵێ: "پلانێکی باشم هەیە بۆ رزگارکردنت."



## براکەم خۆی کرد بە داعش

"بۆ ئەوەی پلانی براکەم تێکنەچێت، دەبوو مۆبایلەکەم بپارێزم و هەوڵیش بدەم لای پیاوە ئیماراتییەکە بمێنمەوە، چونکە براکەم ریشی هێشتبووەوە و جلوبەرگی چەکدارانی داعشی پەیداکردبوو، زۆری نەبرد خۆی گەیاندە رەققە. دەیویست دوای ماوەیەك مانەوە، وەك چەکدارێکی داعش کە بیەوێت کەنیزەکێك بکڕێت، بێتە لای پیاوە ئیماراتییەکە و من بکڕێتەوە، ئەو ماوەیە بەردەوام پەیوەندیمان بەیەکەوە هەبوو بۆ ئەوەی بزانم پلانەکە وەك پێویست

بەڕێوەدەچێت ."
ئەو خۆپارێزییە لەپێناو ئەوەی ریسی براکەی نەبێتەوە بە خوری، سەرسووکی بۆ چەکدارە ئیماراتییەکەش دروستکردبوو، چونکە ئیدی لەیلا کەنیزەکە یاخی و سەرەڕۆیەکە نەبوو.



دوای ئەو نەهامەتییەی بە دەستی چەکدارانی داعش بەسەر ئێزیدییەکان هات، بۆ یەکەمجار بابا شێخ، شێخ خەرتۆ حاجی ئیسماعیل کە مەرجەعی ئایینیئێزدییەکانە لە جیهاندا، فەتوایەکی دەرکرد و تێیدا رایگەیاند، پێویستە هەمووئێزدییەکان پێشوازی لەو ژن و کچانە بکەن کە لای داعش دیل بوون و ئازاد دەکرێن "بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن وەك ئەوەی هیچ ڕوویندابێت، چونکە ئەوەی ڕوویداوە لە دەرەوەی ویستی خۆیان بووە."
لە دوای ئەو فەتوایە، بەشێکی زۆری ئێزدییەکان جارێکی دیکە کچ و ژنەکانیان کە لە دەستی داعش رزگاریان دەبوو، دەیانگرتنەوە خۆیان، بەڵام هەندێکی دیکەیان، سەرەڕای فەتواکە ئامادە نەبوون پێشوازییان لێ بکەن، بابا شێخ ئەو کەسانەی بە "نەزان" ناوبرد.
ئێزیدییەکان لە مێژووی خۆیاندا ڕووبەڕووی ٧٤ کۆمەڵکوژی بوونەتەوە کە خۆیان بە "فەرمان" ناوی دەبەن، لە یەکێك لەو

فەرمانانەدا کە پێش ١٥٠ ساڵ بووە، زیاتر لە هەزار و ٢٠٠ کچی ئێزدی بە دیل گیران و بەسەر ئەمیرەکانی عوسمانی و فەرماندەی سوپاکەیاندا دابەشکران، بابا شێخ دەڵێت، ئەگەر لەو سەردەمەدا مەرجەعە دینییەکانی ئێزدییەکان دەنگیان بگەیشتایە بەو خەڵکە، ئەوا فەتوایەکی هاوشێوەیان دەردەکرد.



یەکێك لە ڕۆژە هەتاوییەکانی ئاداری ٢٠١٧ براکەی بە لەیلای گوت، نەخشەکە بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێ دەڕواتە پێشەوە و پەیوەندی بە پیاوە ئیماراتییەکەوە کردووە بۆ ئەوەی تۆ بە من بفرۆشێت، دەبێت کاتێك یەکدی دەبینین، بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و هیچ بایەخ بە من نەدەیت، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین.

## پێنج هەزار دۆلاری ساختە

پیاوە ئیماراتییەکە بە لەیلای گوت، خۆی بپێچێتەوە بۆ ئەوەی بیفرۆشێتە چەکدارێکی دیکەی داعش. ئەوە یەکەمین فرۆشتنە کە لەیلا نەك حەزی پێدەکات، بەڵکو چرکەی بۆ دەژمێرێ. ئەو ساتی بەیەکگەیشتنەوەیە هات.. چەند بەیەکگەیشتنێکی سەختە بۆ خوشك و برایەك کە نازانن چۆن بورکانی تووڕەیی و گریانی ساڵانی دووری

لەناخەوە سەرکوت بکەن. لەیلا ئەی خوشکی هەزار جار بریندار ی من، ئەوە تۆیت؟



بۆ ئەوەی پیاوە ئیماراتییەکە گومان نەکات، لەیلا ڕەتیکردەوە بچێتە لای کڕیارە نوێیەکە و گوتی لای تۆ دەمێنمەوە، بەڵام ئیماراتییەکە بە توورەیی گوتی: ئەوە تۆ نیت کە بڕیار دەدەی "لێشی پرسیم باشە ئەگەر حەزت لێنییە بچیتە لای ئەو، پیاوێکی مەغریبی هەیە و دەتدەمە ئەو، زۆر ترسام و گوتم نا، دەچمە لای ئەم."
براکەی لەیلا دەستیکرد بە گیرفانیدا و بەستەیەك دۆلاری دەرهێنا و دەستی بە ژماردن کرد. ٥ هەزار دۆلاری جیاکردەوە و دایە فرۆشیارەکە. لەیلا، لەوکاتەدا کسپە لە دڵییەوە دەهات کە ماڵی باوکی دەبێت بە چ ژان و سۆیەك ئەو هەموو پارەیان پەیداکردبێ بۆ کڕینەوەی ئەو، بێئاگابووە لەوەی براکەی دۆلاری ساختەی لەگەڵ خۆی هێناوە: "گرێبەستی هاوسەرگیری کەنیزەکایەتییان لەگەڵ براکەم بۆ کردم و شاهیدیان هێنا، بەبراکەمیان گوت، کەنیزەکێکی گوێڕایەڵت کڕیوە و کاتێکی خۆشی لەگەڵ ببەیتە سەر". براکەی زەردەخەنەیەك دەکات کە تەنیا لەیلا و خودای ئەوان لێی تێدەگەیشتن .

لەیلا سەری سوڕمابوو لە هەڵسوکەوتی براکەی :"ناوێکی داعشانەی بۆ خۆی دانابوو، وەکو داعشەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنانەت جوڵەی دەست و پەنجەکانیشی وەك ئەوان بوو."
ئیدی کات بەفیڕۆدان وەك نزیکبوونەوە لە دەمی چەقۆی داعش وابوو. دەبوو لەیلا و براکەی بەخێرایی لە ڕەققە دەربچن: "نزیکەی سێ ڕۆژ بەپێ ڕۆیشتین، تەواو شەکەت بووبووین، پێیەکانم بەدوامدا نەدەهاتن. پێڵاوەکانمان بنیان پێوە نەما، قاچەکانمان خوێناوی ببوون."



ئەوان دوو جار لە یاساکانی داعش لایاندابوو، هەم براکەی فێڵی کردبوو، هەم دراوی ساختەی هێنابووە نێو داعش. هەر بۆیە ئەگەر دەستگیرکرابان، ملپەڕاندنیان مسۆگەر بوو. هەر بۆیە کاتێك لە جێگایەکەوە دەگەیشتنە جێگایەکی دیکە، براکەی ناوی خۆی دەگۆڕی. ئازادی شیرینترین دەستکەوتی ژیانە، بەڵام ڕێگاکانی تاڵ و کەمەرشکێنن. ڕێگاکە ترسناك بوو بەهۆی هاتن و چوونی ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییانەی داعش کە بۆ شەڕگەکان دەچوون و دەهاتنەوە. بەڵام ئەوە هاوکات ڕێگای سەربەستیش بوو بۆ لەیلا.

ئەوان دواجار دەرباز بوون و لەیلا دوای ٣٣ مانگ لە دیلی، باوەشی بە ئازادیدا کردەوە.



لە ناوەڕاستی مانگی ١٠ ساڵی ٢٠١٨، چەند کەسێك لە ئێزدییەکان بە فڕۆکەیەك گەیشتنە شاری بۆمبای لە هیندستان. لە نێو هۆڵێکی گەورە و پڕ لە خەڵکانێك کە هەریەکە و جۆرە جلوبەرگێکی پۆشیبوو، زۆربەی چاوەکان لەسەر روخساری ژنێك نیشتبوونەوە کە روخسارێکی مەلوول و خەمبار بوو. دواتر ئەو ژنە داوای لێکرا قسەیەك بۆ ئامادەبووان بکات: "من ناوم لەیلایە... ١٩ کەسمان بە دەستی داعش دەستگیرکران، ١٠ کەسیان بە هەوڵی سەرۆك وەزیرانی کوردستان ئازاد کران، چیرۆکی من، چیرۆکی مەینەتی و داماویی هەرئێزدییەکە..." لەیلا، سەنگینانە و کورت قسەی دەکرد. هەر وشەیەك گوزارشتی لە خەرمانێك رۆژ و شەوی بە ئازار و جەرگبڕ دەکرد. بەژێر رێژنەی چەپڵەڕێزانی گەرمدا، رۆیشت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی دایکە تێریزا.

لەیلا، هەر لەسەر شانۆی ئەو ڕۆژە شکۆدارە، ڕستەیەکی دیکەی هەیە: "وێ زولمێ، ب عالەم بگەهینن ."
ئێستا من پێویستم بەوە نییە لەیلا پێمبڵێ بۆچی چاوەکانی لەسەر بنمیچی دیوارە ماندووەکە ڕەاون و بە نیگا بێدەنگەکانی ئەو وێنەیە دەدوێنێ. وێنەکە پارچەیەك بوو لە ڕۆحی هەزار جار گلاراوی ئەو و کوشتیان. ئێستا چیرۆکی تۆ ئاشنایە لەیلا؟ حەزی لەوەیە بڵێ بەڵێ، بەڵام خێمە شڕەکان کە بەدەم بای ساردی زستانەوە زەلیل بوون، ڕێگەی پێنادەن بۆ چەند خولەکێکی کەمیش گەشبین بێت.







**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

**خێزانی حسێن عەلی دەقو**

هەڵاتن لە دۆزەخی داعش، لە کاتی ڕاکردنیان لە ترسی مردنێکی ڕاستەقینە بە دەست تیرۆرستانی داعشەوە، لە چیای شنگال بەرەو ناوچە ئارامەکانی کوردستان، ئەو خانمە دەسمال سپییە هەمان ئەو پوشاکەی ئەوکات لەبەری بووە، (هەروەك لە وێنەکەدا دیارە).

## (٢)

## داعشێکی ئەمەریکی دەستدرێژی کردووەتە سەرم



ژنێکی کوردی ئێزیدی بەسەرهاتی خۆی لەوکاتەی لای چەکدارانی داعش دیل بووە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" کەنیزەکی یەکێک لە چەکدارانی داعش بووە کە ئەمەریکی بووە ، ئەو ژنە ئێستا لە ئەمریکایە بۆ سکاڵاکردن".

بازی ناوی خوازراوی ئەو ژنە ٢٠ ساڵە ئێزیدییەیە کە ئێستا گەیشتووەتە ئەمریکا بۆ سکاڵاکردن لە کۆنگرێس لەسەر ئەو دەستدرێژییە سێکسیانەی کە لەلایەن داعشێکی ئەمریکییەوە بە ناوی ئەبو عەبدوڵڵا ئەمریکی کراوەتە سەری.

ئەو ژنە دەڵێت کە" ژیانی نەهامەتی لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە لە مانگی ٨ ی ٢٠١٤ داعش هێرشیکردووەتە سەر شنگال و ئەوانیان بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە داوە، پاشان ئەویان لەگەڵ دە کچی دیکە گواستووەتەوە بۆ شاری رەققە لە سووریا و وەک کچ و ژنی

کەنیزەک فرۆشراون بە مەزادێکی بەرز، دواتر ئەو دراوە بە ئەمیرێکی داعش بەناوی ئەبو عەبدوڵڵا". ئەبوعەبدوڵڵا کە داعشێکی ئەمەریکییە و یەکێکە لەو سەدان ئەمەریکییەی کە چوونەتە ناو گرووپە توندڕەوەکان لە سووریا و عێراق .

ئەو ژنە دەگێڕێتەوە کە ئەو چەکدارە ئەمریکییەی داعش مامۆستا بووە لە ئەمریکا و ئێستاش ژن و دوو منداڵی هەیە کەلە ئەمەریکا بەجێماون و ئارەزوو دەکات ڕۆژێک بگەڕێتەوە بۆ سەردانییان، وەک باسیدەکات پیاوێکی زۆر سپی بووە و ریش و قژێکی رەشی هەبووە".



ژنە ئێزیدیەکە باسی ئەوەش دەکات کە"عەبدوڵڵا پێش و پاش دەستدرێژییەکان نوێژی دەکرد تاوەکو پاکببێتەوە لە کردەوەکانی"، ژنەکە دەڵێت " پێش ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەرم نوێژی دەکرد بۆ ماوەی ١٥ خولەک بۆ نیو کاتژمێر، پاشان کاتێک کات دەگەیشتە

کاتژمێر۲بۆ ۳ی درەنگانی شەو دەستدرێژی دەکردەوە سەرم، پاشان دەچوو خۆی دەشۆری و دواتر دووبارە نوێژی دەکردەوە."
بازی وەک خۆی باسی دەکات، توانیویەتی پارێزگاری لە ژنێکی دیکە بکات بەوەی کە داوای لە ئەبوعەبدوڵلا کردووە دەستدرێژی نەکاتەسەر ئەو ژنە و بیپارێزی وەک خزمەتگوزارێک لەلای خۆی بیهێڵێتەوە، بازی پێی گوتووە" ئەوە لەبەر من بکە، تۆ دەتوانی منت هەبێت، تکایە ئازاری ئەو مەدە و هیچ لەو مەکە، بیپارێزە وەک خزمەتگوزاری خۆت".
بەگوتەی ئەو ژنە ئێزیدییە، ئەبو عەبدوڵلا دەیتوانی ئەو ژنە لای خۆی بهێڵێتەوە چونکە ئەو شێخ و ئەمیر بووە و دەیتوانی لای خۆی بیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست کەسانی دیکە.
ئەو ژنە کوردەی ئێزیدی توانیویەتی رزگاری بێت لەدەس چەکدارانی داعش و پاشان لەلایەن گرووپی مافەکانی مرۆڤ دەبرێت بۆ ئەمریکا و ئێستا لە ئەمریکایە بۆ سکاڵاکردن لەسەر ئەبو عەبدوڵلا.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

**کوری عباس قاسم**

ئافرەتێکی رزگاربووی ژێر دەستی داعش، دوای ئەوەی لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە و دەستدرێژی کراوەتە سەر، دواتر خۆی رزگار دەکات و لە کاتی رزگاربوونی ئەم جل وبەرگانەی لە بەر بووە.

# (٣)

# رزگاربوویەکی دەستی داعش بە دەستنووسی خۆی باس لە مەرگەساتی ژیانی لای داعش دەکات



رزگاربوو (هـ . م . خ) بە خەتنووسی خۆی باس لە سەفەرە مەرگەساتەکەی لای داعش دەکات: لە دواناوەندی کۆچۆ بووین_ بە هۆی قەرەباڵغی نهۆمی سەرەوە من لە نهۆمی خوارەوە بووم کاتێ پیاوەکانیان بە ئۆتۆمبێل برد و دواتر گوێم لە دەنگی تەقە بوو لێیانم پرسی وتیان دەستریژی گوڵلە لە سەگ دەکەین، دواتر گواستینیانەوە بۆ نووسینگەیەک لە سۆلاخ، جیایانکردینەوە من لەگەڵ ژنەکان بووم لە نهۆمی سەرەوە، کاتژمێر (١١)ی شەو کچەکانیان گواستەوە بۆ موسڵ بەڵام ژنەکانیان لە حەدیقەکە هێشت، بۆ ڕۆژی دووەم کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ژنە بەتەمەنەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە ژمارەیان نزیکەی (٨٠) ژن بوون کە بەتەمەن و پیر بوون، جارێکیتر گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، پێمان گوتن ئەم تەقانە چین؟

ژنە بەتەمەنەکانتان کوشت؟ وەڵامیان نەدایەوە، فیعلەن کوشتیانن، هەتا ئێستا چارەنووسیان نادیارە، چونکە هەموو ژنە بەتەمەنەکان لە گوندی کەسر میحراب و قزل قیو و گەرەکی خەزران لە تەلەعفەر، بەڵام ژنەکانی ئێمە لەو کاتەوە چارەنووسیان دیار نییە. لە داعشێکی سعودی چارەنووسی پیاوەکانمان لە قوتابخانەکە پرسی وتی سوێند بە خوا هەموویانمان کوشت و ئێوەش هەر ئەبێت ببنە موسوڵمان و ئێمەش زەواجتان لەگەڵ ئەکەین پیاوە کافرەکانتان کە کوشتویانمان لە مێشکتان دەریان بهێنن، وەڵامیم دایەوەو وتم: ئێمە زمانی عەرەبی نازانین و لە شێوە و دەموچاوە ریشنەکەتان دەترسین.




دواتر گواستینیانەوە بۆ قوتابخانەیەک لە قەزای تەلەعفەر، قوتابخانەکە پڕ بوو لە ئێزیدیەکان و دواتر گواستینیانەوە بۆ کەسرلمحراب کە کوڕی مامانی لێ بوو لە یەکەم ڕۆژی گرتنی شنگالەوە دەستبەسەر کرابوو، پاشان بردیانین بۆ موسڵ بۆ قاعەی کلاکسیکی لە دارستانەکانی موسڵ و گواستینیانەوە بۆ بێستانێک لە رەقە (٢٠) ڕۆژ ماینەوە. ئەمیرەکەیان هات و ناویان نووسین لەگەڵ

ژمارەی منداڵەکان و ناونیشان، دواتر فڕۆکەکان بۆردوومانی بێستانەکەیان کرد گواستینیانەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەوڵەت لە شار، ئێمەیان کردە ژێر زەمینەکەیەوە( شەش ژن و منداڵەکانمان بووین) پاسەوانەکە ڕۆژی یەک جار یان دوو جار دەهات تەماتە و خەیاری لە ناو عەلاگەیەک لە ژێر دەرگای ژێر زەمینەکە دادەنا و دەرۆشت، بە هۆی بانگدانەوە کاتەکانمان دەزانی چونکە گلۆپ و پەنجەرەی نەبوو، دەگریاین و هیچ سودی نەبوو، کێشەی سەرەکیمان پیسی ناو سەردابەکە بوو کە پێشتر کەسانی تری تێدا بووە و رشاونەتەوە و دوای ئەوان شوێنەکە پاک نەکراوەتەوە و توالێتەکە هیچ ئاوێکی تێدا نەبوو و زۆرجار خراپ ببوو منداڵەکان لە کاتی پێویست لە تەنیشتی دادەنیشتن، پاسەوانەکە بە هۆی ئەو بۆنە پیسە نەیدەتوانی دەرگاکە بکاتەوە ئەی حاڵی ئێمە چی شەو و ڕۆژ لەوێ بووین، ڕۆژێکیان داوامان لێی کرد کە دەبە پلاستیکە (٢) لیترییەکانمان بۆ پر بکات لە ئاو، سۆندەیەکی بۆ درێژ کردین بۆ ناو ژێر زەمینەکە، کە دەبەکانمان پڕ بوون سۆندەکەی رانەکێشاوە ژێر زەمینەکە پڕبوو لە ئاو، بۆنی پیسییە کۆنەکان هەمووی هات بۆمان، ئای چ ژیانێکی نالەبار و تاوانێک بوو دژ بە ژن و منداڵەکان.



پاسەوانەکە هەموو کات لەوێ نەبوو؛ کاتەکانی هاتنیمان ئەزانی, بۆیە ئێمەی ژنان هەوڵمان دا لەو بلۆکە بدەین کە لە پەنجەرەکەیە, دوای سێ ڕۆژ توانیمان بیجوڵێنین و لایبەین, منداڵێکمان لابوو زەعیف بوو لەو کونەوە دامانگرتە دەرەوەی ژێر زەمینەکە, پێیمان وت بە دوای ئامێرێك بگەڕێ کە پەنجەرە پلاستیکییەکەی پێ بشکێنین, کۆمەڵێ ئامێری هێنا وەک( دەرنەفیز و پارچە ئاسنی جیاواز) دوای سێ کاتژمێر هەوڵدان بە بەردەوامی توانیمان پەنجەرەکە بشکێنین و دەرچین, دەرچوین و چوینە جادە و بڵاو بووینەوە بۆ ماڵەکان, من چومە ماڵێک دوای ئەوەی کە چیرۆکەکەمیان زانی بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لایان مامەوە لەم ماوەیە پەیوەندیم بە کەسە نزیکەکانمەوە کرد لە دهۆک و رزگارم بوو.
بەڵام ئەوەی کە ئازارم دەدات بێ سەر و شوێن بوونی مێردەکەم و خوشکەکانی و هەموو قوربانیانی خەڵکی کۆچۆیە, با هەموو جیهان بزانێ کچە ئێزیدییەکانی لای داعش لە خراپترین بارودۆخ هەریەکەیان چیرۆکێکی جیاواز و کاریگەری هەیە هەموو ڕۆژ ڕووبەڕووی دەستدرێژی و فرۆشتن و کڕین و لێدان دەبنەوە, وەکو شتومەک مامەڵەیان پێوە دەکرێ دەفرۆشرێن و دەکردرێن لە بازارەکان...







**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

## حنيفه محو احمد

یەکێك لەو ئافرەتانەیە کە لە کاتی ڕاکردنی بەرەو چیای شنگال و گەیشتنی بە ناوچە ئارامەکانی کوردستان، هەمان ئەو دەسماڵەی فرمێسکەکانی پێ دەسری و منداڵەکەی لە باوەشەوەیە. ( هەروەك لە وێنەکەدا دیارە - دەستە ڕاست).

# (٤)
# هەنجیری ئەسمەری چیای شەنگال



“س” کچێکی ئەسمەری چاورەشی خەلکی تەلئەلبەناتە لەناوچەی شەنگال، لەکاتی پەلامارە بەربەریەکەی دەولەتی ئیسلامی خویندکاری پۆلی هەشت ئەبیت، “س” لەژێر چادریکی سپیدا بەدەم هەلڕشتنی فرمیسك و هەڵکیشانی حەسرەت و ئاهەوە دەستیکرد بە گێرانەوەی بەسەرهات و نەهامەتیەکانی و وتی:” بەرەبەیانی ٣-٨-٢٠١٤ کاتی بەخەبەر هاتین هەموو دەوروبەر و دراوسیکانمان شڵەژابون هەرکەسیك هەولی راکردن و خۆقوتارکردنی ئەدا، خەلکی گوند ئەیانوت شەنگال گیراوەو چەتەو پیاوکوژەکانی داعش و هۆزەعەرەبەکان بەرەو لای ئێمە دێن و ئەبیت خۆمان دەرباز بکەین، ئەو خیزانانەی ئۆتومبیلیان هەبوو شانسیان باشتر بو بۆ

هەڵهاتن، بەڵام ئێمە بە پیادە بەرێکەوتین، لەریگەی هەڵهاتنمان پیاویکی عەرەب کەباوکمی ئەناسی هاتە ڕێگەمان و پێی وتین بۆکوێ ئەرۆن بگەڕێنەوە بۆ ماڵ و حاڵی خۆتان، ئەو پیاوە خەڵکی گوندی تەل قەساب بوو ئاڵایەکی رەش و سپی داعشی کردبوو بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە پیش ئەوەی لەئێمە تێپەر بێت وتی هەمووتان ئەگەڕێننەوە بۆ سەر ماڵ و حالی خۆتان ئەوان زۆر باشن ئازاری کەس نادەن تەنها پارچە پەرۆیەکی سپی بگرن بەدەستانەوە ئیتر سەلامەت ئەبن و هیچ خەمتان نەبیت ! "



"س" و خیزانەکەی لەگەڵ چەندین خیزان و کەسی دیکەدا لەناو ترس و شەکەت بوون هیلاکیەکی زۆر لەسەر رێگایەکی سەرەکیدا چاوەروانی هات و نەهاتیان کردبو، تاگەیشتنی قافلەی ئۆتۆمبیلەکانی دەولەتی ئیسلامی. "س" وتی " دوای کاتژمێرێك وەستانمان لەسەر ئەو رێگایە چەندین ئۆتۆمبیلی داعش گەیشتنە لامان و هەر لەگەڵ گەیشتنیان دەستیان کرد بەکوشتن و لێدان و فەلاقەکردنی پیاو و

گەنجەکان ئەوکاتە تێگەیشتین توشی چ بەڵاو فریودانێك بووین لەلایەن ئەو ناسراوەی باوکمەوە ".



"س" بەدەم گریان و لەرزینەوە بەردەوام بوو لە گێرانەوەو وتی " دوای دەستگیرکردنمان گوێزانیانەوە بۆ قوتابخانەیەك لە تەلعەفەر کە نزیکەی ١٥٠ خیزانی دیکەش لەوی دەستبەسەر کرابون، بۆ ماوەی ٥ رۆژ لەو شوێنەماینەوە بەڵام بەهۆی نزیکبونەوەی بۆردوومانی تەیارەکانەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ شاری موسل بۆ شوێنێك کە نزیکەی ٧٠٠ خیزانی ئێزیدی تێدا دەستبەسەر کرابون، ئەو شوێنە لەبینای قوتابخانەیەکی کۆن ئەچوو، دوای ١٠ رۆژ چەند ئەندامیکی داعش هاتنە ناومان و داوایان لیکردین کە شەهادەت بهینین و ببین بە ئیسلام یان مەرگ چاوەرێمان ئەکات ! ئێمە توشی ترس و تۆقین بوبووین و خاوەنی هیچ بریارێکی خۆمان نەبوین، دوای ئەو ماوەیە ئێمەیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی بادوش و لەو بەندیخانەیە پیاو و ژن و منالّیان لێکجیاکردەوە، لەو هاوینە گەرمەدا دەنگی گریان و

قیژ و هاوار و پارانەوەیەك بو وەك رۆژی حەشر، هەر منالْیك تەمەنی لە ٥ سالْ زیاتر بوایە لە دایکیان جیادەکردەوە، رۆژی دواتر هاتنە ناو ئەو شوێنەی ئێمە کە تەنها ژنەکانی لێبون و دەستیان کرد بە جیاکردنەوەمان بە پێی تەمەن، من کەوتمە ناو گرووپی کچە گەنجەکان و دووبارە خستینیانەوە ناو پاسێك و لە موسلەوە گەراندینیانەوە بۆ تەلعەفەر، رۆژی دواتر چەند ژنێك کە سەر بە داعش بون هاتنە ناومان و یەك بە یەك دەستیان کرد بە پشکنینی جەستەمان من نەم ئەزانی مەبەستیان چیە دواتر بۆم دەرکەوت پشکنینی پەردەی کچینی مان بۆ ئەکەن، من و دوو خوشکم و ئەو کچانەی دیکە کە لە پشکنین جیاکراینەوە خستینیانە ناو ئۆتۆمبیلیك بۆ شاری موسل، دواتر لە موسل پێیان وتین کە من و خوشکێکم جیاکراینەوەو بردینیان بۆ سوریا بۆ شاری رەققە، خوشکێکی دیکەمان لە موسل مایەوەو هیچ هەوالْێکی نازانین ! ‘‘



لێرەوە چیرۆکی کۆیلایەتی سێکسی ‘‘س’’ لەسایەی دەولْەتی ئیسلامی دەست پێئەکات و کاتی گرووپی کچەکان ئەگەنە ولاْتی سوریا

لەشاری رەققە ئەبرێن بۆ بینایەك کە لەماڵێکی گەورەی بەرپرسێك ئەچێت دواتر ئەزانن ئەو شوێنە جێی دابەشکردن و کڕین و فرۆشتنی کچەکانە و هەر ئەندامیکی داعش یان هاوڵاتیەك بیەوێت یەکێك لەم کچانە بکرێت سەردانی ئەم شوێنە ئەکات، دوای چەند رۆژێك ئەندامیکی داعش خوشکێکی "س" هەڵئەبژێرێت و لەگەڵ خۆی ئەیباتەوە بۆ شاری موسل، دواتر کەسیکی فەلەستنی "س " ئەکرێت بە ١٠٠٠ دولار و ئەیبات بۆ خۆی، دیارە ئەو کەسە بەرپرسیکی باڵا ئەبیت و پاسەوانێکی ئەبیت کە خەڵکی عێراقە، "س" وتی پاسەوانە داعەشە عێراقیەکە زۆر هەستی بەشەرمەزاری ئەکرد کە پاسەوانی کەسێکە مامەڵەیەکی کۆیلایەتی لەگەڵ کچێکی عێراقی ئەکات هەربۆیە ئامۆژگاری ئەکردم کە خۆم دەرباز بکەم وە دەمانچەیەکی پیدام و فێری کردم چۆن بەکاری بهێنم و داوای لێکردم لە فرسەتیکدا تۆلەی خۆم بکەمەوە، رۆژێك دوای دەسکەوتنی ئەو دەمانچەیە لە فرسەتیکدا چەند فیشەکێکم لێداو کوشتم و لەو ماڵە هەڵهاتم، دووبارە گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە کچەکانی دیکەی لێبوو".




گەڕانەوەی "س" بۆ هەمان شوێن لەوپەری نەزانی و پەشۆکانەوە بووە، ئەوەی مایەی سەرسورمانە هیچ لێپرسینەوەیەکیان بەرانبەر نەکردووە بەڵام بۆ رۆژی دواتر دووبار فرۆشتویانە بە کەسێکی داعشی سعودی کە ناوی ئەبو عسمان بووە بە پێنج هەزار دۆلار، دوای هاتنە دەرەوە لە گەراجی ئەو شوێنە "س " دەرگای سەیارەکە ئەکاتەوەو خۆی هەڵئەدات و هەڵدێت دوای ۳ کاتژمێر دووبارە دەستگیرئەکرێتەوە، ئەو کەسە بە کلکی دەمانچەکەی ئەکێشێت بەسەریدا و لەهۆش خۆی ئەچێت تا ئەگەنە شوێنی مەبەست.



"س " لەو ماوەیەدا روبەروی خراپترین مامەڵەی مرۆیی ئەبێتەوە کە هیچ وشەو دەربرینێك ناتوانی گوزارشتی بکات، سعودیەکی بیابانی برسی ئالی قورەیشی بەر ئەبێتە گیانی هەنجیرێکی ئەسمەری چیای شەنگال و بە بێ هیچ رەحم و بەزەییەك وەك سەبیەیەك بۆ خۆیی حەڵا ئەکات و گوێ بەهیچ ئازار و دڵشکانێك نادات و وەحشی ئاسا تا دوا سنور ئازاری ئەدات. بەڵام "س " دەسبەرداری خەونی ئازادی نابێت لەو ماوەیەدا چاودێری کابرای سعودی ئەکات کە دەرمان و شمەکی سرکردن بەکار ئەهێنیت.
"س " وتی شەوێك کابرای سعودی ۲ هاورێی داوەت ئەکات و داوای لێئەکەن کە قاوەیان بۆ حازر بکات، ئەویش نامەردی

نەکردوەو هەرچی دەرمانی دەستکەوتوە کردویەتیە ناو قاوەکەیان دوای ئەوەی کە ئەبو عسمان و هاوریکانی ئەکەونە ژێر کاریگەری دەرمانەکەوە "س" فرسەت دێنیت و هەڵدێت، وەك ژنێکی ئەو شوێنە خۆی دائەپۆشیت و لەدەرەوە سواری تەکسیەك ئەبێت و داوای هاوکاری لە سایەقی تەکسیەکە ئەکات، ئەو سایەق تەکسیە کەسێکی باش ئەبێت و ئەیبات بۆ ماڵی خوشکێکی کە ئەو ماڵە زۆر رقیان لە داعش ئەبیت و بەلێنی هاوکاریکردنی پێ ئەدەن ٢٠ رۆژ لەو ماڵە ئەمێنێتەوە. دوو برای "س" کە دەربازبووی خێزانەکەیانن لە کەمپێکی شاری دهۆك ئەژین هەربۆیە "س" پەیوەندی بە براکانی ئەکات، خاوەن تەکسیەکە داوای ٢٠٠٠ دوولار ئەکات بۆ مانەوەو خواردن و گواستنەوەی "س" بۆ سنوری تورکیا، دوای ئەوەی لەوڵاتی تورکیا لەشاری سامسۆن پارەکە تەسلیم بەکەسیك ئەکریت ئەو شۆفیری تەکسیە "س" ئەگەیەنیتە سنوری تورکیا و لەگەڵ برایەکی ئەگەرێتەوە بۆ شاری دهۆك.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەومان**

دەسماڵێکی سپی، ئافرەتێکی ڕفێندراو و بە کوێلەکراو.

# (٥)
# لەسەرەتادا جوانەکانیان هەڵدەبژارد



لویزا سبری لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦، باس لە چیرۆکی ئازارەکانی لە بن دەستی داعش دەکات. ئەو بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت، بە ئاسانی و سادەیی دەمانکاتە پارچەیەك لە خۆی و لەوە دەست پێدەکات کە رۆشتوە بۆ ماڵی پورەکەی بۆ یەك شەو مانەوە، بۆ ئەوەی لەوێوە چاودێری دۆخەکەو رووداوەکان بکات. بەڵام بەداخەوە دراوسێکەیان کە مەیتوتی بووە، خەبەریان لێدەدەن و دەستگیر دەکرێن و دەیانبەنە فەرمانگەی باری شارستانی و هەر لەوێ پیاوەکانیان لێ جیا دەکەنەوەو بەرەو قەزای تەلعەفەریان دەبەن و بۆ ماوەی سێ رۆژ لەوێ دەمێننەوە. وەك خۆشی تەئکید دەکاتەوە لەوێ لە دۆخێکی ئەمەندە دژواردا بوونە ئاوی ناو "حەمام"ەکانیان خواردوەتەوە.

کاتێك ئەم چیرۆکانەی جینۆسایدی ئێزدییەکان، بە تایبەتتر چیرۆکی ئەو کچ و ژنانەی داعش بە دڵرەقانەترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بینابیم تەڵخ دەبن و بارێکی گەورەو قورس لە سەر رۆحم

دەنشنەوە. ئیتر لێرەوە چیرۆکەکان دەبنە بەشێك لە بوونم و بەردەوام بەناو زیهنما دێن و دەچن و کاریگەری خۆیان جێدڵن؟!



لویزا لە درێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا باسی ئەوە دەکات بەردەوام تحروش بە کچ و ژنەکان کراوەو باسی ئەوەش دەکات کە جارێکی تر گەڕێنراونەتەوە بۆ هۆڵی کلاکسی لە موسڵ و هەمدیس بۆ تەلعەفەر!!
ئەوەتانێ لویزا بە نیگەرانی و ناخێکی پڕ حەسرەتەوە باسی ئەوە دەکات، سەرەتا جوانەکانیان هەڵبژارد، خوشکەکەم "عەزیزە سەبری" یەکێك بوو لەنێیوانیاندا. رۆژی دووەم ئەمیرەکەیان هات و دابەشمانی کرد، هەروەها ئەمیرێکی تر بە ناوی "ئەبو موسا- ئەزهر عەلی حسێن خاتونی" لەگەڵ ئەمیرێکی تر هاتن و کۆمەڵێکمانیان هەڵبژاردو بردمانیان بۆ قەزای بەعاج. ئەوەش بە وردی باس دەکات

کە ئەوان ”لیزا سەبری، جیلان برجس، جیهان برجس، نوفا عەمو، بفرین عەمو، غزاڵ، رویدە، ئینتزار کۆ، نەجلا سەعید، عالیە سەعید لە تەل قەسەب، فخریەو شەیما خیرۆ لە شەنگال، حەنان لە بەعشیقە، بەهارو خوشکێکی جوانی لە تەلعوزێر“بوون.



لویزا باسی ئەوەش دەکات کاتێك کە ”جیلان“ خۆی کوشت و ئینتحاری کرد، ئەم داعشانە لەوێ بوون ”ئەبو هیلال، ئەبو عەبدولا، ئەبو غفران ”عید مشعل“، ئەبو موسا ”ئەزهر عەلی حوسین خاتوونی“. هەر دوای ئەوە ئەبو موسا دێت و لویزاو پورەکەی و خوشکەکەی دەبات بۆ گوندی ”رامبوسی و بە قسەی لویزا خۆی کە دەڵێ“: لەوێ ئیغتسابی کردم و دوو مانگ لای مامەوە“و ئەمانەشی لەگەڵ بووە ”شەیما خیرۆ، فخریە لە تەل

قەسەب. دیارە ئەم ئەمیرەی داعش بەرپرس بووە لە بەعاج و لە یەکێك لە شەڕەکاندا کوژراوە.



چیرۆکی لویزا سەخت و پڕ ئێشتر دەبێ، ئەوەتا پاش ئیغتسابکردنی و دوای کوژرانی ئەبو موسای جەلادو دڕندە، دەیگەڕێننەوە بۆ کەس و کارەکەی لە "حسێبە-سوریا"و سەرباری ئەم هەموو چەرمە سەرییە داوای لێدەکەن رۆژو بگرێ و نوێژبکات، و وەك بێوەژن لە ماڵەکەیان بمێنێتەوە". ئەمیش وەك خۆی باسی دەکات بەچ شێوازێك بووە نازانم بەڵام دەڕواتەوە بۆ لای ئەو کەس و کارانەی کە لە تەلعەفەر بوون بۆ ماوەی یەك مانگ لەوێ دەبێ و دواتر داعشێك لە بەعاجەوە دێت و دەیبات

سەیربکە بنواڕە لە دڕندەیی داعش، دوای ئەوە ئەبوغفران و ئەبو رەقە دێن و دەیبەن بۆ کۆمەڵگای تەل بەنات و لەوێشەوە بۆ موسڵ و لە هەمان رۆژدا دەیانەوێ بیفرۆشن، بەڵام ئەم بەشەڕ دێت لەگەڵیان و ئیتر دەیبەن بۆ ماڵێك": بردمیان بۆ ماڵێك. دە کچی کەس و کاری خۆی لە شەنگاڵ لەوێ دەبن بۆ ئەوەی فێری قورعان خوێندنیان

بکەن". ئەو دەڵێ": من بەردەوام لە گەڵ پاسەوانەکان بەبەردەوامی شەڕم دەکرد بۆیە ڕەوانەی ڕەقەیان کردم لە سوریا". تۆ سەرنج بدە لەلایەك ئیغتساب کردن و لەلایەك قورعان خوێندن بە کچێك کە تەمەنی ئەوکاتە لە نێوان ۱۸ بۆ بیست ساڵ بوە؟ چ نەفرەتیەکە دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" و جەلادەکانیان؟
لەماڵەی کە لێی ماونەتەوە، شەوێك یەکێك لە پاسەوانەکان پێی دەڵێ ئەگەر دەتەوێ هەڵ بێی یارمەتیت دەدەم؟ ئەویش تێدەگات لەوەی پاسەوانەکە دەیەوێ بزانێ ئایا نیەتێکی وای هەیە لەژێردەستی دەوڵەتی ئیسلامی رابکات؟ بۆیە پێیان دەڵێ": لەخوا بەزیاد بێت من بووم بە موسڵمان و نامەوێ لە خاکی خەلافەتی ئیسلامی دەربچم.
پاسەوانەکەش پێی دەڵێ": سوپاس بۆ متمانەت بە ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی.



لویزا باسی ئەوەکات کە شەوی دووەم، من تەنیا بووم.. پاسەوانەکە هەموو دەرگاکانی ژوورەکانی داخست بە دەرگای سەرەکی

ماڵەکەشەوەو رۆشت. ئەمیش لەم کاتە دەرفەت دەقۆزێتەوەو لە ڕێگای بۆشاییەکەوە دێتە دەرەوەو بە دیواری حەوشەکەدا هەڵدەگژێ و دێتە دەرەوە. خۆیشی ئاوا دەڵێ": دابەزیم و رووپۆشەکەم دا بەسەرماو بە شەقامەکەدا کە کەشێکی باراناوی بوو ڕێم دەکرد.
تەکسییەکم راگرت و داوام لێکرد بگەیەنێتە حەسەکە یان دێر زوور؟ ئەویش پێی دەڵێ": من تەنها لەناو داخلی رەقە کار دەکەم، بەڵام ئیمکان هەیە بتگەیەنمە حەسەکە؟



لویزا سەردەکەوێتە سەر تاکسیەکەو شۆفێرەکەش داوای کرێی لێدەکات؟ ئەویش پێی دەڵێ: ئەمەوێ زۆر راستگۆبم لە گەڵت من هیچ پارەیەکم پێنیە چونکە من ئێزیدیم و داعش هێنامیانە بۆ ئێرەو لە خێزانەکەم دابڕاوم؟ شۆفێرەکەش پێی دەڵێ": بەبێ کرێ ناتوانێ بیگەیەنێ؟
شەوەو دنیا ساردە، باران دەبارێ و ئافرەتێك تەنیاو کەس شك نابا، زۆر دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بەم شەوە جێی نەهێڵێ و لە دەست

زاڵمانی داعش رزگاری بکات؟ دیارە شۆفێرەکەش باسی ئەوە دەکات کە ناتوانێ تەحەدای پیاوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بێتەوە؟ ئەویش داوای تیلەفۆکەی دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە کەس و کاری لە کوردستان؟ شۆفێرەکەش دەڵێ تیلەفۆنەکەم شەحنی تێدا نیە، ئەمەش وەك پاساوێك بۆ هاوکاری نەکردنی؟ لویزی پێی دەڵێ بمگەیەنە شوێنكێك لە دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەوکاتە خێزانەکەم ئەو مەبلەغەی دەتەوێ دەتدەنێ؟ شۆفێرەکەش دەڵێ ناتوانم سنور ببەزێنم چونکە نایاساییە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیەوە؟ پێی دەڵێ بمبە بۆ ماڵەکەت؟ شۆفێرەکەش دەڵێ": گەر پێم بزانن ماڵەکەم بەسەرمدا دەڕوخێنن؟



ئیتر لویزی چیبکات؟ بۆ کوێ بڕوات؟ ناچار روودەکاتە شۆفێرەکەو پێی دەڵێ": برا چارەیەکم بۆ بدۆزەوە؟ شۆفێرەکەش دەڵێ": کوردی دەزانی؟ دەتبەم بۆ ماڵی کەسێکی کورد لەدرەوەی شار، بە هێچ شێوەیەك لە دەرگا نەدەی تا ئەوکاتەی من لێت دوور دەکەومەوە؟

لویزی دەڵێ": بۆ چەند جارێك لەدەرگامدا، بەڵام نەیانکردەوە؟ ئەو باسی ئەوەش دەکات هیچ چارەیەکی تری نەبوە تەنها کردنەوەی دەرگاکە نەبێت؟ بۆیە دەرگاکە دەکاتەوەو ئەوانیش پێشوازی دەکەن و پێی دەڵێن کێشەت چیە یان چیت دەوێ؟ ئەویش رووپۆشەکە لەسەر دەم و چاوی لادەبات و دەڵێ من ئێزیدیم و چیرۆکەکەی خۆی بۆیان باس دەکات.

ئەوەش باس دەکات، کە بردویانەتە ماڵێك و لێیان پرسیوە چۆن ماڵی ئێمەت هەڵبژارد؟ کاتێك زانیان شۆفێری تاکسییەکە گەیاندویەتی یان ناو نیشانەکەی داوە، ترساون لەوەی خەبەری داعش بدات، چونکە شۆفێری تاکسیەکان زۆربەیان ئیشی جاسوسی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن؟

بۆیە لویزی دەبەن بۆ ماڵێکی داڕووخاو، حەوت رۆژ لەوێ دەمێنێتەوەو لەم نێوانەدا پەیوەندی بە کەس و کارییەوە دەکات و دواتر دەگاتە حەلەب و لەوێ موبایل و سیم کارت دەکرێ و پەیوەندی دەکاتەوە. ئیتر بۆ هەمیشە رزگاری دەبێت.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

**زریفە قاسم سعدو**

کچێکی رزگاربووی ژێر دەستی داعش دوای چەندین جار کڕین و فرۆشتنی وەك کوێلە و سەبایە و دەستدرێژکردنە سەری، لە کاتی رزگاربوونی ئەم پۆشاکەی پۆشی بوو.

# (٦)
# ژووری زیندانەكە زۆر تاریك بوو



"س، خ، ك" لە دایكبووی ساڵی ١٩٧٢، یەكێكە لە رزگاربوەكانی ژێر دەستی رەشی داعش. ئەو لە باسی بەسەرهات و گێڕانەوەی چیرۆكی لای تیرۆرستانی داعش، دەڵێ": لە گوندی كۆچۆوە دەرچووم بۆ شەنگال، دوو رۆژ لەوێ مامەوە. لە رۆژی ٢٣-٨-٢٠١٤ لە شەنگال دەستگیریان كردم و دواتر بردمیان بۆ تەلعەفەر. چوار رۆژیش لەوێ مامەوەو لەوێشەوە بۆ بادوش و جارێكی تر گەڕاندمیانەوە بۆ تەلعەفەر، یەك لەناو قوتابخانەیەكدا مامەوە. دواتر بردمیان "كسر المحراب" و دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ، بردمیان بۆ هۆڵی شایی لە موسڵ و لەوێشەوە رەوانەی سوریایان كردم، بە دیاری كراوی شاری رەقە، كە سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٥ بوو، بە پاس سەرمانیان خست.

ئەم ئافرەتە ئێزیدیە باسی ئەوەش دەکات لە سەرەتاوەو لە شاری ڕەقە، بردویانن بۆ ناو باخێك و بیست و چوار ڕۆژ لەوێ ماونەتەوە. دوای ئەوە بەسەر بارەگاکانی داعشدا دابەشیان کردون و کەسێك ئەمی کڕیوەو دواتر عەرزی کردوە بۆ فرۆشتن، بەڵام بە بۆنەی کچە منالّە بچوکەیەیەوە کەس ئامادەی ئەوە نەبوە بیکڕێت، کە کچەکەی تا ئێستا لای داعشەو ئازاد نەکراوە.



ئەو باسی چۆنێتی هەڵاتنەکەی دەکات، کاتێك کە لەناو ئۆتۆمبێلی داعشەکاندا بوەو داعشەکان سەرقاڵ بوون، ئەمیش فرسەت دێنێ و هەڵدێ و بە خێرایی سواری تاکسییەك دەبێت. خۆیشی دەڵێ": بە شۆفێری تاکسییەکەم وت، ڕزگارم بکات و بمگەیەنێتە سنوری تورکیاو من کەقسەم لەگەڵ دەکرد، ئەو پیاوەی منی کڕیبوو هات و پێمەوە نوسا، خۆم و منالّەکانم لە ناو تاکسیەکە دەرچوین. ئیتر لێرەوە ژیانی ئەم ژنە ئێزیدییە سەخت و بە ئازارتر دەبێت،

چونکە ئەو پیاوەی کە کڕیبووی بۆ ماوەی سیانزە ڕۆژ زیندانی دەکات لە بەرامبەر هەوڵی هەڵهاتنی. ئەوەتا خۆیشی دەڵێ”: ژووری زیندانەکە زۆر تاریك بوو”.
دوای ئەم ماوەیە پیاوێکی سعودی دێت و لەم کەسەی تری دەکرێ و دەیبات بۆ شاری حمس. وەك خۆی دەڵێ”: بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەوێ مامەوەو ئەویش بە گەنجێکی فرۆشتم و گەنجەکەش جارێکی تر هێنامیەوە بۆ ڕەقە.”




ئای لەم ئازارە نەبڕاوە، تەماشا گەنجەکە کچەکەی دەبات و ئافرەتەکەش لەگەڵ کوڕەکەی بە کەسێکی تر دەفرۆشێت و وەك خۆی باسی دەکات “بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە یەکێك لە بارەگاکان مامەوە”. باسی ئەوەش دەکات و دەڵێ”:
یەکێك لە پاسەوانەکان کوردبوو، بە لەهجەی سۆرانی قسەی دەکرد، ئەو لە یەك ژوور دەخەوت و من و کوڕەکەشم لە یەك ژوور دەنوستین لەو هەمان بارەگادا، دوای شەش ڕۆژ هەڵهاتم بۆ ماڵێك نزیك بارەگاکە بوو، لێرەوە بە ڕێگای مۆبایل پەیوەندیم کرد بە کەس و کارمەوە، بۆ ئەوەی قاچاخچی بنێرن و لێرە ڕزگارمان بکەن.”
ئەم ژنە ئێزیدییە باسی ئەوەش دەکات لە ماوەی مانەوەیان لە ژێردەستی داعش، ڕوو بەڕووی برسێتی، لێدان و سوکایەتی

بوونەتەوەو ئەوەش باس دەکات کە رزگارکردنەکەی بیست هەزار دۆلاری تێچووەو کچەکەشی تا ئێستا لای داعشەو داوای چل هەزار دۆلار دەکەن بۆ ئازادکردنی
کێ کچەکەی بۆ رزگار دەکات؟ کێ ئەم برینەی ناو هەناوی سارێژدەکات؟ کێ؟





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

**پروین تحسین محو احمد**

رزگاربووی دۆزەخی داعش، ئەوکات تەمەنی دوو ساڵان بووە.


# (٧)
# ژنێکی کوردی ئێزیدی چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش دەگێڕێتەوە



لەبەر ئەوەی داعشەکان و هەموو ئەو کەسانەی فیکریان داعشییە، لە تاوانکاریی و هۆڤێنی و داشۆراویی ئەخلاقیدا لە یەك ئاستن مەگەر لە دلڕەقیدا نەبێت، بۆیە چیرۆکی ئافرەتە کوردە ئێزیدییەکانی بندەستیشیان، مەگەر لە ڕووی ئەوەی یەکێکیان لە یەکێکی دیکەیان ئازار و دەردەسەریی زۆرتری چەشتبێت.

چیرۆکی دیلێتی و بندەستیی نێزیکەی نۆ مانگی خاتوو، زەینەب ئیبراهیم موراد هیچی وای لە چیرۆکی ئەو خوشکە دیلەکانی دیکەی دەستی تیرۆریستانی داعش جیاواز نییە، هێندە هەیە، ئەم خاتوونە، چونکە خوێندەوار و عەربیزانیش بووە، وردتر دیقەتی لە بێڕەحمیی داعشەکان و بێ ئەدەبییان داوە، هەروەها جیاواز لە زۆربەی خوشکەکانی دیکە، بەڕێکەوت چەند نموونەیەکی لە خەڵکانێکی غەیرە کورد و ئێزیدیی بندەسەڵاتی داعش بینیوە کە بەنهێنی هاوکاریی خۆی یان دیل و ڕفێندراوە ئێزدییەکانیان کردووە. جیا لەوەی شانسی ئەوەی هەبووە، تا کۆتایی دیلێتییەکەی، هەر لەگەڵ

مێرد و هەردوو منداڵەکەیدا بمێنێتەوە و بەر ئەو بازرگانییە هەرە نائینسانی و دواکەوتووانەیەی داعش و داعشییەکان نەکەوێت.



ئەگەرچی تا ئەمڕۆش داخ و کەسەری هەموو دیمەن و ڕووخساری ئەو ئافرەت و منداڵە ئێزدییانەی لەبەرچاوە کە بە بەرچاوییەوە

داعشەکان نەك هەر سووکایەتییان پێ کردن و برسی و تینوویان کردن، بگرە بردیانن و خوا نەبێت کەس سەروسۆراخیان نازانێت.
کاتێك ویستمان ئەم خاتوونە کە خەڵکی گوندی کۆچۆی شەهیدکراوە، چیرۆکی ژیانی نۆ مانگ دیلێتیی دەستی داعشمان بۆ باس بکات، هەنسکی گریان و حەسرەتی ئەو خەڵکانەی بەربەرچاوییەوە شەهید کران یان داعشەکان بردیانن و نەبینراوە، نەیدەتوانی هەر دەست بە قسان بکات. بۆیە لە تەك ڕەچاوکردنی باری دەروونی و ڕێزگرتنی ئازارەکانیدا، تکامان لێ کرد کە ئەگەر بتوانێت خۆی کۆ بکاتەوە و چیرۆکی خۆی و ئەو دیمەنانەش کە بە چاوی خۆی بینیونی وردە وردە بگێڕێتەوە تا بتوانین چیرۆکەکەی دێکۆمێنێت بکەین و ببێتە بەڵگەیەکی دیکە لەسەر تاوانکاری و دڕندەیی داعش و داعشییەکان و مەزڵوومییەتی کوردانی ئێزدی بەتایبەتی ئافرەت و منداڵانیان.





هەرچۆنێك بوو، خاتوو، زەینەب، چەندی لە توانایدا بوو، بەم شێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەسارەتی خۆی و خێزانەکەی کرد: سەرلەبەیانیی ڕۆژی کارەساتەکە ٣/٨/ ٢٠١٤، کاتێك بیستمان و بینیمان تیرۆریستانی داعش وا خەریکە دەگەنە گوندەکەمان، بە هەر ترس و لەرز و چەرمەسەرییەك بوو، لەگەڵ مێردەکەم و هەردوو منداڵەکەمان لە کۆچۆ هەڵاتین و گەیشتینە نێو شاری شنگال، کاتێك گەیشتین چی گەیشتین، بینیمان هەر حەشاماتی خەڵکە و شار جێ دێڵن و ڕووە و چیا دەچن، ئەوەی بە پێ بە چیادا هەڵدەزنا، ئەوەی بە ترۆمبێل، بەڕاستی دیمەنێك بوو هەرگیز مرۆڤ ناکارێت وەك خۆی باسی بکات. ناچار ئێمەش لە تەك ئەو حەشاماتەدا، ڕوومان لە چیا کرد. بەڵام داخەکەم پێش ئەوەی بەسەرکەوین، لە لۆفەکانی سەرەتای چیای شنگال، دوو ترۆمبێلی داعش کە دوو پیکابی سپی بوون، گەیشتنە سەرمان و ڕایانگرتین. لەگەڵ ڕاگرتنمان دەمودەست، هەموو داعشەکان لە دوو پیکابەکە دابەزین و دەورەیان گرتین.

چەکیان ڕاکێشا و دەستیان بە هاوارهاوارێکی تۆقێنەر کرد. هەر لەوێ، ئەمیرەکەیان هاواری کرد، هەرچی پارە و زێڕ و مۆبایلەکانتانە دەری بێنن. داعشەکان دەستیان بە پشکنینی یەك بەیەکەمان کرد کە زیاتر لە سەد خێزان دەبووین و هەرچی پارە و شتومەکی بەنرخ و کاغەز و بەڵگەنامە بوو لێیان ستاندین. تا پێیان کرا، لەو بەرگەرمایە ڕایانگرتین و قسەی ساردوسووکیان پێ گوتین. دواتر پیاوەکانیان جیا کردەوە، ئێمەی ئافرەت و منداڵیش بەرەو ناو شاری شنگال. لەوێ هەرهەموومانیان کردە دایەرەی نفووسی شنگالەوە. باوەڕ بکەن تەنیا باسی ئەو سێ چوار ڕۆژەی لەوێ هێشتیانینەوە، کتێبێکی دەوێت. بەهەرحاڵ، تا ئەو ڕۆژەی بۆردومانی فڕۆکەکان بۆ سەر شنگال دەستی پێکرد، ئەو سەدان خێزانە حاڵێکمان هەبوو لەو بینایەیەدا، گەرمایەکی پڕووکێنەر، برسێتی، تینوێتی، ترس و تۆقینیش لەولاوە بوەستێت، لە هەمووشی خراپتر، هەر ڕۆژی یەکەم دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی ئەو ژمارە کەمەی پیاوان کە لەگەڵمان مابوون، لە پاڵیشیدا بردنی پۆستە پۆستەی کچە گەنجەکان و منداڵان.






نازانم ڕۆژی چەندەم بوو، کاتێکمان زانی وەك دنیامان بەسەردا بڕووخێ، دەنگی تەقینەوەی مەزن و گرمەگرمی فڕۆکە بەسەر شنگالدا دەستی پێ کرد. ڕاستتان دەوێت لەگەڵ سەرەتا زۆر زۆر ترساین، لەگەڵ دەنگی هەر تەقینەوەیەکدا، خەریك بوو ناوجەرگمان دەهاتە دەرێ، بەڵام کە زانیمان فڕۆکەکان بە دیقەتێکی زۆرەوە تەنیا بۆمبارانی بنکە و ئۆتۆمبێلەکانی داعش دەکات، نەك هەر ترسمان نەما، بگرە ورەمان بەرز بووەوە، هیوامان بۆ گەڕایەوە و وامان لێ هات، ئەگەر ساتێك گوێمان لە دەنگی فڕۆکەکان نەبووایە بێتاقەت دەبووین. پێش ئەوەی بۆ سبەی بێن و بمانگوازنەوە، ئەو ئێوارەیە شتێکی زۆر دڕندانەتان بۆ بگێڕمەوە. ئێمە هەموومان زۆر برسی و تینوو بووین، هەمووان خەمی منداڵەکانمان زۆر زیاتر بوو، بەرەبەری ڕۆژئاوا بوون، چاوم لێ بوو، داعشێك لە زەرفێکدا، کۆمەڵێك لەتە نان و پارچە سەمموونی هێنایە حەوشەکە و فڕێی دایە تەنەکەیەکەوە. منیش وەك هەنگوینم لە داردا دۆزیبێتەوە، ڕامکرد زەرفەکەم دەرهێنا و ویستم بچم بیدەمە هەردوو منداڵەکەم. کاتێك

لەناکاو داعشەکە ئاوڕی دایەوە زەرفەکەی بەدەستمەوە بینی، باوەڕ بکەن وەك هۆڤی پری دایە زەرفەکە و دەستی بە جنێودان و قسەی ناشیرین کرد. چەندی پاڕامەوە گوتم بۆ ئەو منداڵانەیە ئاخر لەبرسان دەمرن، نەخێر، ئەو نائینسانە بێ ویژدانە، نەك نەیدامەوە بگرە دەیان قسەی ناشیرینی بە ئێزدی و کوردستان دا.



بۆ ڕۆژی دواتر، هێزێکی گەورەی داعش هات و هەموانیان سواری ترۆمبێل کرد و کەوتینە ڕێ، ئێمە نازانین بۆ کوێمان دەبەن، وەلێ هەر کە کۆیان دەکردینەوە ئەژنۆمان دەشکا و وامان دەزانی دەمانکوژن. کاتێك گەیشتینە شاری تەلەعفەر. لەوێ دابەشیان کردین، هەر دەیان خێزانە بۆ بینای قوتابخانەیەك، ئێمە بەر قوتابخانەی (ئەزاهیر) کەوتین. لەوێ هەشت ڕۆژ ماینەوە، زۆر گەرم و پیس، داعشەکانیش زۆر بێئەخلاق و دڵڕەق بوون، وەلێ چونکە ڕۆژی سەموونێك و قاپێك شلەی فاسۆلیا و کەمێك ئاویان دەدایێ، زۆر لە نفووسەکە چاکتر بوو. باوەڕ بکەن ڕۆژێك کاتێك داعشەکان بەشەخۆراکی ڕۆژانەیان بەسەردا دابەش دەکردین، هەر هێندەی خوشکێکمان دەمی سووتا گوتی ئەو بەشە خۆراکە ڕۆژانەیە

کەمە و منداڵەکانمان برسییانە، ئەو داعشانە دەستیان بە لێدان و سووکایەتییەك کرد، خۆزگەمان بە مردن دەخوارد. ئەڵبەت مردنی ڕۆژانە ئەوە بوو، پۆستە پۆستە داعشەکان دەهاتن و بەبەرچاوی پیاو و باوك و براکانیانەوە، کچ و ئافرەتە گەنج و جوانەکانیان دەبرد، زۆریانمان نەبینییەوە، هەندێکیشیان شەوێك دووان دەیانبردن و دەیانهێنانەوە. بەیانییەك ڕیزە ترۆمبێلێکی گەورەیان ڕاگرت، سواریان کردین و بەرەو موسڵ کەوتینە ڕێ، پاش چەند سەعاتێك گەیشتینە سجنی بادووش. بادووش چ بادووش! دەتگوت هەموو خەڵکی شنگال لەوێن. ئەو خەڵگە هەر هەمووی لە گەرما و تینووان و برساندا ناڵەناڵی بوو. بۆ ئێوارەکەی پاش ئەوەی ئیدی خەڵکەکە خەریك بوو هەمووان پەکیان بکەوێت، هەریەکە و سەموونێکی کۆن و هێشوویەك ترێیان داینێ. بۆ سبەینێ هاتن و هەرچی منداڵەکان هەیە لێیان جیا کردینەوە و گوتیان دەیانبەین بۆ تەلەعفەر.



باوەڕ بکەن، هاوار و حەسرەتی دایکوبابان دەگەیشتە ئاسمان، زیرە و گریانی منداڵەکانیش بەردی دەکرد بە ئاو، کەچی ئەو داعشە

تاوانبارانە هەر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات و منداڵەکانیان بردین. دیسان دەڵێم نازانم چۆن باسی حاڵی ئەو دایك و باوکانەتان بۆ بکەم لەو چەند شەوەی منداڵەکانیان بردبووین. پاش چەند ڕۆژێك، هێندەمان زانی، بەیانییەك دیسان منداڵەکانیان هێنایەوە، سەرباری ئەو بارە ناهەموارە، ئەو بەیانییە، هەمووومان وەك تازە لە دایکبووبینەوە وا بوو.



نەخێر خۆشییەکەمان هێندەی نەخایاند، فرۆکە دەورووبەری سجنی بادووشی بۆردوومان کرد، ئێمە لە دڵی خۆماندا زۆرمان پێخۆش بوو کە داعشییەکانی دەکوتا، وەلێ لەگەڵ هەموو گرمەیەکیشدا، ناوجەرگمان دەکەوتە خوارەوە و زیرەی منداڵانمان دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك. هەرچۆنێك بوو، یەك دوو ڕۆژ بەو حاڵە بردمانە سەر، بەیانییەکی زوو، پاسی گەورەیان هێنا و هەرهەمووانیان سوارکردین بێ ئەوەی پێمان بڵێن بۆ کوێمان دەبەن. کاتێکمان زانی گەیشتینە تەلەعفەر. لەوێ هەر دەیان خێزان بۆ نێو قوتابخانەیەك. ئێمە لەگەڵ دەیان خێزانی تر، بەر قوتابخانەیەك کەوتین. هێشتا هێندە نەخایاند، لەول ئێمەوە بووە دەنگەدەنگ. دەبینین پاسەوانێکی داعش پەلی ئافرەتێکی گرتووە کە کوڕپەکەی بەباوەشەوە دەیویست بیبات و ئافرەتەش نەدەچوو و هاواری دەکرد. نەخێر کاتێکمان زانی ئەمیرە پیسەکەیان هات، هاواری کرد گوتی ئەوە چییە؟ ئافرەتەش بە گریانەوە گوتی: ئەوە دەیەوێت تەعەدام لێ بکات. کەچی ئەمیرە بێ

ئەخلاقەکە بێ سێ و دوو گوتی: ئەوە جوندی خەلافەتە و تۆش کافر، دەیەوێت بتهێنێت، ئیدی چی تێدایە؟ یەڵا بڕۆ لەگەڵیدا.



ئافرەتەیان بە کۆرپەکەوە برد، هێشتا لە قاعەکە نەڕۆیشتبوونە دەرێ، ئاقرەتە بوورایەوە و کۆرپەی لە دەست پەڕی. نەخێر ئاویان هێنا و ئافرەتەیان هێنایەوە هۆش و ئاخری هەر بردیان و تا ئەم ساتەوەختە نەمبینیوەتەوە. لەم ساتەوە دەرکمان کرد کە وەزعمان زۆر لە شنگال و بادووش خراپتر دەبێت. ئەو ماوەیەی لە تەلەعفەر بووین، زۆر وەزعمان خراپ بوو، داعشییەکانی ئەوێ لە هەمووان بێ ئەخلاقتر و دڵڕەقتر بوون. ڕۆژانە بەو هاوینە گەرمە، هەر کەسە و بتلێکی بچووك ئاو و سەموونێك و چەند کەوچکە برنجێکیان پێ دەداین. وردە وردە دنیا بەرەو پایز چوو، ئینجا سەرما دەستی پێکرد. پاش چوار مانگ، بردیانیم بۆ گۆڕەپانی ئۆلۆمپی لە نێو شاری موسڵ. ئەو داعشانەی بەیانیان بە بیانووی هێنانی خواردنەوە دەهاتنە ناومان، ڕۆژانە چەند ئافرەتێکیان دەبرد، هەیانبوو پاش ڕۆژێك دووان دەیانهێنایەوە، هەیانبوو ڕۆیشت و نەمانبینییەوە.

ڕۆژێك کاتی خواردن دابەشکردن، یەکێك لە داعشەکان پڕی دایە منداڵێکی سێ چوار ساڵەی بەستەزمانت کە پارچەیەك تەختەی کردبووە بووکۆکە و یاریی پێ دەکرد، کەوتە لێدانی منداڵەکە و جنێودان و هاواری دەکرد ئێوە کافرن و تەختە دەپەرستن و شەریك بۆ خوا پەیدا دەکەن! هەرچۆنێك بە هەزار پاڕانەوە و لاڵانەوە منداڵەمان لە بندەستی دەرهێنا. بەیانییەکی دیکە هاتن، یانزە پیاوی خەڵکی سنوونێیان برد کە چەند پیر و پەککەوتەکیان تێدابوو، کاتێك پرسیمان بۆچی دەیانبەن، گوتیان ئەمانە جاسووسی بۆ پێشمەرگە دەکەن. گوتمان جاسووسی چی و چۆن لەم سجنەدا؟ نەخێر نەیانبیست و بردیانن، ئیدی نەهاتنەوە.



دوای ماوەیەك، دیسان هێنایانینەوە بۆ تەلەعفەر و لە گەڕەکی خەزرا لە چەند هۆڵ و خانوویەکی گەورەدا سجنیان کردین. ئینجا کچی گەنج نەما بیبەن، دەستیان کرد بە بردنی منداڵە کوڕەکان و بە ئاشکرا دەیانگوت دەیانبەین بۆ مەعسکەری تەدریب لە سووریا و ئەمانە دەبنە جوندی خەلافەت. ئێمەشیان دەبرد بۆ کاری کشتوکاڵ و پیاوەکانیشیان دەبرد بۆ کرێکاری و کەناسیی شەقامەکان و ئێوارە

دەیانهێنانەوە. وا ڕێك کەوت، بە حوکمی ئەوەی زمانی عەرەبیم دەزانی، لەتەك ئەو ئافرەتانەی نەخۆش دەکەوتن یان دووگیان بوون و دەکەوتنە ڕۆژی خۆیانەوە، دەیانناردم بۆ نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە مووسڵ. لەوێ زۆربەی کارمەندەکانیش کە دەیانزانی ئێزدیین، دەیانبووغزاندین و هیچ هاوکارییان نەدەکردین، وەلێ خەڵکێکیش هەبوو، یارمەتیی دەداین. بۆ نموونە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، لە نەخۆشخانە پزیشکێکی لێ بوو، زۆر یارمەتیی دەداین و زۆر هەوڵی دەدا هاوکاریی ئێزدییەکان بکات. دیسان جارێکیان کاتێك لەگەڵ ئافرەتێکی دووگیان چووم بۆ مووسڵ، پاسەوانێکیان لەگەڵ ناردین. هەستم کرد ئەم داعشە، لەوانی دیکە ناچێت و بڕێك ئینسانەتی تێدایە. لە گەڕانەوەدا، ویستم بزانم چۆنە کەمێك ئەخلاق و ئینسانەتی تێدایە. کاتێك چیرۆکی خۆی بۆ گێڕامەوە هۆکارەکەم زانی. دەرچوو ئەم پیاوە سەرەوەختی هاتنی داعش لە بادووش سجن بووە، داعش پێی گوتوون: (ئێوە هەموو تاوانبارن، یان دەبنە داعش یان دەتانکوژین).



بە هەرحاڵ، هەرچەندە ڕۆژانە و بگرە هەموو سەعاتێك بیرمان دەکردەوە خۆمان ڕزگار کەین، وەلێ ڕۆژی ٢٦نیسانی ٢٠١٥، لەگەڵ مێردەکەم بڕیارمان دا، شەو ڕادەکەین، یان ڕزگارمان دەبێت، یان دەمرین و لە هەردوو حاڵەتدا لەو بندەستی و چەرمەسەرییە قوتار دەبین.






پاش ئەوەی تاریکی داهات یەکی منداڵێکمان کردە کۆڵ و دەرچووین.

بە سەلامەتی لە تەلەعفەر دوور کەوتینەوە. سێ سەعات بوو دەڕۆیشتین، لە گوندەکانی ئەوبەر تەلەعفەر کە بەرەو شنگال دەڕوات، لەناکاو پیاوێکمان بینی. زۆر ترساین ئاشکرامان بکات. ناچار ڕاستییەکەمان پێ گوت. پیاوەکە زۆر مەرد دەرچوو. پێشمان کەوت و گوتی دوام کەون و خەمتان نەبێت. بەو کێوکەولەیەی نێوان تەلەعفەر و شنگالدا دوای پیاوە کەوتین. بووە سەعات سێی بەرەبەیان. ئێمە زۆر ماندوو، منداڵیش لە ئێمە خراپتر. پیاوەکە ئاوڕی لێ داینەوە گوتی: یەك سەعاتمان ماوە لە مەترسیی داعش ڕزگار بن، تکایە هەرچۆنێك بێت خۆ ماندووکەن تا پێش ڕۆهەڵاتن بگەینە جێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئیدی پەکمان کەوتبوو. ناچار پیاوە مەردەکە، گوتی ئێرە ئەگەر نەجووڵێن، شوێنێکی ئەمینە. لێرە بمێننەوە و ئیسراحەت بکەن تا شەو دێمەوە بۆ لاتان. پیاوە ڕۆیشت.



هەرچەند پیاوەکە زۆر مەردانە بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بەو کێوەوە دڵمان هەزار غایلەی کرد. نەخێر شەو داهات و پیاوە نەهات

ئینجا زۆر ترساین، خودایە خۆشمان ناوێرین بە تەنێ بڕۆین. ناچار دانیشتین. کاتێك سەعات هەشت، پیاوە مەردەکە، ترۆمبێلێکی هێنا و سواری کردین و بەرەو خوار هاتین. بیست دەقەیەك ڕۆیشتین، ئیدی پیاوەکە وەستا و گوتی ئەو ڕووناکییانە، هی گوندی حەردان و سەنگەری پێشمەرگەن، من ئیدی دەگەڕێمەوە، ئێوەش بڕۆن بەوریایی دەگەنە پێشمەرگە. ئێمە زۆر سوپاسی ئەو پیاوە مەردەمان کرد و خواحافیزمان لێ کرد و بەرەو ڕووناکیی گڵۆپەکان هاتین. کاتێك نێزیك بووینەوە، سەعات یازدەی شەو بوو، سەگوەڕ دەستی پێ کرد، ترساین، وەلێ دیار بوو پێشمەرگە بە دووربینی شەو تەماشامان دەکەن و دەزانن ئێمە ڕفێندراوی ئێزدیین و هەڵاتووین، بۆیە هێشتا زۆر نێزیك نەبووبووینەوە، کە پێشمەرگە هاواریان کرد وەرنە پێشێ و مەترسن، ئێمە پێشمەرگەین.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

بلوزی، کچێکی رزگاربووی ژێر دەستی داعش داوای ئەوەی چەندین جار و بەچەندین کەس فرۆشراوە، کاتێك رزگاری بوو ئەم پۆشاکەی لە پۆشی بوو.

# (٨)

# سێڤێ: هەموو شەوێ چاوەڕێم دەکرد تا هەموویان دەخەون، ئەوجا کەمێ خۆراکم بە دزیی ئەوانەوە دەدایە منداڵەکانم



سێڤێ

سێڤێ تەمەن ٤٩ساڵ لە بنەڕەتدا خەڵکی کۆمەڵگای زۆرەملێی (تەلبەنات)ـە. ئەو شووی کردووە و دایکی چوار منداڵە (کوڕێك و سێ کچ). کوڕەکەی ناوی (زەید)ە، کچەکانیشی ناویان (ئیقبال، ئیمان، کیندا)یە. سێڤێ قسە لەبارەی ڕۆژە ڕەشەکەی پەیدابوونی داعش دەکات. ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ بوو، کاتێك چەکدارانی داعش هاتنە ناوچەکەمان، ئێمە سەد خێزانی کۆمەڵگاکە بووین. بە خۆم و هاوسەرەکەم و هەر چوار منداڵەکەمانەوە، هەموو پێکەوە هەڵاتین، کەچی چەند ئوتومبیلێکی داعش پێشیان لێ گرتین. ئەو داعشانەمان دەناسی، ئەوان سەر بە هۆزی عەرەبی خاتوونیە و هەندێ لە خەڵکی بەعاج بوون. ئێمەیان برد و لە لای چەند خێزانێکی مەڕدار، لە گوندی (زلیلیە) گل دایەوە. بە زەبری چەك و هەڕەشەی کوشتن و سەربڕین، داوایان لە پیاوەکان کرد شەهادەی موسڵمانبوون بێنن، ئەوان شەهادەیان هێنا و داعش وێنەی هەموویانیان گرت. پاشان ئێمەیان خستە نێو ئوتومبیلەوە، من و هاوسەرەکەم و هەر چوار منداڵەکەمان خراینە نێو ئوتومبیلێکەوە، ئێمەیان بردە نێو گوندەکەوە.



ژن و منداڵەکانیان بردە نێو خانووەکانی گوندەکەوە، پیاوەکانیش لە دەرەوە مانەوە. دیسان جارێکی دی بە کامیرای ڤیدیۆ وێنەی ژنەکانیان گرت و پیاوەکانیش لەگەڵ رۆژاوابووندا، دیار نەمان ئیدی کەس نازانێ بەرەو کوێ راپێچ کران. پاشان چەکدارانی داعش هاتن و ئێمەی ژن و منداڵ و کچۆڵەکانیان بردە بنکەیەك، ئەو بنکەیە زۆر رێکوپێك بوو، لەنێو شاری شنگالدا بوو، بەڵام نازانم چ بنکەیەکی ئەو شارە بوو، کاتێك گەیشتینە ئەو بنکەیە، بینیمان بە هەزاران ژن و منداڵی کوردی ئێزدی لەوێ دەستبەسەر کراون. بەم جۆرە ئێمە بووینە دیلی دەستی داعش، تا سەعات دوازدە و نیوی شەو لەوێدا ماینەوە. چەکدارانی داعش گوتیان لێرەتان دەگوازینەوە. هەر واشیان کرد، سەعات یەك و نیوی پاش نیوەشەو، ئێمەیان خستە نێو کامیۆنێکەوە، ئێمە کە بە هەزاران ژن و منداڵی ئێزیدی بووین، بە کامیۆن بەرەو تەلەعفەر رەوانەیان کردین. لەوێشدا ئێمەیان خستە نێو بینای قوتابخانەیەك، سێ رۆژ هەر لەوێدا ماینەوە. پاشان بە پاسی نەفەربەر ئێمەیان بەرەو زیندانی بادووش برد (بادووش یەك لە زیندانە گەورە و بەناوبانگەکانی سەردەمی رژێمی سەدام بوو).





ماوەی٤٠ ڕۆژیش لە زیندانی بادووشداماینەوە. لەو ماوەیەی کە لە زیندانی بادووش بووین، کە لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مووسڵە، منداڵانیان لە دایك دەسەند هەوڵیان دا کچە تەمەن ١١ ساڵانەکەم ببەن، بەڵام من قبووڵم نەکرد، بەهانەم هێنایەوە کە نەخۆشە، ئیدی ئەوان وازیان لە منداڵەکانم هێنا. دوای ئەو ٤٠ ڕۆژەی لە زیندانی بادووش بەسەرمان برد، شەوێك هاتن ئێمەیان لە زیندانەکە دەرهێنا و بەسەر گوندەکانی دەوروبەری تەلەعفەردا دابەشیان کردین. بەسەر ناوچەکانی (کەسر میحراب) و (قزل قیۆ)دا، ئێمەیان دابەش کرد. هەڵبەت تێکڕا بە هەزاران خێزانی ئێزیدیی دیلی دەستی داعش بووین. خۆراکی ڕۆژانەشمان یان تەنیا سەموون بوو، یان پارچەیەك پەنیر. ڕۆژی تەنیا دوو ژەم نانیان دەداینێ. زۆر دڵڕەقانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵمان دەکرد. سێڤێ درێژە بە بەسەرهاتی ڕۆژانی دیلیی دەستی داعش دەدات. وەك خۆی گوتی: پاشان لە تەلەعفەرەوە ئێمە، من و منداڵەکانم و سەدان خێزانی دیکەیان بەرەو سووریا برد. ئێمەیان بردە گەلە کێڵگەی ڕەققە. لەوێشدا ئێمەیان دابەش کرد. منیان بردە سەر کێڵگەی ئەلعومەر لە ڕەققە، ئێمە و نزیکەی شەست خێزانی دی. لەوێ لێم پرسین: ئێوە بۆ وا لە ئێمە دەکەن؟ بۆ ئەو هەموو دەردەسەرییەمان دەدەنێ؟ پێیان گوتیان: ئێوە کافرن و دەبێ

ببنە موسڵمان. لە گەلە کێڵگەی ڕەققە کچ و ژنانیان بەزۆر دەبرد و دەیانفرۆشتن. لە تەمەنی ١٠ ساڵ بەرەو ژوور، کچان و ژنانیان بەزۆر و ستەم لە خۆیان مارە دەکرد، پاشان بە تەنیا ١٠ دۆلار دەیانفرۆشتن. لەم کاتەدا کە ئەو سەربردە تاڵەی دەگێڕایەوە، سێڤێ چی دی قسەی بۆ نەکرا، لە هاڕژنی گریانی دا، فلاشباگی ئەو ڕۆژانە وەك هەوری ڕەش و تاریك بەری دڵ و دەروون و مێشکی گرت. بەدەم پاڕانەوەوە، هاواری دەکرد: "تکاتان لێ دەکەم خێزانە کوردی ئێزیدی لە زیندانەکان ڕزگار بکەن. ژنان و منداڵان دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر، سووکایەتیی زۆریان بەرەو ڕوو دەبێتەوە. ئەوەی ئافرەتان و منداڵانی ئێزیدی ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە خەیاڵ و مەزەندە بەدەرە." سێڤێ، پاش ماوەیەك دۆژداماان و حەسرەت، بە قسە هاتەوە: پاشان لە ڕەققە ئێمەیان بە کەسێکی توونسی فرۆشت. ئەو داعشەی توونس ناوی (ئەبوو سەیف) بوو. بۆ ماوەی دوو مانگ لە لای ئەبوو سەیف مامەوە، ئەو زۆر دڵڕەقانە و قین لەدڵانە ڕەفتاری لەگەڵ خۆم و منداڵەکانم دەکرد.





لەنێوان خۆیاندا، وەك مەڕومالآت سەودا و كڕین و فرۆشتنیان بە ئێمە دەكرد. ئایا ڕەوش لەمە سەخت و ئەستەمتر دەبێت؟ هیچ ژان و ئازارێك لەوەی ئێمە چەشتمان سەختتر نییە. من منداڵە ئێزیدیم دەبینی كە زۆر سەخت ئەشكەنجە دەدرا، ژنانم دەدی وەك ئاژەڵ دەستدرێژیی سێكسییان دەكرایە سەر. چەكدارانی داعش بێ سڵەمینەوە، بێ ئەوەی ترسی خودایان هەبێت، بە ئێمەیان دەگوت: دەبێ ئازار و ئەشكەنجەتان بدەین، ئەمەش كەمترین شتە كە دەرهەق بە ئێوە بیكەین. (ئەبوو سەیف)ی توونسی زۆر قین لەدڵ و دڵڕەق بوو، هەم بەرانبەر بە من، هەم بەرانبەر بە منداڵەكانم. بەردەوام لە من و لە منداڵەكانمی دەدا، ددانی منداڵەكانمی بە زەبری لێدان شكاند.



ژنەكەشی لە لێدان و كوتانی من و منداڵەكانم درێغیی نەكرد، هەروەها خەسووی ئەبوو سەیفیش كەمی پێ نەكردین. بەكورتی ئێمە لە لای ئەو خانەوادە داعشە، كەوتبووینە نێو زیندانێك كە هەموو ڕۆژێ تێیدا ئازار و ئەشكەنجە دەدراین. هەموو شەوێ چاوەڕێم دەكرد تا هەموویان دەخەون، ئەوجا كەمێ خۆراكم بە دزیی ئەوانەوە دەدایە منداڵەكانم، چونكە ئەوان بە ڕەوایان نەدەزانی، كە

بەو دیلییەشەوە پڕ بە زەك تێر نانە رەقیش بین. سێڤێ، درێژەی بە یادەوەری تاڵی ڕۆژانی دیلیی دەستی داعش دەدات و دەڵێ: دوای چەند مانگێك کە بە دروستی نازانم چەند مانگ بوو، ئەبوو سەیف منی بە چەکدارێکی دیکەی داعش فرۆشت، کە ئەویش هەر توونسی بوو. کڕیاری تازە، کە خۆی بە خاوەنی ئێمە دەزانی، ئێمەشی بە کۆیلە دەزانی، ناوی (ئەبوو عەبلە) بوو. ئەمیش وەك ئەوی پێشوو، هەم من و هەم منداڵەکانی دارکاری دەکرد، بەردەوام لێی دەداین. زۆر جار منداڵەکانمی لەبەر هەتاو بە قرچەی گەرما دەبەستەوە. ماوەی دوو مانگ لە لای ئەویش ماینەوە. پاشان ئەویش ئێمەی بە داعشێکی خەڵکی حەلەب فرۆشت، ئەمیان ناوی (محەمەد) بوو. ئەم منی ناچار دەکرد کوڕە بچووکەکەم بۆ جیهاد رەوانە بکەم، دەیگوت: ئەم مێردمنداڵانە شێرە کوڕانی خەلیفەن. سێڤێ لە گێڕانەوەی ئەڵقەکانی زنجیرەی تاڵاوی ڕۆژانی رەشی دیلبوونی لای داعش بەردەوام بوو.



ئەو گوتی: پاش مانگێك (ئەبوو عەبلە) داوای لە داعشێکی میسری کرد، کە ناوی (ئەبوول بەرا) بوو، کە من بکڕێت. ئەویش منی کڕی، بە هەمان شێوەی ئەوانی دی، (ئەبوول بەرا)ش زۆر دڵڕەق و دڵڕەش و دڕندە بوو. ڕێی پێ نەدەدام تەنانەت منداڵەکان بشۆم، دەیگوت ئەمانە ڕۆڵەی کافرن. پێی دەگوتم، ڕێتان پێ نادەین بچنەوە لای کەس و کارتان، تا برایانمان ئازاد نەکەن. مەبەستیان لە براکانیان، ئەو داعشانە بوون کە لە لای کورد بە دیل گیرا بوون. بە ئێمەشیان دەگوت: قڕتان دەکەین، کەستان ناهێڵین. سێڤێ، ڕۆژێکیان فرسەتی هێنا و لە دەستی داعش هەڵات، خۆی گەیاندە ناوچەکانی کوردستانی سووریا، لەوێشەوە بۆ کەمپی (چەم مشکۆ). ئەو دوای بەسەر بردنی ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار، ئێستا گەڕاوەتەوە زێدی خۆی.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

کچێکی رزگاربوو، ئەم تیشێرتەی پێشکەشکردین، کە چەندین جار لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە، ئەم تیشێرتەیان لێ داکەناندووە و دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری.

## (٩)

## کچێکی ئێزیدی تەمەن ٩ ساڵ لەماوەی سێ ساڵدا پێنج جار لەلایەن داعشەوە فرۆشراوە



فایزە کچێکی ئێزیدی تەمەن ٩ ساڵانە یەکێکە لەو سەدان کچ و ژنە ئێزیدییەی کە دوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە کەوتە ژێر دەستی ئەو گروپە تیرۆریستییە، فایزە دوای سێ ساڵ و نیو لە مانەوە لە ژێر دەستی داعش زمانی کوردی بیر چۆتەوە، فایزە لەو ماوەیەدا پێنج جار لەلایەن داعشەوە فرۆشراوە، ئەو کچە ئێزیدییە ئێستا (٢٠١٧) رزگار کراوە و لای دەستەی ژنانی کانتۆنی کۆبانییە "ئێمە خەڵکی گوندی رەمبوسەی قەزای شەنگالین، دوای ئەوەی داعش "سیبا شێخ خدر و تەل عزێل و گێر زرک"ی داگیرکرد بیستمان کە داعش بەرەو گوندەکەی ئێمە دێت، دوای بیستنی ئەو هەواڵە باوکم ویستی ئێمە لە گوندەکەمان هەڵبێن، لەو کاتەی کە ویستمان هەڵبێین دەنگی تەقە دەبیسترا، ویستمان بەرەو دهۆک

برۆین، کاتێک گەیشتینە یەکێک لەو خاڵانەی پشکنین کە پێشتر لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو بینیمان داعشی لێیە، داعش پرسیاری ئەوەی لە خەڵک دەکرد کە ئایا موسڵمانن یان نا، ئەو پرسیارەشیان لەباوکم کرد باوکم لە ترسا وەڵامی دانەوە و وتی کە ئێمە موسڵمانین، نەیان هێشت ئێمە دەرباز ببین، ئێمەیان خستە ئەمبیولانسێکەوەو بەرەو شەنگالیان بردین، لەوێ ئێمەیان بردە خوێندنگەیەک، لەوێ ژن و پیاویان لە یەکتر جیا کردەوە، بەتایبەت ئەو ژنانەیان دەبردن کە جوان بوون، باوکم دوو ژنی هەبوو داعش یەکێکیانی برد و ئێمەش لەگەڵ ئەوی تریاندا ماینەوە، هەر کەسێک کە هەوڵی هەڵهاتنی بدایە لە دەستی داعش جلوبەرگی سوریا لەبەر دەکرد و دەیان کوشت ".



ئەو کچە ئێزیدیە رزگار کراوە باس لەوە دەکات کە دوای ماوەیەک لە مانەوە لە شەنگال براوە بۆ تەلعەفەر و لەوێشەوە بۆ سوریا کە تا کاتی رزگارکردنی چەند جارێک لە سوریا فرۆشراوە.

"دوای ماوەیەک مانەوە لە شەنگال بەسەر چەند خێزانێکدا دابەش کرد لە تەلعەفەر من بەردەوام دەگریام نانم نەدەخوارد بۆ ئەوەی بتوانم براکەم ببینم، دوای ئەوە بە کەسێک فرۆشرام کە خەڵکی موسڵ بوو لای ئەویش بەردەوام دەگریام بۆ ئەوەی براکەم ببینم، توانیم براکەم ببینم، کاتێک کە براکەمم بینی پێم وت کە دەچم بۆ سوریا، لەراستیدا من نەم دەویست بچمە سوریا بەڵام ئەو کەسەی کە خەڵکی موسڵ بوو منی بردە سوریا، لە سوریا چەند هەفتەیەک لای ئەو کەسە مامەوە و دواتر منی فرۆشت بە کەسێکی تر کە خەڵکی شاری حەلەب بوو، دوو هەفتە لای ئەو کەسە مامەوە و دواتر ئەویش منی فرۆشتەوە بە کەسێکی تر کە هەر خەڵکی حەلەب بوو، دواتر بە کەسێکی تر فرۆشرام کە خەڵکی باب بوو، ماوەیەک لای ئەو کەسە مامەوە دواتر ئەو کەسە منی بردە شاری رەققە. "



دوای ئەوەی هاوپەیمانان شاری رەققە بۆردومان دەکەن و هەواڵی کەوتنی بەنداوی فورات بڵاو دەبێتەوە فایزە دەبرێتە شاری مەیادین لەوێی دەتوانێت لەرێی کەسێکی ترەوە ژمارەی تەلەفونی خاڵی و

مامی پەیدا بکات، فایزە داوای لە مام و خاڵی کردووە کە رزگاری بکەن، ئەو کەسەی کە دواجار فایزەی لابووە بۆ دەستبەردار بوون لێی داوای پارەی کردووە دوای ئەوەی پارەکەی پێ دراوە لە ناو شاری رەققە دەستبەرداری فایزە بووە.

لەگەڵ بەردەوام بوونی ئۆپراسیۆنی ئازاد کردنەوەی هەردوو شاری رەققە و موسڵ رۆژانە چەندین هاوڵاتی ئێزیدی بە تایبەت کچان و ژنان رزگار دەکرێن کە پێشتر لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستبەسەر کرابوون.





**پێشانگای مۆزەخانەیماڵەوەمان**

دەسمالی کچێکی کوردی ئێزیدی دوای ئەوەی ڕفێندراوە و کراوەتە کوێلە و سەبایە، ئەم کچە ئەیویست بەم دەسماله خۆی داپوشێ بەلام تیرۆرستان دەسماڵەکەیان فڕیدەدا و دەستدرێژییان دەکردە سەری.

# (١٠)

# چیرۆکی ئەو کچە ١١ساڵەی داعش چوارجار فرۆشراوە



سلیڤان

کچێکی رزگاربووی تەمەن ١١ساڵ کە لە شنگال لەلایەن داعشەوە سێ ساڵ پێش ئێستا فرێندراربوو، دەڵێت چوار جار فرۆشراوەو تائێستاش چاوەروانی دۆزینەوەی دایکی دەکات. سلیڤان، خەڵکی گوندی کۆچۆ-یە، رۆژی هاتنی داعش بۆگوندەکەی وەکو هەموو رۆژەکانی تر لەگەڵ منداڵەکانی هاورێیی لەبەردەم ماڵی خۆیان یاری دەکرد، لەناکاو هاورێکانی هەڵدێن بەرەو ماڵەکانیان دایکی سلیڤان-یش دەستی کچەکەی دەگرێت و بەرەو چیای شەنگال هەڵدێن. پێش دەرچوونی خەڵکی، داعش گوندەکە گەمارۆ دەدەن، سلیڤان تەنها کۆمەڵێك چەکداری جل رەشی دەبینی چەکدارەکان ریگری لەوان دەکەن بچنە دەرەوەو دەیان گێرنەوە بۆ گوندەکە.

سلیڤان دەڵێت، دوای ئەوە هەموو دانیشتوانی گوندەکە لەلایەن داعشەوە لەقوتابخانەی گوند کۆکرانەوەو لەوێ چەکدارەکان لەدایکی و خوشکەکانی دووردەخەنەوە.

داعش هەموو دانیشتوانی گوندەکە بۆموسڵ دەگوازنەوە، ئەوکات سلیڤان تەمەنی تەنها هەشت ساڵ بوو کە بەدیلی کەوتە دەستی داعش.
ئەو کچە باسی لەوەکردووە، دوای ئەوە براوەتە موسڵ فرۆشراوە بەچەکدارێك بەناوی ئەبو جەزراوی، دوو مانگ لای جەزراوی دەمێنێتەوە کە بەوتەی سلیڤان ئازارو ئەشکەنجەی داوە.
جەزراوی سلیڤان بەچەکدارێکی دیکە دەفرۆشێت بەناوی ئەبوسەعد، ئەبوسەعدیش بە چەکدارێکی دیکەی بەناوی ئەبو زوبێر دەفرۆشێت، دوای چەند مانگێکی دیکە بۆ چوارم جار سلیڤان بە کەسێك بەناوی ئەبوعامر دەفرشێت کە ماوەی سالێك خزمەتکار دەبێت لای ئەو.
دواتر سلیڤان بۆ شارۆچکەی مەیادین لە دێرەزووری سوریا دەگوازرێتەوە داعش پێی دەڵێن،  دایکی لە رەققەیە و لەوێی دەیبینێت.
سلیڤان بێهێوا بووبوو لە دۆزینەوەی دایکی بەڵام دوای رزگارکردنی لەلایەن شەرڤانانەوە، ئێستا(٢٠١٧) هیوای ئەوەی بۆ دروست بووە دایك ببینێتەوە.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**
عەڤری، دەسمالی کچێکی روو سۆری ئێزیدی رزگاربوو لە دۆزەخی داعش.

# (١١)
# بەناوی جیهادی نیكاحەوە ژنان و كچانیان دووگیان دەكردین



لەیلا مەحموود (٢٧ ساڵ) خەڵكی گوندی (كۆچۆ)یە لە دەڤەری شنگال، ئەو لە كاتی داگیركردنی شنگالدا كەوتە دەست داعش و ئێستا(ئەیلولی ٢٠١٦)، پاش رزگاربوونی لەو دۆزەخە، بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە: سەعات ٩ی بەیانی بوو،لەبەرانبەر یەكێ لە كێڵگەكانی باكووری گوندەكە دەسگیركراین، ئەو كێڵگەیە دەكەوێتە سەرووی ئەو ڕێگایەوە، كە بە باكووری گوندەكەدا تێپەڕ دەبێت، ڕووەوە بناری باشووری چیای شنگالیش دەڕوانێت.
لەیلا، درێژە بە ڕووداوی ڕۆژی ڕەشی دەسگیركردنەكەیان دەدات و دەڵێ: تێكڕا ٢٥ پیاو لەگەڵ ٧٠ ژن و منداڵ دەبووین. چەكدارانی داعش هەرچی پارە و پوول و زێڕ و مۆبایلی پێمان بوون، لێمانیان سەند. پاشان من بە چاوی خۆم دیتم، پیاوەكانی ریز كرد، یەك بە

یەك بە دەمانچە كوشتیانن. هەر ٢٥ پیاوەكەی ئێمەیان كوشت. كەسوكاری نزیكی ئێمە لەنێو كوژراوەكاندابوون، وەك هاوسەرەكەم و هاوسەری خوشكەكەم كە ناوی (خەلەف)بوو، هەروەها هاوسەری خوشكەكەی خەلەفیش كە ناوی (محۆ) بوو.




داعشەكان تەنیا چوار چەكدار بوون، بەڵام كێشەكە لەوەدا بوو، هەر ٢٥ پیاوەكەی ئێمە بێ چەك بوون، ئەگەر تەنیا یەك تفەنگیان پێ بوایە، چەكدارانی داعش نەیان دەتوانی لێمان نزیك بكەونەوە.

لەیلا لە گێڕانەوەی تراژیدیاکە بەردەوام دەبێت: کە بەبەر چاوی ئێمەوە پیاوەکانمانیان کوشت، هەموو ژنەکان لە هاڕژنی گریان و فیزاحیان دا، پاشان بە شین و پرچ رنینەوە بەرەو تەرمەکان چووین. من ویستم بچمە سەر تەرمی هاوسەرەکەم تا بۆ داویین جار بۆنی بکەم و ماڵئاوایی یەکجارەکیی لێ بکەم، چەکدارانی داعش تەقەیان لە بەر پێمان کرد و رێیان نەداین.




دوای ئەوەی داعش هەر ٧٠ ژن و منداڵەکەی گوندی کۆچۆیان راپێچ دا، لەیلا باسی ئەو شتانەش دەکات، کە لە رێی کۆچی بەناچاری و بە دیلییەوە، تووشیان هات: من ٢٥ تەرمم بە قەد پاڵی سەنگەرێکی گڵینەوە بینی. ئێمەیان بەرەو شارۆچکەی (سیبا شێخ خدر) برد. لەوێشدا، لە شەقام و کۆڵانی ئەو شارۆچکەیەدا تەرمی نزیکەی ٤٥٠ کەسمان بینی، تەرمەکان هی کەسانی تەمەن جیاجیا بوون، منداڵیشیان لەنێودا بوو. تەنیا لە نزیك بنکەی پۆلیسی سیبا شێخ خدر ٤٠ تەرم کەوتبوون، شارۆچکەکە چۆڵ و هۆڵ، تەنیا ئۆتومبیلی

داعش جاروبار بەنێو شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون، لەبەر بۆنی ئەو تەرمانە نەمانتوانی زۆر لەوێدا بمێنینەوە.. خەریك بوو لە تینووا چاومان سپی بێت.



لە پاش سێ سەعات، ئێمەیان بەرەو گوندی (گرزەرك) گواستەوە. داعش کەوتنە شکاندنی قوفڵی دووکان و کۆگاکان، بە چاوی خۆم دیتم دووکانی براکەمیان شکاند و تالانیان کرد. ئاویان بۆمان هێنا، وێڕای ئەوەی زۆریشم تینووبوو، بەڵام چەندی کردم دڵم ڕێی پێ نەدام ئاوی دەستی ئەوان بخۆمەوە.
پاش شەش سەعاتی دی، ئێمەیان بۆ قەزای بەعاج گواستەوە، بەنێو شەقامەکانی ئەو شارەدا دەیانسووڕاندینەوە، ژنانی عەرەبیش لە خۆشیی بەدیلگرتنی ئێمە، هەلهەلەیان لێ دەدا. کاتێك گەیشتینە بازگەیەك، لە ئوتومبیلەکان هاتینە خوارێ، حەوت ژنە عەرەبیش هاتن و قوتووی نوقڵیان بە دەستەوە بوو، بە هەلهەلە لێدانەوە

نوقلْبارانیان كردین، وەك ئەوەی ئێمە لە شایی و زەماوەندێكی ڕاستەقینەدا بین.
پاشان و لە هەمان ڕۆژدا ئێمەیان بۆ شاری شنگال گواستەوە و سێ سەعات سوڕاندینیانەوە لەو شارەشدا لەنێو شەقام و كۆڵاندا تەرممان بینی. پاشان بەرەو مووسڵیان بردین و ١٥ ڕۆژ لەوێدا ماینەوە، دواتر ئێمەیان بردە تەلەعفەر، لەوێش ٢٠ ڕۆژ ماینەوە. ئینجا ئێمەیان بردە گوندی (كەسرل میحراب) و ٤٥ ڕۆژیش لەوێدا ماینەوە.
لەیلای ڕزگاربووی دەستی داعش وردتر دەچێتە نێو تراژیدیای ڕۆژانی دیلییەكەی و دەڵێ: "كاتێك چووینە نێو كەسرل میحرابەوە، مۆبایلمان دەست كەوت و تەلەفۆنمان بۆ كەسوكارمان كرد، پاش ئەوە تا یەك ساڵی تەواو نەمتوانی هیچ پەیوەندییەك بە كەسوكارمەوە بكەم".



ئەو هەروەها گوتی: پاش بەسەرچوونی یەك ساڵ، ئێمەیان بۆ شاری ڕەققە لە سووریا گواستەوە، لەوێدا سەرینێكم بە سكمەوە شەتەك دا، ئیدی هەرچەندی تەماشایان دەكردم كە گوایە دووگیانم، لێم دوور

دەکەوتنەوە. پاش ١٥ رۆژ لە فێڵەکەم حاڵی بوون. ئیدی ژنان و کچانی دیلی دەستی داعش روومەت و روخساری خۆیان بە تەنی رەش دەکرد، تا داعش لێیان دوور بکەوێتەوە. جارێکیان چوار کچ لە رەققە خۆیان بە شێت پیشان دەدا، دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە بە درۆ خۆیان شێت کردووە، داعش کەوتە کوتان و لێدان و جەڵدە کردنیان.



وەك لەیلا دەڵێ: رۆژێکیان بۆم رێك کەوت تەلەفۆنم بۆ براکەم کرد، ئەو دڵنیای کردم منداڵەکانم ساغ و سەلامەتن. ئەویش سۆراغی هاوسەرەکەمی کرد، من راستییەکەم پێ نەگوت، کە بە کوژراوی دیتوومە، هەڵبەت هێندە بیرم لێ دەکردەوە، هاوسەرەکەم سێ جار هاتە خەونم و داوای لێم کرد مردنەکەی رابگەیەنم، جا بۆیە ناچار بووم ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەم کە شاردبوومەوە.
رووداوی خەمگین و کارەساتباری ئافرەتانی رووسووری کورد لە رۆژانی دیلایەتیی دەستی داعش، بەشێکی لە زاری لەیلا مەحموود دەبیستین، کە بەم جۆرە درێژە بە تراژیدیای بەدیلچوونەکەی دەگێڕێتەوە: دوای یەك مانگ ١٤ کچ و ژن بووین، ئێمەیان بەرەو (قەستەڵی خواروو) هەر لە سووریا گواستەوە. ئەو منداڵەی پێم بوو،

لێمیان سەند، غەزال کە ئافرەتێکی گوندەکەمان بوو، کچۆڵەیەکی زۆر جوانی بە باوەشەوە بوو، داعشێك هات ویستی بە زەبری هێز لێی بسەنێت، بەڵام غەزال بەرگریی کرد، لێدان و تێهەڵدان سوودی نەبوو.. داعشەکە تیخێکی لە باخەڵی دەرهێنا و سەر و بسکی غەزالی لە بێخەوە بڕی، ئەویش تا تینی تێدابوو هاوار و فیزاحی دەکرد و نەی دەهێشت پرچی ببڕن، داعشەکانی دی بەم دیمەنە پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەهات. دوای بڕینی پرچی درێژ و خاوی غەزال، داعشەکان گەمەیان بەو پرچە دەکرد و گاڵتەیان بە پرچی ژنانی چیا دەکرد، دەیانگوت: لەبەر چییە کوفر و جوانی پێکەوە لە چیادا هەن؟ کورد جوانییان هەیە و کەچی تا ئێستا بە راستی باوەڕیان بە ئاییني ئیسلام نییە، بەڵکوو هەموو دابونەریتێکیان پێچەوانەی ئیسلامە، ئەوان پەیڕەوی کوفر و گومڕایی و رێی باب و باپیرانیان دەکەن، نایەنە سەر رێچکەی ئیسلام.




پاش چوار مانگ لە قەستەڵەوە ئێمەیان بەرەو شاری منبج هەر لە سووریا گواستەوە. لە رۆژانی یەکەمم لەوێ هێندە ئازار و ئەشکەنجە درام، ناگوترێ. لەبەر ژانەپشت تا چوار رۆژ جوولەم پێ نەدەکرا. بۆ ماوەی یەك ساڵ بەم حاڵە مامەوە، چونکە ملم بۆ داعشێك

نەدەدا کە کرابوومە کۆیلە و بەندەی ئەو، هەرچەندە ئەو دوو ژنیشی هەبوو، کەچی زۆر چڵێس و داوێنپیس بوو. سەرەتا لە ژنی گەورەی پاڕامەوە، بەڵام ئەو تێر قسەی سووکی پێم گوت و دەری کردم، ژنە بچووکەکەی سەرەتا لەگەڵم باش بوو، چونکە دەیویست بەدەم داوای مێردەکەیەوە نەچم، بەڵام لەبەرئەوەی ژنە گەورەکە ئەویشی هان دەدا، ئیدی ئەویش لەگەڵم گۆڕا و خراپ هەڵسوکەوتی دەکرد. هەموو ڕۆژێ لە لای پیاوەکە سکاڵایان لێم دەکرد، دەیانگوت: ئەوە کوفر بە ئایینەکەمان دەکات، دەیەوێ هەڵبێت، لە کاتی خۆیدا نوێژمان لەگەڵ ناکات، دەڵێ من ئامادە نیم خواستی مێردەکەتان بەجێ بگەیەنم، زۆر جار دەیەوێ مۆبایلمان لێ بدزێت و تەلەفۆن بۆ کەسوکارە کافرەکەی خۆی بکات.. هتد.




لەو ماوەیەی لەو ماڵەدا بووم، ڕۆژانە هێندەم ئازار چەشتووە، کە هیچ ژنێك لە جیهاندا ئەوەندەی نەچەشتووە، بە پێلەقە، بە بۆکس، بە کێبڵ، بە دار و گۆپاڵ، هەرچی بکەوتایەتە دەستیان، منیان پێ دەکوتا. جارێکیان پیاوەکە پێلەقەیەکی قایمی لە زگم دا، ئەوکاتە

پۆستاڵی لەپێدا بوو، بەو پێلەقەیە بوورامەوە و تا چەندین رۆژ خوێن لە جەستەم رۆیشت. هێندە خراپ و بەدڕەوشتانە رەفتاریان لەگەڵ ئێمەدا دەکرد، رۆژگارمان تاریك و نووتەك بوون، جارێکیان کچە کوردێکی ئێزیدی ناوی (زەریفە) بوو لە شاری قەستەڵ، هێندە گوشاریان بۆ هێنا، لە داخان خۆی کوشت.



لەیلا مەحموود بەم جۆرە چیرۆکی رزگاربوونی لە دەستی داعش دەگێڕێتەوە: من هەوڵی هەڵاتن و خۆدەربازکردنم دا، خۆم لەنێو باخچەیەکدا شاردەوە. ئوتومبیلێك کەوتە دوام و هاواری دەکرد

"لەیلا لە کوێی؟ خۆت رادەست بکە باشترە." هەستم کرد بە دوای مندا دەگەڕێن، جا باخچەکەم جێ هێشت. سەعات ٨:٣٠ بوو، ئوتومبیلێك لە بەردەمم وەستا و منیش سەرکەوتم، منی بردە ماڵێك پیرەمێرد و پیرەژنێکی لێ بوو. حەوت رۆژ لەو ماڵەدا مامەوە، تەلەفۆنم بۆ کەسوکارم کرد، منیان بۆ شاری رەققە گواستەوە، منیان رادەستی قاچاخچییەك کرد، پاش ئەوەی سەبارەت بە بڕە پارەی رزگارکردنەکەم لەگەڵ براکەم رێك کەوت، لە پشتییەوە سواری ماتۆڕ بووم، بەنێو گرد و شاخ و باخ و دارستاندا گوزەری کرد، چەند جارێکیان لە سواری ماتۆڕەکە بەربووینەوە، بەڵام هەموو جارێکیان بە سەلامەتی هەڵدەستاینەوە، تا رۆژی ٢٠١٦/٤/١٢ خودای مەزن بەیەکجاری لە دەستی داعش رزگاری کردم.





**پێشانگای مۆزەخانەیماڵەوەمان**
فانیلە، پوشاکی کچە رزگاربوویەکی ژێر دەستی داعش.

# (١٢)
# کچە کوردێکی ئێزیدی چیرۆکی ڕزگاربوونی خۆی گەیاندە نەتەوەیەکگرتووەکان




دووەم کچە پەنابەری کوردی ئێزیدی، بە هاوکاری نوێنەری ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تراژیدیای ژیانی خۆی، لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش گێڕایەوە.
مەروە عەلیکو، کچە کوردی ئێزیدی، بە یارمەتی دانی دانۆن، نوێنەری وڵاتی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بۆنەیەکی تایبەتی ڕێکخراوەکەدا لە نیویۆرك، چیرۆکی خۆی گێڕایەوە و ئاماژەی بەوەکرد، بەر لە ڕزگاربوونی لەدەست چەکداران، بە سەبی کراوە.
مەروە، بەمشێوەیە چیرۆکی ژیانی ژێردەستی داعشی گێڕایەوەو گوتی: "ئەوان لەگەڵ ٥٢ کچی دیکە، لە چەند ژوورێکی بچووك

دانرابوون، شەوانە چەکدارانی داعش دەهاتن و هەرچییەکیان ویستبا لەگەڵیان دەکردن".
مەروە دەشڵێت: "دواتر پیاوێك هات و من و دوو خوشکمی وەکو کۆیلە فرۆشت، ئینجا ئێمەیان بەرەو سووریا گواستەوە".
مەروە ئاماژە بەوەشدەکات، بە سەدان کچە کوردی ئێزیدی، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستدرێژییان دەکرایە سەر.
ئەو دەڵێت: "بەردەوام ئێمەیان لە شوێنەکەوە دەگواستەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دواجار هەلێکم بۆ دەربازبوون بۆ ڕێککەوت و دەربازبووم".
دانی دانۆن، نوێنەری ئیسرائیل، گوتی: "گوێگرتن لە چیرۆکی مەروە سەختە، بەڵام پێویستە گوێی لێبگرین، ئەو کچە ئازایە دەتوانێت بە جیهان بڵێت کە ئەوەی ڕوودەدات جیهان دەهەژێنێت".





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

**صباح میرزا قاسم**

میرمنداڵێك، دوای ئەوەی لەلایەن داعشەوە دەستگیردەکرێت، دوای چەندین مانگێك بەموعجیزە خۆی لە دەستی دوژمنان و تیرۆرستان رزگار دەکات.

## (١٣)

## دوو خوشکی گەنجی ئێزیدی چیرۆکی دەستدرێژییەکانی داعش دەگێڕنەوە



دوو کچی گەنجی ئێزیدیی رزگاربووی ژێر دەستی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) چیرۆکی نەهامەتی و کڕین و فرۆشتنەکانیان لەلایەن چەکدارانی ئەو رێکخراوەوە ئاشکرا دەکەن.
غەزال، کە تەمەنی ٢٨ ساڵە، لەگەڵ بێزاری خوشکەکەی، کە تەمەنی ٢٤ ساڵە، چیرۆکەکانی رفاندن و فرۆشتنیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەگێڕنەوە و رایدەگەیەنن، کە ٧٠ کەسی

خێزانەکەیان، تاوەکو ئێستاش (٢٠١٥) لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدان.



غەزال دەڵێت: کە چەکدارانی داعش ئەوانیان لە شنگالەوە بۆ تەلەعفەر و دواتر بۆ مووسڵ گواستووەتەوە و لەو ماوەیەدا چەکدارەکان بەردەوام قسەی ناشیاو ناگونجاویان بە ئایینی ئێزدی دەگەت و دەیانگوت، ”لەبەر ڕەزامەندی خودا دەست بۆ شەرەفی ئافرەتانی ئێزدی دەبەن.“

ئەو دوو خوشکە، کە دوای ٩ مانگ لە ژێر دەستەیی داعش و مامەڵە نامرۆڤانەییەکانی، ڕزگاریان بووە، ئێستا(تشرینی یەکەم ٢٠١٥ ) لە یەکێک لە شوقەکانی دەورووبەری شاری دهۆک لەگەڵ برایەکیان، کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، ژیان بەسەر دەبەن و بڕیارە بۆ چەرەسەریی دەروونی، ببرێنە ئەڵمانیا. غەزال نەهامەتییەکانی خۆی و خوشکەکانی بۆ دوای کۆچی دوایی باوکی دەگێڕێتەوە، لەو کاتەی ئەو تەمەنی تەنها ٩ ساڵان بووە، بە تایبەت دوای ئەوەی دایکی شووی کردووەتەوە و منداڵەکانی لای مامیان بەجێهێشتووە. خوشکە

گەورەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، کە دوای دوو مانگ لە رفاندنیان، چەکدارانی داعش ئەوانیان بۆ شاری رەقە لە سووریا گواستووەتەوە و دواتر لە بیابانێک جێگریانکردن. دوای چەند رۆژێکیش کەسێک بەناوی باوکی مستەفا، کە بە رەگەز سوری و واڵی داعش لە حیمس بوو، ئەو و خوشکەکەی کڕیوە. دواتر باوکی مستەفا ئەوانی بە چەکدارێکی چیچانی بە ناوی ئەمیر سەحرا، کە فەرماندەیەکی سەربازیی داعش بوو، فرۆشتووە و ئەو چیچانییەش غەزال و بێزاری بە ئەبو یوسفی مەغریبی تەمەن ٦٠ساڵی فرۆشتووە. پاشان ئەبو دوجانەی تونسی، ئەبو زوبێری مەغریبی و چەکدارێکی سوری، یەک بە دوای یەکدا کڕیویانن.



غەزال، کە زیاتر لە خوشکەکەی قسەی کردووە، باسی ئەوەشی کردووە، کە ئەوان لەو ماوەیەی کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە، دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئەشکەنجە دراون و ئەبو دوجانە، کە

دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ غەزال بکات، دەمانچەی خستووەتە سەریان و داوای مسوڵمانبوونی لێکردوون، کەچی ئەوان مردنیان پێ باشتر بووە و ئەبو دوجانەش لە کوشتنیان پەشیمانبووەتەوە. غەزال وەسیەتێکی سەیری ئەبو یوسفی مەغریبی دەگێڕێتەوە، کە وەسیەتی بۆ چەکدارانی داعش کردبوو، دوای کوژرانی خۆی، غەزال و بێزاری بۆ بفرۆشن و پارەکەی ڕەوانەی کەسوکارەکەی لە مەغریب بکەن. ئەو کچە ئێزدییە ڕزگاربووەی ژێر دەستی داعش باسی پلانی هەڵاتنی خۆی و خوشکەکەی دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کە ئەو کاتەی "موڵک"ی چەکدارە سورییەکەی داعش بوون، بە یارمەتی کچێکی ئەو چەکدارەی داعش، بەرەو باکووری سوریا و ناوچەکانی ژێر دەستی هێزە کوردییەکان هەڵاتوون.





**پێشانگای مۆزەخانەی ماڵەوەمان**
پێڵاوی پیاوێکی رزگاربوو لە دۆزەخی داعش.

# (١٤)
# دژە تیرۆر ژن و منداڵێکی کوردی ئێزیدی لە قووڵایی دەسەڵاتی داعش ڕزگاردەکەن



فائیزا و کورەکەی

هێزێکی تایبەتی دژە تیرۆری سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئافرەت و منداڵێکی کوردی ئێزیدی لە قووڵایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش رزگار دەکەن.
هێزێکی دژە تیرۆر زیاتر لە چل وهەشت کاتژمێر بۆ ناو قووڵایی چەکدارانی داعش، بۆ رزگارکردنی منداڵ و ژنێکی کوردی ئێزیدی بە پێ ڕێگایەکی مەترسیدار دەبڕن.
ڕێگایەك پڕ لە مینی چێنراو پێویستە زۆر بە هۆشیارییەوە هێزەکەی دژە تیرۆر خۆیان بگەیننە ناوچەیەکی نزیك لە حەویجە, فائیزە باپیر مچو ئەو ژنە ئێزیدییە بۆ ماوەی دوو ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی داعشە, ئەو ئێستا(٢٠١٦) رزگار کرا.
کاتێك فائیزە لە گوندی کۆچۆ دەکەوێتە ژێر دەستی چەکدارانی داعش منداڵەکەی لە سکیدا تەمەنی چوار مانگ دەبێت.
دوا بەدوای رزگارکردنی فائیزە هێزەکانی ئاسایش پەیوەندی بە دایك و باوکییەوە دەکەن کە کچەکەیان رزگارکردووە, بەڵام تا نەیبینین بڕوا ناکەن.



فائیزا و دایکی فائیزا

دایکی فائیزە دەڵێت لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تەنها دوو جار بە دەنگی تۆمارکراو توانیومانە لەگەڵ کچەکەمان قسە بکەین و لە هەواڵی تەندروستی ئاگادار بین.



باوك و دایکی فائیزا و فائیزا و کورەکەی

باپیر مچۆ باوکی ژنە رزگار کراوەکە دەڵێت: ئەو کاتەی هێزەکانی ئاسایش هەواڵی رزگارکردنی کچەکەیانی پێدوان, ئەوان لە خۆشیان دەستیان بە گریان کردووە.
رزگارکردنی فایزە بۆ هێزەکانی دژە تیرۆر ئاسان نەبووە, تا چوونەتە قووڵایی دەسەڵاتی چەکدارانی داعش.
فائیزا بە دەم خەندەیکی پر لە ئومێدەوە و دوای ئەوەی بەدیداری دایك و باوکی شاد بوو، لە باوەشگرتنی پڕ لە میهر و گریانێك کە ئازارەکانی فائیزا و چاوەروانیەکی دایك و باوکی فائیزای نیشان دەدا، بۆ چەند ساتیك یەکتریان لە باوەش گرت پاشان فائیزا بە گرنژینەوە وتی:"ئەز کچم کچا کوردامە کولیلکا سەری پێشمەرگامە".



فائیزا و دایکی باوکی لە یەکەم دیداریاندا

فائیزە باپیر مچو دەڵێت:" سوپاس بو ئەوانەی بەم شێوەیە منیان لە قولایی دەسەلاتی داعشدا رزگار کرد، سوپاس بۆ سەرۆك مسعود بارزانی و ئاسایش و دژە تیرۆر و پێشمەرگە، کەمن و کورەکەمیان رزگارکرد".

# (١٥)

# کچە کوردێکی ئێزیدی ڕزگاربووی دەستی داعش: دەستدرێژی و ئەشکەنجە و جنێودان ژەمی ڕۆژانەمان بوو



سایە

لە جینۆسایدی شنگالدا، هەموو مرۆڤێکی ئێزیدی چیرۆکێکی تۆقێنەر یان ئازار و مەینەتییەکی بێ سنووری هەیە. هەڵبەت ئەوە ئەگەر ئەو ئێزیدییە چ نێر بێت یان مێ، جا چ خۆی یان یەکێ لە ئەندامانی خێزانەکەی نەکەوتبنە نێو چنگی داعشی چەپەڵ و دڕندەوە. هەر کەسێکی نێر کە کەوتە دەستیان، ئەوا چارەنووسی شەهیدبوون بوو.

خۆ ئەگەر ژن و منداڵیش بە دیلی بکەوتبانە دەستیان، ئەوا دژوارییی چیرۆك و بەسەرهاتی ئەوان لە وەسف و گێڕانەوە بەدەرە. چیرۆکی ئەوان زۆر لەو چیرۆکانە تێدەپەڕێنێ کە لە کارەساتی مرۆیی یان چیرۆکی پۆلیسیدا دەیبیستین، بەڕاستی ئەو چیرۆکانە هێندە سەخت و ئەستەم و دژوارن، مرۆڤ لە ناخەوە دەتاسێنن.



ئاخۆ دەبێ چیرۆکەکە چۆن بێت، ئەگەر هاتوو ئەو دیلەی کەوتە دەستی داعشەوە، کچە ئێزیدییەکی رووسووری نێو گوڵزاری کوردەواری بێت؟ لە هەمان کاتدا دڕندەکانی داعش باوك و براکانی ئەویان بەبەرچاویەوە گوڵلەباران کرد بێت؟ ئەمە چ تراژیدیایەکی سامناکە؟ ئەمە بە کورتی سەربردەی (سایە)ی رووسوور و سەربڵندە (سایە، ناوێکە خوازراوە، ناوی راستەقینەی ئەو پارێزراوە) پاش ئەوەی ماوەی یەك ساڵ و نیوی ژیانێکی سەختی

لەنێو تیرۆریستانی داعشدا بەسەر برد، ئینجا گەڕایەوە کوردستان و بە وڵات شاد بووەوە.



سایە(٢٥ ساڵ)، کچێکی شکۆمەندی شەهیدی گوندی (کۆجو)ە، ئەو تراژیدە چیرۆکی خۆی، وەك هەموو ئەو کچ و ژنانەی ئێزیدی کە دیلی دەستی داعش بوون، دەگێڕێتەوە.
سایە، بەم جۆرە باسی تراژیدیای دیلیی خۆی دەکات و دەڵێ: پاش ئەو کوشتارەی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/١٥ بە سەر گوندەکەماندا هات، یەکەمین ڕۆژ ئێمەیان بۆ گوندی (سۆلاغ) برد، ئێوارەی ئەو ڕۆژەش ئێمەیان بەرەو سووریا برد، ژمارەمان سەد کچ دەبوو.
ئێمە کۆمەڵێك کچ بووین بووینە بەشی سووریا، سێ پاسەوانی داعشیان لەگەڵمان ڕەوانە کرد، عیراقییەك و سعوودییەك و میسرییەك. پاش چەند ڕۆژێك ئەو کچ و ژنانە بە پێی تەمەن و جوانی، دابەش کراین. لە سووریاش لە یەکێ لە بارەگاکانی خۆیان لە شاری ڕەققە دەستبەسەر کراین. شوێنەکە خانوویەکی دوو نهۆمی بوو لەنێو باخچەیەکی گەورەدا، لە ناوچەیەکی چیایی کە هەر

چواردەوری دارستان و ئاو بوو، لە تەنیشت یەکێ لە گۆڕستانەکانی داعش. پاش ئەوەی گەیشتینە ئەوێ، کۆمەڵێك کچی دی هەر لە ٢٠١٤/٨/٣ـەوە بەر لە ئێمە لەوێ بوون. ئەوان خەڵکی گوندەکانی گرعوزێر و تەل قەسەب و گوندی دیکە بوون. ئەو شەوەمان لەوێ بەسەر برد، بۆ بەیانی ٦٥ ئەندامی داعش هاتن، هەر یەکەیان یەکێ لە ئێمەی بۆ خۆی هەڵبژارد. ئەو تیرۆریستانەی ئێمەیان بۆ خۆیان برد، هەر یەکەیان خەڵکی وڵاتێك بوون، سعوودی، فەلەستینی، میسری، ئیتالی، ئەمریکی و هی وڵاتی دیکەی بیانی. ئەو تیرۆریستانە هەر یەکەو کچێکی لەگەڵ خۆیدا برد. من و هەردوو خوشکەکەم و کۆمەڵێ کچی دی لەوێ ماینەوە.




هەژدە رۆژ لەگەڵ هەردوو خوشکەکەم مامەوە، یەکیان (سەنا) لە من بچووکتر بوو، ئەوی دیکەشیان کەڕ بوو. پاش ئەو ١٨ رۆژە، ئەمیرەکەیان (ئەمیری ویلایەتی شام) کە سعوودی بوو، ئەو دەیگوت

ناوم (محەمەد فەلاح)ـە، سعوودییەکی تەمەن ٢٧ ساڵان بوو، لە ڕەققەی سووریا ژنی هێنابوو. من و سێ کچی دیکەی خەڵکی گوندی کۆجوی کڕی. ئێمە چوار کچە کورد بووینە خزمەتکار لە ماڵەکەی، کە خێزانێکی گەورەی هەبوو. بەرلەوەی لە بارەگاکە دەرمان بکات، ئەو داوای لێ کردین لەگەڵی بچین. ئێمە ئەو داوایەی ئەومان ڕەت کردەوە، بەڵام زۆر خراپ لێی داین، قسەی زۆر پیس و ناشیرینی پێ گوتین، ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری داین. ئەوان ئێمەیان بە کافر دەزانی، سووکایەتی و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەداین، سووکایەتییان بە ئایینەکەمان و بە نەتەوەکەمان (ئێزیدی و کورد) دەکرد، پیسترین جنێوی لە دەم دەباری دەرهەق بە ئێزیدی و دەرهەق بە کورد. پرسیارم لە سایە کرد، ئاخۆ سەختترین ئەشکەنجە چی بوو کە تووشی هات؟ ئەو گوتی: لە کارەبادان بوو.



هەروەها گوتی: ئەو تیرۆریستە کاری بە مولیدەی ماڵێ دەکرد، لە کۆتاییی وایەرەکان گیرە هەبوو، ئەو گیرانەی لە دەستمان قایم دەکرد.. مەچەکی ئێمەی بە وایەری کارەبا شەتەك دەدا، ئیدی بەم

جۆرە لە کارەبای دەداین و ئەشکەنجەی دەداین. هەموو جارێ بۆ ماوەی یەك سەعات ئێمەی لە کارەبا دەدا، تا شەتەك و هیلاك دەبووین، پاشان ئێمەی فڕێ دەدایە ناو ئوتومبیلەوە. من تا ئێستا شوێنەواری ئەو ئەشکەنجەدانە بە جەستەمەوە دیارە. هێشتا شوێنەواری ئەو لە کارەبادانە بە مەچەکمەوە دیارە. جارێکیان زۆر بەتوندی لە سەرەوەی تەلارێك پاڵی پێوە نام و بە ٢٥ قادرمەدا کەوتمە خوارێ و لاقم شکا. زۆر جار دەستی لە پرچم دەنا و بەسەر قادرمەدا رایدەکێشام و بە شەق و بە بۆکس لێی دەدام، تا وام لێ دەهات خۆم پێ رانەدەگیرا و دادەڕمامە سەر عەرد. قاچی شکاوم زۆر ئاوسا، توانای رۆیشتن و خۆڕاگرتنم نەما، لەگەڵ ئەوەشدا وازی لێمان نەهێنا، بە پرچ من و هەر سێ کچەکەی دیکەی رادەکێشا. پاش ئەو هەموو لێدان و کوتانە، چ تین و تاقەتێکمان لە جەستەدا نەما، ئیدی ئێمەی فرۆشت و بڕە پارەیەکی لەبری فرۆشتنەکەمان وەرگرت و بە سواری ئوتومبیل ئێمەیان راپێچ کرد. هەرچەندە ئێمە قسەی ئەوانمان رەت دەکرد، بەرگریمان دەکرد، بەڵام ئەوان بە ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و کوتان و زۆرداری بەرەو رووومان دەبوونەوە.





سایە ئەوەشی گوت: من نازانم ئەو ئەمیرە سعوودیە چەند پارەی لەبری هەر چوارمان دایە پاسەوانەکە، بەڵام دەزانم بەرانبەر بە فرۆشتنی ئێمە، بڕە پارەیەکی زۆری دا، پارەکەش دۆلاری ئەمریکی بوو. ئیدی ئێمە بۆ ماوەی پێنج مانگ لە ماڵی ئەودا بووینە خزمەتکار، خواردنمان بۆ دروست دەکردن، جلمان بۆ دەشووشتن. لە ژیانی دیلی جاڕس بووبووین، بیرمان لە هەڵاتن کردەوە. ڕۆژێکیان خۆمان دزییەوە و هەڵاتین، بەڵام بۆ کوێ؟ ئێمە ناشارەزا بووین، دەمانزانی لە قووڵایی ئەو خاکەداین کە بە دەستی داعشەوەیە. دوای ئەوەی لە ماڵی ئەو ئەمیرە سعوودیە هەڵاتین، لە کووچە و کۆڵانی شاردا نەماندەزانی ڕوو بکەینە کوێ، تا تووشی کۆمەڵێك داعش هاتین و ئێمەیان دەسگیر کرد، بە لێدان و سووکایەتی پێکردنەوە ئێمەیان بەرەو یەکێ لە بارەگاکانی خۆیان برد. لەو بارەگایەدا، هەموویان داوایان لێمان دەکرد شوویان پێ

بکەین. ئەوەی قبووڵیشی نەکردبا، ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەدا. وێڕای ئەشکەنجەی زۆر، هەر چوارمان رازی نەبووین شوویان پێ بکەین. ئیدی ئەوان رۆژانە لەو بارەگایەدا ئازار و ئەشکەنجەیان دەداین، زۆر بە سەختی ئەشکەنجەیان دەداین، دەستی ئێمەیان بە پەنجەرە دەبەستەوە، ئێمەیان بە بن میچ هەڵدەواسی. من پێنج جار هەڵیانواسیم، هەر جارەی بۆ ماوەی دوو سەعات. زۆر جار بە سۆندە و بە کێبڵ جەستەی ئێمەیان هەنج هەنج دەکرد. بەڕاستی دڕندە و دڵڕەق و دڵڕەش بوون. نامرۆڤ بوون، هیچ هەستێکی مرۆییان لە دڵدا نەبوو. پێنج تیرۆریست بە نۆرە ئێمەیان ئەشکەنجە دەدا. هەموو کچانی رووسووری ئێزیدی ئەمە حاڵیان بوو. ئەوان داوایان دەکرد شوویان پێ بکەین، کە رازی نەدەبووین، ئەوان بە ئازاردان و ئەشکەنجەدان بەرەو روومان دەبوونەوە. ئێمە ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە سەختەمان لە پێناو پاراستنی نامووس و شکۆی ئایین و نەتەوە و خاك و کەسوکاری خۆماندا دەکرد.




سایە ئەوەشی گوت: ئەوان حەبی خەویان پێ دەداین، ئیدی ئەوکات ئاگامان لە خۆمان نەدەما، جا پاش بێهۆشکرنمان بە حەبی خەو، دەهاتنە گژ کچەکان، کە منیش یەکێك بووم لەوان، هەر چییەکیان

بویستایە، دەیانکرد، بە دەستدرێژیی سێکسیشەوە. ئێمە هەستمان بەو حەبانە نەدەکرد، چونکە بە بێئاگایی ئێمە، دەیانخستە نێو خواردن و خواردنەوەوە. پاش ماوەیەك بۆیان دەرکەوت کە ئێمە موڵکی ئەو ئەمیرە سعوودییەین، بۆیە ئێمەیان بردەوە ماڵی ئەو. بۆ ماوەی سێ مانگ لەو ژیانە پڕ لە مەینەتییەدا بووم، ڕۆژانە ئەوە ژیانی تفت و تاڵمان بوو. من بەو قاچە شکاوەم کە تەنانەت بۆشیان نەگرتمەوە. ڕۆژێکیان هەر چوارمانیان بردە بارەگایەکی خۆیان، بۆ ماوەی شەوێك لەوێداماینەوە. ئەو شەوەمان بە دەرفەت زانی، هەر یەکەمان بە لایەکدا هەڵاتین. هەرچەندە قاچیشم شکابوو، بەڵام گوتم با لە ڕێ بمرم باشترە نەك لەو ژیانە سەخت و ئەستەمەدا بژیم. من بەو هیوایە هەڵاتم، گوتم با بمرم نەك لەنێو ئەو دڕندانەدا بمێنمەوە.



کاتێك پێیان زانی، بە دواماندا هاتن، خۆم لە پاڵ دیواری قوتابخانەیەکدا شاردەوە، پاشان لە دەرگای ماڵێکم دا، ژن و منداڵێك

هاتنە دەرێ، لێیان پاڕامەوە پەنام بدەن، ئەوان رێیان دام بچمە ژووری بە مەرجێك بە کەس نەڵێم و کەسیش پێ نەزانێ. ئەوان قاچی منیان تیمار کرد، بۆ ماوەی یەك مانگ و نیو لەو ماڵەدا مامەوە. پاش ئەوە کەسێك خەبەری لێ دام، پێموایە یەکێ لە دراوسێکان خەبەری دابوو، ئیدی ئەو ئەمیرە سعوودیە هات و دیسان منی بردەوە ماڵەکەی خۆی، کە چووم دەبینم هەرسێ هاوڕێکەشم لەوێن، ئیدی بۆ جارێکی دی گەڕاینەوە و بووینە خزمەتکار لە ماڵی ئەو گەورە تیرۆریستە دڕندەیە. گەڕاینەوە سەر ئازار و ئەشکەنجەکەی جاران. رۆژانە لێدانمان دەخوارد، جاری وا هەبوو، هێندە ئازار و ئەشکەنجە دەدریان، بۆ ماوەی سێ رۆژ لە جێی خۆمان جووڵەمان پێ نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ناچاریان دەکردین کە دەبێ هەستین خزمەتیان بکەین و کاری ماڵەکە بکەین. دوای دوو جار هەڵاتن و دەسگیرکردنەوەم، بە کارەبا ئەشکەنجەیان دام، جارێکیان پاسەوانی بەر دەرگاکە لە کارەبای دام، جارێکیشیان ئەمیرەکە بۆ خۆی لە کارەبای دام. جارێکیان پاش ئەوەی بە میچی ژوورێکەوە هەڵیان واسین، کارەباشیان لێ داین، بۆ ئەوەی جارێکی دی توانای هەڵاتنمان نەبێت، چونکە بە ڕاستی لە کارەبادانەکە تین و تاقەتی بە جارێ دەبردین، تا یەك سەعات بەتەواوی لە هۆش دەچووین و ئاگامان لە هیچ نەدەما.






سایە دەشڵێ: پاش ئەوەی بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ماڵی ئەو ئەمیرەدا مامەوە، کە هەر هەمووی دەستدرێژی و کڕین و فرۆشتن و ئەشکەنجەدانی رۆژانە بوو، بۆم دەرکەوت ئەو ژنێکی سووریی هێناوە و تا ئێستاش لەگەڵی دەژی. ئەو بە کڕین و فرۆشتنی کچان، بەم بازرگانییە قێزەوەنە، کە وەك خۆی و دەوڵەتەکەی پیس و قێزەوەن بوو، پارەیەکی زۆری کۆ کردبووەوە.
لەبارەی ژیانی خۆی و هاوڕێکانی لە رۆژگاری دیلیدا، سایە گوتی: ئێمە هەر چوار ئافرەتە ئێزدییەکە تووشی هەمان جۆرە ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و کڕین و فرۆشتن و کاری دیکەی ناپەسند دەبووینەوە. وەك ئەو گێڕایەوە، زۆر جار گوێمان لێ دەبوو گەلێ لە ئافرەتانی ئێزیدیی دیل، خۆیان دەکوشت، خۆیان لە نهۆی دووەم و سێیەمی تەلار و خانوو بەر دەدایەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لەو ئازار و ئەشکەنجەیە رزگار بکردایە. کاتێك هێشتا هەر لەو بارەگایەی داعشدا بووین، ژنێکی ئێزدی کە هی ناوچەی سیبا شێخ خدرێ بوو، ناوی (أ د) بوو، لە خێزانێکی ناسراوی شنگال بوو، ویستی بە خۆ

بەردانەوە لە خانوویەکی دوو نهۆم کۆتایی بە ژیانی مەینەتی بهێنێ، بەڵام لووت و دەستی شکان. بە هەمان شێوە خوشکە کەڕولاڵەکەم و ئامۆزایەکم، ویستیان بە خۆبەردانەوە لە نهۆمی دووەمەوە خۆیان بکوژن، بەڵام قاچەکانیان شکان، ئەوان تا ئێستا لە بەردەستی داعشدان، هەر یەك لە ئێمەیان فڕێ دایە شوێنێك، تا ئاگامان لە یەك نەبێت.



سایە لەبارەی ڕزگاربوونییەوە گوتی: من زانیم ئەو گەمبۆزە حەبی خەوم بۆ دەخاتە نێو چاوە، ئیدی گەڕام تا حەبەکانم دۆزییەوە، هەندێکم لێ شاردەوە. ئیدی رۆژێکیان هاتەوە شەکەت و ماندوو دیار بوو، دوو حەبم بۆ خستە نێو چاوە، جا خەوێکی قووڵ بردییەوە. منیش مۆبایلەکەی ئەوم برد و بانگی هەرسێ کچەکەم کرد. یەکێکیان ژمارە مۆبایلی کەسوکاری لابوو، بە مۆبایل تەلەفۆنمان بۆ کردن. پاشان قسەمان لەگەڵ قاچاخچی کرد، ناونیشانی کەسوکاری خۆمان

پێ دان. هەموو جارێ بمانویستایە قسە لەگەڵ کەسوکار و قاچاخچیدا بکەین، حەبم بۆ دەخستە چاوە. ڕۆژێکیان یەکێ لە پاسەوانەکان گوتی با ئەو کچانە بپشکنین، نەبادا بە دزییەوە مۆبایلیان دەست کەوتبێت. گەڕان بەڵام چ مۆبایلیان پێمان نەگرت، خۆ بەڕاستی ئێمە مۆبایلمان نەبوو، بەڵکوو بە مۆبایلەکەی ئەو قسەمان دەکرد. پاش ساڵێك لە قسەکردن لەگەڵ قاچاخچی کە ناونیشانی کەسوکاری خۆمان پێ دان، کە بەردەوام حەبی خەومان دەدایە ئەو ئەمیرە سعوودیە، توانیمان بەرەو کوردستانی ڕۆژاوا ڕزگار بکرێین، پاشان بەرەو هەرێمی کوردستان گەڕاینەوە.



من بە سایەم گوت، ئەگەر پێت بڵێن، هەموو ئەو ئەشکەنجەیەی ئەو ماوەیە دیتت، بۆمان لە یەك ڕستەدا چڕ بکەوە، ئەو بە هەناسەیەکی قووڵەوە، کە بۆکڕووزی لێ دەهات، گوتی: من چ شتێك لەبارەی ماوەیەکەوە بڵێم، کە لەگەڵ دڵڕەقترین و دڕندەترین و نەگریسترین خەڵکانێدا بەسەرم برد، ئەوانەی باوك و برا و مام و خاڵ و هەموو پیاوانی گوندەکەی ئێمەیان لەبەرچاومان گوڵلەباران کرد؟

# (١٦)
# کچە رزگاربوویەکی ئێزیدی: نرخی ئێمە کارتێکی مۆبایل بوو



کچە ڕزگاربوویەکی ئێزیدی ئاشکرای کرد، ئەو کاتەی ڕفێندران، لە ماوەی چوار ڕۆژدا، لەلایەن ڕێکخراوی توندڕەوی داعشەوە بۆ شاری ڕەققەی سووریا گواستراونەتەوە و لەوێش زۆرترین تاوانیان بەرامبەر کراوە.

(ئا. س.) کچە کوردێکی ئێزیدیی رزگاربووە و چیرۆکی گیران و چۆنێتیی ئازاردانی، دەگێڕێتەوە.

(ئا. س.) ئاماژەی بەوە کرد، کە چەند چەکدارێکی داعش لە ناوەڕاستی مانگی ٨ـی ٢٠١٤، خۆی، دایک و باوکی و چوار برایان لە گوندی کۆچۆوە بەرەو مووسڵ رفاندووە. ئەو کچە کوردە ئێزیدییە هەروەها رایگەیاند، کە لە مووسڵەوە بە بارهەڵگرێک براوەتە شاری رەققە لە سووریا، ”لەوێ بە کارتێکی مۆبایل فرۆشرام“، دواتر دراوەتە چەکدارێکی داعشی کازاخستانی بە ناوی ئەبو موسافیر ئەحمەد. (ئا. س) بە گریانەوە باسی ئەوەشی کرد، کە

لەو ماوەیەی دەستگیرکراوە و رفێندراوە، رۆژانە خواردن و خواردنەوەی تێکەڵ بە مادەی هۆشبەریان پێدراوە و دوای هەموو نانخواردنێکیش، ”بێهۆش دەبووین.“

بە گوتەی ئەو کچە ئێزیدییە، چەکدارە کازاخستانییەکە چەندین کچی رفێندراوی لابووە و ناوە ناوە کەسێکی عێراقی و یەکێکی سووری دەچوون و بڕێک پارەیان دەدایە ئەبو موسافیر و کچەکانیان دەبرد، ”ئەگەر کچەکەش نەچووبایە، پەلکێشیان دەکرد و دەیان برد.“





(ئا س ) کچە رزگاربووی ژێر دەستی داعش

ئا. س. لە قسەکانی بەردەوام بوو و رایگەیاند، کە سێ جار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە فرۆشراوە.
ئێستا (٢٠١٧/١/٨) ئەو کچە، باوک و برایەکی بە هەوڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داعش رزگارکراون، بەڵام سێ برا و دایکی تاوەکو ئیستا لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان و چارەنووسیان نادیارە.



# (١٧)

# کچە ئێزیدییەك: تەنیا بەوە دڵخۆشم سەرۆك بارزانی بەڵێنی داوە هێزی پێشمەرگە تۆڵەی نامووسمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە



کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیلی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشـەوە تەواوکەری زنجیرە کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال و پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەی کوردە. چەکدارانی دڕندەی داعش لەو زنجیرە تاوانەدا، جگە لە ڕەشەکوژیی پیاوان و منداڵانی ئێزیدی، پاکیزەکانی ئێزیدییان کردە ئامانج و وەك سەبایە و دەستکەوتی شەڕ تا هەنوکەش (١٣ / ٨ / ٢٠١٥) لە بازاڕی شارەکانی بندەستی داعش لە سووریا و عێراق مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن، ژمارەیەکی زۆریش لەو ئافرەتانەی کە نەکەوتنە بەردەستی داعشییەکان، بێ خانوو و ماڵ و بێکەسوکار کراون و چارەنووسیان نادیارە و لە ناو

كەمپەكانی باشووری كوردستاندا بە فرمێسك ماكیاجی روخساریان دەكەن، یەكێك لەو ئافرەتانە باسی نەهامەتییەكانی خۆی دەكات.



جلێكی سەر تا پێ رەشی لە بەر كردووە، سەرپۆشێكی رەنگ شۆكۆلاتەی بە سەردا داوە، لەو دیوی دیوارە تەلبەندكراوەكاندا، لە ژێر دیوارێكی كەمپی (شاریا) لە كۆمەڵگەی شاریا-ی دهۆك دانیشتووە. تەمەنی لە ٢٠ بەهار تێناپەڕێت، بەڵام بەسەرهات و ئاریشەكانی ژیانی وایكردووە، گەلێك بەتەمەنتر نیشان بدات. خۆی بە سەبری ئەلیاس دەناسێنێت. كاتێك باسی یەك ساڵی رابردووی ژیانی دەكات، پێش هەموو شت، چەند وێنەیەكی خێزانەكەی

دەهێنێت و لە پڕ هەنیسکی گریان قوڕگی دەگرێت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: «ئێمە دانیشتووی گوندی (شێخ خدریّ) بووین، کاتێك داعش هێرشی کرد، خەڵکی گوندەکەمان ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام ئەو داعشانە چەکی گەورە و سەیارەی زلیان پێ بوو، زۆر ترسناك و دڕندە بوون، ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە دەیانکوشت، سەری چەندین پیاویان لە بەر چاوی منداڵەکانیان بڕی، خەڵك هەمووی هەڵدەهات و پیاوە وەحشەکانی داعش بە دۆشکە گوڵلەڕێژیان کردین، لە هەموو خێزانەکەمان تەنیا من دەرچووم، لە بەر چاوی خۆم دایك و باوك و خوشك و براکانم کوژران، ژمارەیەکی زۆری خەڵك کوژران، تەنیا ئەوانە دەرباز بوون کە بەرەو چیای شنگال ڕایان کرد.




داعشەکان ئەوەی گەنج و پیاو بوو، دەیانکوشتن و ئافرەتەکانیشیان دەرفاند. ئەوەی لە چیاکەش بهاتایەتە خوارەوە، لە لایەن داعشەکانەوە گوڵلەباران دەکرا، ئەوەشی لەویّ مایەوە، ژمارەیەکیان لە برسێتی و تینوویەتی و گەرمای هاوین گیانیان لە دەستدا. چونکە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە چیا بیّ نان و ئاو مابنەوە، دواتر فڕۆکەکان فریامان کەوتن و هەندێك خوارن و خواردنەوەیان بۆ

هێنابن، کە لە ئاسمانەوە فڕێیان دەدا خوارەوە، بەڵام ئەوەش بەشی هەموو خەڵکەکەی نەدەکرد، زۆر منداڵی ساوا و ژن و پیاوی بەتەمەن بەرگەی ئەو عەزابەیان نەگرت و گیانیان لە دەست دا».
سەبری بە ئارامیی فرمێسکەکانی لە سەر ڕوومەتی سڕییەوە و بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانی دا: «هیچ ئایین و ویژدانێك ڕێگە بە دەستدرێژیکردن بۆ سەر ناموسی خەڵك نادات. بەڵام داعش کچی خەڵك دەرفێنێت و کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکات. ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعش رزگاریان بووە، باسی ئەوەیان بۆ کردووین کە ژمارەیەکی زۆری کچەکانمان خۆیان کوشتووە، چونکە کچی ئێزیدی لە کەسی قبووڵ ناکات تەعەدای لێبکات، تەنانەت ئەگەر گیانیشی لە سەر دابنێت».



سەبری لە کۆتایی قسەکانیدا بە دڵێکی خەمبار و تۆڵەخوازەوە باسی ئەوە دەکات کە لە تەلەفزیۆن چاوی بە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەوتووە کە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٣ی ئاب لە دهۆک بەشداری لە ساڵیادی تاوانی شنگال کرد. هەر لەو بارەیەوە وتی: «کاك مسعود بارزانی لە دهۆك بەڵێنی بە هەموو شنگال و ئێزیدییەکان دا، تۆڵەمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە، منیش ئێستا

تەنیا بەو بەڵێنەی سەرۆك بارزانی دڵخۆشم کە هێزی پێشمەرگە تۆڵەی ناموسمان لەو نامەردانەی داعش بکاتەوە. هەروەها داوا لە بەرێزیان دەکەم هەموو هێزی خۆی بخاتە کار بۆ رزگارکردنی ئافرەتانی ئێزیدی لە دەستی داعشەکان و هیوادارم لەو عەرەبانەی ناوچەکەش خۆش نەبن کە دەستیان خستە ناو دەستی داعش و بوونە هۆکاری کوشتنی کەسوکارمان و سووکایەتی بە ئافرەتانی ئێزیدی.»

لە لای خۆیەوە خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «بەپێی ئەو ئامارانەی کە هەتا ئێستا (واتا تاکو ناوەراستی مانگی ٨ ساڵی ٢٠١٥) تۆمار کراون، ٥ هەزار و ٨٣٨ ژن، منداڵ و پیاو کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، هەتا ئێستاش(مانگی٢٠١٥/٨) توانراوە دوو هەزار و ١٤ کەس لە دەستی داعش ڕزگار بکرێن کە ٧٦٧ ئافرەت، ٣٠٠ پیاو، ٤٦٢ کچ و ٤٨٥ کوڕ. بۆزانی ئەوەشی خستەڕوو کە (دوای شەڕی داعش زیاتر لە ٤٠٠ هەزار ئێزیدی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و لە ١٨ کەمپی هەرێم ژیان بەسەر دەبەن).



## (١٨)
## داعش کچانی ئێزیدیی ناچاری خواردنی دەرمانی دژە دووگیانبوون دەکات



ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکا دەڵێ داعش کچانی ئێزیدیی بندەستی ناچاری خواردنی دەرمانی دژە دووگیانبوون دەکات. نیویۆرک تایمز لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەڵێ: "چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی کچانی ئێزیدیی بندەستیان ناچار دەکەن دەرمانی دژە دووگیانبوون بخۆن بۆ ئەوەی چەکدارەکانی دەستدرێژیی سێکسیی بکەنە سەریان". ڕۆژنامەکە کە چاوی بە زیاتر لە ٣٥ ئافرەتی ئێزیدیی ڕزگاربوو لە بندەستی داعش کەوتووە لە عێراق، لە زاریانەوە دەڵێ: "ئەوان دەرمانی دژە دووگیانبوونیان وەرگرتووە چی بە خواردن بێ یان بە ڕێگەی دەرزی یاخود هەردووکیان پێکەوە". ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئاماژەش دەکات کە: "لە دۆخێکدا بەلانی کەم یەکێک لە کچە ئێزیدییەکان ناچار کراوە منداڵەکەی لەبار ببات بۆ ئەوەی چەکدارانی (داعش) دەستدرێژیی سێکسیی بکەنە سەری و چەند ئافرەتێکی دیکەش فشار خراوەتە سەریان بۆ ئەوەی هەمان کار بکەن".

# (١٩)
# لەبەر ئەم هۆکارە ڕێگام دا داعشێک دەستدرێژی سێکسیم بکاتە سەر



ئەو ژنە ئێزیدیەی ناوی خوازراوی ڕێحانی لێنراوە لەگەڵ کوڕەکەی

ژنێکی کوردی ئێزیدی، کەخۆی لەژێر دەستی داعش رزگارکردووە باسی ئەو کاتە دەکات، کە تێیدا لەژێر دەستی چەکدارانی داعش بووە و کراوەتە کۆیلەی سێکسی دەشڵێت:" ڕێگام بە یەکەم چەکداری داعش دا دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرم، چونکە هەرکاتێك ڕێگریم لێکردبا لە منداڵەکەی دەدام و دەترسام بیکوژێت".

ڕێحان ئەو ژنە ئێزیدیە تەمەن ١٩ ساڵەیە، کە باسی بەسەرهاتە خەمناوییەکەی بۆ ڕۆژنامەی دەیلی مەیل-ی بەریتانی باسدەکات و سەرەتاش باسی ئەو کاتە دەکات، کە تێیدا لە ماڵەکەی خۆی بردراوە و دەڵێت:" لەگەڵ هاوسەر و کوڕەکەم لە ماڵەوەبووین کاتێك نزیکەی ٣٠ ئۆتۆمبێلی داعش هاتن و بردیانین بۆ تەلەعفەر، دواتر ژن و پیاوەکانیان لەیەکتری جیاکردەوە".

ئەو ژنە ڕەنگ زەیتوونیە کە قژێکی ڕەشی درێژی هەیە، لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی توندتر منداڵەکەی لەباوەش دەگرێت و بەدەنگێکی لەرزیوەوە دەڵێ:" لە زیادکردنێکدا بە پیاوێکی تورکمانی عێراقی کە چەکداری داعش بوو فرۆشرام" باسی ئەوەش دەکات ئەو نازانێت داعشە تورکمانەکە چەندی پێداوە، بەڵام ئەوەی بەبیرە کە دوای کڕینی بۆ ماوەی ١٠ مانگ لە ماڵەکەی خۆی زیندانی کردووە.



ڕێحان دەڵێ:" سەرەتا ویستم ڕێگای لێبگرم لەوەی دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرم، بەڵام کاتێك دەستی بە لێدانی کوڕە تەمەن یەك ساڵییەکەم کرد ناچاربووم چیدیکە بەرگری نەکەم، بە هەموو شتێك ڕازیبووم کە ئەو پیاوە بەرامبەری دەکردم تەنیا لەبەر خاتری کوڕەکەم"، ڕێحان دەڵێت:"کاتێك پرسیارم کرد چۆن دەتوانێ وام لێبکات؟" ئەو پیاوە بەسەرمدا هاواری کرد و گوتی " ئیسلام ڕێگا بەوە دەدات بەرامبەر ژنی ئێزیدی".

ژنەکە بۆ ماوەی ١٠ مانگ بەرگەی ئەو هەموو توندوتیژیەی گرتووە کە لەلایەن چەکدارە تورکمانەکەی داعش بەرامبەری کراوە و بە خەمناکییەوە دەڵێ:" دەترسام لەوەی بەسەر کوڕەکەم دێت دوای خۆم، بۆیە نەمتوانی خۆمبکوژم". رێحان جارێکی دیکە فرۆشراوە و بردراوەتە موسڵ، جاری سێیەمش بردراوەتە شاری رەقە-ی پایتەختی خەلافەتی داعش لە سووریا، لەوێش بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ لە ماڵێکدا ماوەتەوە کە دوو کچی دیکەی کوردی ئێزیدی لێ بووە هەر لەو ماوەیەدا ژنێکی دیکەی ئێزیدی و کچە تەمەن پێنج ساڵەکەی هێنراونەتە ئەم ماڵە.



لە هەموو دیمەنەکان ناخۆشتر بۆ رێحان، ئەو کاتە بووە کە تێدا ئەو چەکدارە داعشەی کڕیونی بانگی ئەو ژنە ئێزیدی و کچە تەمەن پێنج ساڵەکەی کردوە، بردوونەتییە ژوورێکی دیکە، لەوێش دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر ژنەکە و کێچەڵی سێکسی بە منداڵە پێنج ساڵانییەکەی کردووە. لەو کاتەدا رێحان بڕیاری راکردنی داوە، بۆیە حیجابێکی دزیوە و پیاوێکی سووری رازی بووە یارمەتی بدات،

ئەگەر ١٥ هەزار دۆلاری پێدات و ئەویش پەیوەندی بە دایکییەوە کردووە لە دهۆك، دایکی ڕێحان لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە پارەکەی کۆکردووەتەوە، لە بەرامبەردا پیاوە سووریەکە هێناویەتییەوە بۆ سنووری کوردستان.
ڕێحان ئێستا (٢٠١٥/٧/٨) لەگەڵ دایکی و کوڕەکەی لە کەمپی خانکێ دەژیت، هیوای بەوە نەماوە جارێکی دیکە باوکی و هاوسەرەکەی و دوو خوشکەکەی ببینێتەوە کە داعش بردونی. لە کۆتایشدا ڕێحان دەڵێت " دەمەوێت عێراق بەجێبهێڵم، بەڵام هیچم نییە، هاوسەرم نییە، هیچ هیوایەکیشم بەو وڵاتە نەماوە".




# (٢٠)
# ئافرەتێکی رزگاربووی دەستی داعش تووشی نەخۆشییەکی جیاواز بووە




"بێریڤان" ئافرەتیکێ ٢٠ ساڵە و خەڵکی گوندی حەردانی سەر بە شارۆکەی شنگالە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ کوڕێك بەناوی "تەلاڵ"، خەڵکی گوندی تەل قەسەبی سەر بە شارۆکەی شنگال پیك هێنا بوو، ئەوان کەوتبوونە دەستی داعش، پاشان ئەو ئافرەتە دوای سێ مانگ بەبێ هاوسەرەکەی رزگار کرا.
نزار شنگالی گەنجێکی نزیك ئەمماڵباتەیە و تەواوی چیرۆکی ئەوان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت، "بێریڤان" ئەو ئافرەتەیە کە لە سێی مانگی هەشتی ٢٠١٤ لە گەل "تەلاڵ" کەوتنە دەستی داعش و پاش سێ مانگ ئافرەتەکە لە شارێکی سووریا رزگار کرا، بەڵام تا ئێستا پیاوەکە لە دەست ئەو چەکدارانەدایە. زیاتر گوتی، ئافرەتەکە بە

بەردەوام دەڵێ "تەنیا ئەنگوستیلەم ماوە" و ئێستا باری تەندروستی باش نییە و دەڵێت کە ناتوانم بێ "تەڵاڵ" بژیم.



نزار زیاتر گوتی، هەر کاتێك بێریڤان گەنجەکان لە سەری کۆڵان ببینێت بێ هۆش دەبێت، یان وێنەیەکی هاوسەرگیری ببینێت بێ هۆش دەبێت و دەڵێت، چۆن تەلاڵ لە ماڵ نییە و چۆن لەگەڵمدا ناژیت؟. ئاماژە دەکات، ئێستا بێریڤان لە کەمپی بێرسڤێ سەر بە شارۆکەی زاخۆیە لە خێوەتێکدایە، و تەندروستی تێك چووە.
لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شارۆکەی شنگالدا گرت و هەزاران کوردی ئێزدیان کوشت و ئافرەت و منداڵانیشیان رفاند، تا لە کۆتایی ٢٠١٥ شارۆکەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە رزگار کرایەوە و تا ئێستاش سەدان لەو رفێندراوانە رزگار کراونەتەوە.





# (٢١)
## من هەر بە کچی ڕووناکی دەمێنمەوە




شیرین کچە ئێزیدی

لە ماڵپەڕی دۆیچە ڤێلەی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە، کچێکی ئێزیدی تەمەن ١٨ ساڵ کە لە لایەن داعشەوە دەستبەسەرکرابوو و دەستدرێژی سێکی لێکرابوو لە کتێبێکدا بەسەرهاتی خۆی لە ناو داعشدا دەگێڕێتەوە. کچەکە خۆی بە شیرین ناودەبات و کتێبەکەی ناوناوە " من هەر بە کچی ڕووناکی دەمێنمەوە" کە ڕووناکی لە ئاینی ئێزیدیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە. شیرین لە کتێبەکەیدا دەڵێت:" دراوسێ عەرەبەکانمان هەر لە کرێکارەوە هەتا دکتۆر هەموویان پشتگیری داعشییان دەکرد. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، لە دەستدانی کچێنی لای ئەو زۆر زەحمەتە چونکە باڵێکی نەریتخوازی ئێزیدی ئەمە بە شورەییەکی گەورە دەبینێت. بۆ نووسینی ئەم کتێبەش ئەلیکساندرا کاڤێلیوسی ڕۆژنامەنووس چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەم کچە ئێزیدییەدا ئەنجامداوە ئێستا ئەم کچە کە لە ترسی فراندن ناوی ڕاستی خۆی ناڵێت لە هەرێمی بادن ڤیرتیمبێرگ لە ئەڵمانیا

لەژێر چاودێری پزیشکیدایە و چارەسەری دەروونی بۆ دەکرێت. لە ئێستادا( شوباتی ٢٠١٦) یان کزڵهان، پزیشکی دەروونناس چارەسەری دەروونی بۆ شیرین و هەزار کچە ئێزیدی تردا دەکات. ئەم کچە خەڵکی گوندی حەردانە، داعش دایکی بردووە بۆ سوریا و خوشکە بچوکەکەی بێسەروشوێنە و براکەی کوژراوە، ئەمەش دوای نادییە موراد دێت کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا باسی دەستدرێژی سێکسی داعشی کرد لەسەر کچە ئێزیدییەکان.



# (٢٢)
## ئەو کچە کوردە ئێزیدیەی لە ماڵی ئەبوبەکر بەغدادی بوو



ئەو کچە کوردە ئێزدیەی لەنێو ماڵی ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دا بووە و رزگاری بووە، بەسەرهاتی خۆی لەو ماڵەدا دەگێڕێتەوە.
(د.ع) تەمەنی ٢١ ساڵانە و خەڵکی شنگالە. پاش هێرشی داعش بۆ سەر ئەو شارۆچکەیە و دەوروبەری، وەك تاڵانی دەکەوێتە دەست ئەو چەکدارانە و سەرئەنجام چارەنووس بەرەو ماڵی کەسی یەکەمی ئەو رێکخراوەی دەبات.
(د) نزیکەی ٢٠ رۆژ لەماڵی خەلیفەکەی داعشدا ژیاوە کە چاوی هەموو جیهانی لەسەربوو. ئەو کچە پاش رزگاربوونی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، چیرۆکی ئەو رۆژانەی گێڕایەوە.
لەبارەی کەسایەتی بەغدادی دەڵێت "کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو... خواردن و ژیانی زۆر جیاواز بوو، جار جار کتێبی دەخوێندەوە و زۆر جار دەمبینی بە ئینگلیزی قسەی دەکرد".

بەپێی زانیارییەکان تائێستا ١٣ کچی کوردی ئێزیدی چوونەتە نێو ماڵی ئەبوبەکری بەغدادی.



(د) چیرۆكی دەستگیرکردنی خۆی و خێزانەكەی لەسەرەتاوە گێڕایەوە كە چۆن پاش داگیركردنی شنگال ماوەی پێنج رۆژ خۆیان لەنێو خانوویەكدا لەناو ئەو شارە حەشارداوە. دوای ئەوەی دەدۆزرێنەوە و ئاشكرا دەبێت كە ئێزیدین، دەستگیریان دەكەن و دەیانگوازنەوە بۆ تەلعەفەر. لەوێ چەند رۆژێك لەگەڵ سەدان خێزانی دیكەی ئێزیدی لە قوتابخانەیەكدا رادەگیرێن.
ئەم كچە كە یەكێكە لە هەزاران قوربانیی دەستی تێفكرینی تایبەتی چەكدارانی داعش، بە دوو چاوی شین و پرچێكی زەردەوە كە لە زۆربەی كچەكانی تری ئەو ناوچەیەی جیادەكاتەوە، باسی لێكجیاكردنەوەی خۆی و خوشكەكەی لە خێزانەكەیان دەكات و دەڵێت:"رۆژی ١٤ی مانگی ئاب بوو. چەند چەكدارێكی داعش هاتنە نێو قوتابخانەكەوە لە تەلعەفەر، نزیكەی ٦٠ كچیان جیاكردینەوە و بە سێ پاس بەرەو سووریا كەوتینە رێ، كە گەیشتینە ئەوێ، ئێمەیان بردە هۆڵێكی گەورە".

(د) کە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، جار جار سەری بەرز دەکردەوە و بەترسەوە چاوێکی دەگێڕا و باسی ساتی بینینی ئەبوبەکر بەغدادی کرد. ئەو دەڵێت: "ئێوارەیەك گوتیان خەلیفە دێت، ئەوکاتە نەماندەزانی خەلیفە کێیە و ئەبوبەکر کێیە، بینیمان پیاوێکی ریش درێش هاتە ژوورەوە و هەندێ چاوی سوڕاند، کە چووە دەرەوە، یەکسەر من و دوو کچی تریان بانگ کرد و ئێمەیان برد".



ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، لەوەتای گرووپەکەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردووەوە (٢٠١٤) شاری مووسڵی کۆنترۆڵ کردووە، یەك جار لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەرکەوتووە کە لە مزگەوتێکدا لەناو شاری مووسڵ وتاری نوێژی هەینی دەخوێنێت.

ئەو کچە کە دەڵێت ماوەی نزیکەی ٢٠ رۆژ لە ماڵی ئەبوبەکر بەغدادی ژیاوە، لەبارەی ماڵەکەی دەڵێت:"من و هەردوو کچەکەی تریان برد و دوای ٢٠ خولەکێك گەیشتینە گوندێك لە پەڕی شاری رەققە، خانوویەکی جوان و رێکوپێك بوو، بەڵام ئاڵای داعش و شوێنی پاسەوانی لە دەوروبەری نەبوو، ئەوە ماڵەکەی ئەو بوو، ئەوکات تەنیا دەمانزانی کە ئەوە بەرپرسێکی گەورەی داعشە نەك

خەلیفەکەی ئەوان، چونکە خۆم قەت وێنە و ڤیدیۆی ئەوم نەبینیبوو، ئەو بە ئێمەی گوت ئێوە ئەم شوێنە خزمەت دەکەن".
بەقسەی ئەو، ماڵەکە زۆر قەرەباڵغ نەدەبوو، بە شوێنی پشوودانی ئەو دەچوو "نازانم لەبەرچی، بەڵام زۆر هاتوچۆی ئەو ماڵە نەدەکرا، خواردن لە دەرەوە دەهات و خواردنێکی زۆر خۆش و ڕێکوپێك بوو، لە رۆژدا زیاتر لە ماڵ بوو، کە شەو دادەهات لەماڵ دەردەکەوت و زۆرجار نیوەشەو دەگەڕایەوە".
ئەو کچە باسی سروشتی ئەو دەکات و دەڵێت "کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، هیچ جارێك دەنگی بەرز نەدەکردەوە، ژوورێکی تایبەتی هەبوو، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی تێدا بوو، دەمانزانی هەموو شتێکی لێیە، بەڵام بە ئێمەیان گوت کە نابێت قەت بچینە ئەو ژوورە".




کچەکە لەبارەی ئەو میوانانەی دەهاتنە ئەو ماڵە، دەڵێت "ئەو کاتەی من لەوێ بووم، چەند جارێك بینیم داعشی ئەمریکی و بەریتانی دەهاتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکردن و پاشان دەردەچوون".
ئەو باسی یەکەم هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی دەکات و دەڵێت:"پیرەژنێك هەبوو، لەنێو ماڵی ئەودا بوو، ئیشی ماڵەکەی دەکرد، جگە لەوە ژنێکی تری عەرەب لەگەڵ دوو منداڵدا کە

تەمەنیان لە نێوان ١٠ بۆ ١٤ ساڵی بوو، ئەوانیش لەو ماڵە بوون، دەیانگوت ئەویش ژنی ئەبوبەکرە، ئێوارەیەك بە پیرەژنەکەم گوت دەتوانی رزگارم بکەی؟ ئەو گوتی دەترسێم بمکوژن، وەرە پێکەوە دەرۆین، کە رۆیشتین، نەمانزانی هەر لە نزیك ئەو گوندە کەوتینە زاڵگەیەکی داعشەوە و لەوێ دەستبەسەر کراین، یەکسەر بردینیان بۆ زیندانێك کە دوو کچی تری بیانی لێبوون، یەکێکی بەریتانی و ئەوی تر ئەمریکی بوو، ئەوکات نەمدەزانی ئەوان رۆژنامەنووسن".



کە ئەبوبەکر ئەو شتە دەزانێت، داوا دەکات جارێکی تر ئەم کچە بگەڕێننەوە بۆ ماڵەکەی، ئەو دەڵێت:"جارێکی تر چوومەوە لای ئەبوبەکر، بەڵام ئەمجارە زۆر چاویان لەسەرم بوو، لە ژوورێکی تایبەتیان دانام و نەیاندەهێشت بە ئارەزووی خۆم بڕۆمە دەرەوە".
ئەو کچە باسی دووەم هەوڵی هەڵاتنی دەکات و دەڵێت:"ئێوارەیەك ئەبوبەکر و پاسەوانەکانی بە پەلە لەماڵ دەرچوون، هەستم کرد کەس لەماڵ نەماوە. کە تاریك داهات لە پەنجەرەیەکەوە هاتمە دەرەوە و

بەپێ رۆیشتم و چوومە گوندێکی نزیك و پەنام بردە بەر ماڵێك، ئەو ماڵەش منیان وەکو خزمەتکار لێکردبوو".

(د) دوای ئەوەی شارەزا دەبێت، خۆی پەیوەندی بە کەسوکارییەوە دەکات و خۆی رزگار دەکات، ئەو دەڵێت ئەو ماڵە زۆر متمانەیان بەمن هەبوو، دەچوومە دەرەوە و شتم بۆ دەکڕین، هەتا رۆژێك پەیوەندیم کرد بە کەسوکاری خۆمەوە، ئیتر بە رێگای هاوکاریی مادی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆم گەیاندە تورکیا و لەوێوە هاتمەوە کوردستان".

ئەو کچە دوای گەیشتنەوەی بە کوردستان ئینجا دەزانێت کە ئەبوبەکر کەسێکی ئەوەندە گرنگە.

(د.ع) دەڵێت:"کە وێنە و ڤیدیۆکانیم بینی، ئەوجا ترسام، ئێستاش لێرە زۆر دەترسێم، لەبەر ئەوە بەرێگای رێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەمرۆ سەفەر دەکەم بۆ وڵاتێکی ئەوروپا و نامەوێ بگەرێمەوە".

(د) لەپاش خۆی بە چەند مانگێك خوشکەکەشی بەشێوەیەکی جیاواز گەڕایەوە و دەربازی بوو، بەڵام هێشتا چارەنووسی باوکی و دایکی و دوو خوشك و سێ برای نادیارە.



## سەرچاوەکان

(1) تۆڕی میدیایی رووداو، لەلایەن نەوزاد مەحموود، کەنیزەکەکانی خەلافەت، زنجیرە ستۆرییەکە لەبارەی ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە داعش لە ئابی ٢٠١٤ رفاندوونی و دواتر وەکو "کەنیزەك" مامەڵەی لەگەڵ کردن، لە هەر زنجیرەیەکدا یەکێك لە رفێنراوان بەسەرهاتی خۆی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە.
(2)تۆڕی میدیایی رووداو
(3)داود موراد ختاری، وەرگێرانی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
(4) ئەنفالستان ئامادەکردنی: فلاح- مرادخان شاکرم
(5) ئا: تەها سلێمان سەرچاوە: والآی داود موراد خەتاری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك
(6) سایتی جینۆساید کورد - لە والآی داود موراد خەتارییەوە
(7) ماڵپەری باسنیوز- ڕیسالە شارکانی
(8) سایتی باسنیۆز- ڕیسالە شارکانی
(9) کوردسات نیوز
(10) ماڵپەری خەندان- خۆشناو حسێن
(11) سایتی باسنیوز - ریسالە شرکانی
(12) سایتی کوردستان ٢٤
(13) ڕۆژانە هەواڵ
(14) سوودم لە ڕاپورتی ڤیدیویی کوردستان ٢٤ بینووە
(15) سایتی باسنیوز، رسالە الشرکانی
(16) سایتی باسنیوز
(17) سایتی گۆڵان
(18) سایتی کوردستان ٢٤
(19) تۆڕی میدیایی رووداو- هەڵات رێبوار
(20)سایتی وشە - کاروان باعەدری
(21) لە ماڵپەڕی دۆیچە ڤیلەی ئەڵمانی
(22) تۆڕی میدیایی رووداو



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**
**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

---

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکان کە بەسەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خودا یاوەر بێت بڵاودەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان و مرۆڤ دوستان و توێژەران...
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خودا یاوەر بێت.

**(( من کێم ؟**
من کوڕێکی لادێیم و لە یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری بارزان ژیان بە سەر دەبەم ( شانازی بەوە دەکەم کە لادێیم) ، ژیانێکی سادە و ساکار گوندێك کە لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان کەموکورتی هەیە و تەنانەت هێڵی ئینتەرنێتمان زۆر خاوە و لە هەندێك شوێن و ماڵی گوندەکە شبەکەی ئینتەر نێت هەر نیە و هێڵی موبایلیش نیە، ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێبی تازە چاپکراو دوای چەندین مانگ مەگەر خۆم رێگام کەوتە شارەکان و لە بازار بەدەستم بکەون. دوورم و بێ بەشم لە کتێبخانە و سەنتەری رۆشنبیری و کافی و کۆنفرانسی ڕۆژانەی شارەکان.
بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی چەوتی حکومەتی عێراق و حزبی بەعس دوور لە لادێیەکەم، لە ئۆردووگایەکی زۆرەملێ و لەژێر کۆنترۆڵی توندی حکومەتی بەعسدا و لە قۆناغەکانی سیاسەتی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە دایکبووم.
تەمەنم کەمتر لە ساڵێك بوو، باوکم لە گەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە لایەن سەدام حوسێن و حزبی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوە. ئێستاشی لە گەڵدا بێت نازانم باوك چییەو بەدوای ڕامانی باوکدا دەگەڕێم ...))

**زانیاری کەسی**
**١-ناوی چواری:** ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا یاسین
**٢-ڕێکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤
**٣-شوێنی لەدایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.
**٤-شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر-پارێزگای هەولێر.
**٥-بڕوانامە:** بەکالۆریۆس
**٦-دەرچووی:** کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی ساڵی(2006 - 2007)
**٧- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**
-بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).

-سەرپەرشتیاری مۆنۆمێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان (لە ساڵی٢٠١١ تا ئێستا)
-نووسەر
-توێژەری كۆمەڵایەتی (پێشكەوتوو).
-راوێژكار لە رێكخراوی شیرین بۆ پرسی جینۆساید
-لە رێكخراوی داكۆكی لە قوربانیانی گۆڕە بەكۆمەڵەكان
**٨-باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەڵ خێزان و دایكم دەژیم و تاقانەم لە برا.
**٩-موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١
**١٠-بواری داهێنان و پسپۆڕی و كارە خۆبەخشییەكان:**
-شارەزاو چالاكوان لە بواری جینۆسایدی گەلی كورد و كوردستان بە گشتی و بارزانیەكان بە تایبەتی و ئەنفال و كۆمەڵكوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان, بوارەكانی مافەكانی مرۆڤ و كاركردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفكردن و رزگاربووان و بەجێماوانی تاوانەكانی جینۆسایدو تاوانەكانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەكان و كەیسە نەتەوەیی و نیشتمانیەكان. هەروەها شارەزا لەبواری بەدیكۆمێنتكردن و بە ئەرشیفكردن و بیرەوەری و یاد و یادەوەری.
-خاوەن (٥٧) پەنجا و حەوت كتێبی چاپكراوم, كە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و كۆمەڵكوژی و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەكان بەگشتی. هەروەها چەندین كتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەكادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم, دواتر وەك توێژینەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەكان سودیان لێ بینراوە و بڵاوكراونەتەوە, ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
-دوو كتێبم لەم پەنجا و حەوت كتێبە چاپكراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەكارهاتوون و سودیان لێبینراوە و ئێستا لە قۆناغەكانی خوێندن (لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەكان)دەخوێندرێت.
-خاوەنی زیاتر لە (٥٥٠٠) پێنج هەزار و پێنج سەد بەڵگەی جۆراو جۆری تایبەت بە تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەكان و ئەنفال و جینۆسایدی كورد و كوردستان كە بەشێوازی نهێنی و ئاشكرا لە لایەن حكومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون و دەچوون.
-خاوەنی زیاتر لە (٤١٠٠٠) چل و یەك هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی كوردو كوردستاندا هاتوون.
-خاوەنی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار چاوپێكەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و كەسوكاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەكان . ( یادەوەر و میموری دەنگ و روخساریان ).
-سودێكی زۆر لە بەڵگە و وێنە و كتێبەكانم بینراوە (لە دادگادی باڵای تاوانەكانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە كەیسی جینۆسایدی بارزانیەكان) هەروەها ئەندام بووم لە

کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحالەکانمان ئەنجامدەدا.
-تا ئێستا هاوکاری سەدان قوتابیم لەسەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە) و تەنانەت دەروەی وڵاتیش کردووە بەمەبەستی (دەستنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی -پێبەخشی دەرچوون- بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جۆر و قۆناغەکانیان, مێژوو و خەبات و قوربانیدان و ژینگە و سروشت و کولتوور و ... هتد لە گشت بوارەکاندا بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب و هاوکاریکردن و هاندانیان.
-لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە سەدان هەزار کەس کردووە و بەردەوامیشن, لە نزیکەوە لە شێوەی سیمینار و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قۆناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بۆ میوانان و مرۆڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست, میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناوخوی وڵات:(سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ...هتد), ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).
ئەمە جگە لە چاوپێکەوتن و باسکردنی ئەم نەهامەتیانەو زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ ڕاپورتی ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیانی و ناوخۆیی ( بینراو و بیستراو خوێندراو), لە چەندین بەڵگە فلم و ڕاپورتدا بەشداربوومە, کە مەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە, بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١١-ئەو بیرۆکە و پرۆژانەی دامهێناون:**

**-مۆزەخانەی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ( مۆنومێنت )**

دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان -بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرد و مۆزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هوڵانەدا دانران و لەوکاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

**-مۆزەخانەی لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە**

لە ساڵی ٢٠١٧ مۆزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پێکهاتووە لە کەرەستە و جلوبەرگ و یادگاری شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش, پێشکەشم بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك مۆزەخانە لە هوڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جلوبەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلوپەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

**-مۆزەخانەی ماڵەوەمان**

لەماڵەوەش مۆزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جلوبەرگ و بەڵگە و هەروەها مۆزەخانەیەکی کولتووری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجانداین.

**-پرۆژەی ( نەمامێك بروێنە و دوو کتێب بە دیاری وەربگرە).**

سڵاو و ڕێز بۆتوی ئازیز و ژینگە دوست، من ( ڕێبوار ) و هاوسەرم ( ڕێزان ) دەستخوشێت لێدەکەین و هیوادارین نمونەتان هەر زۆر بێت، سوپاس بۆ بەشداریکردنتان لە پرۆژەی (نەمامێك بروێنەو دوو کتێب بە دیاری وەربگرە)، بەم بوونەیەوە ئێمەش ئەم دوو کتێبەت پێشکەش دەکەین بە ئومێدی سوود بینین و بەردەوام بوونت لە چاندنی نەمام و چاودێریکردنیان. ئەمەی ئەنجامانداوە ئەرکێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی یە و ئەرکی سەر شانی هەموومانە  نیشتمان ئاوەدان و جوانتر و سەوزتر بکەین.
لەم نیشتمانەدا جوانیەکانی(مرۆڤ و خاك و سروشت) لە نێوبراون و سراونەتەوەو ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکراون، مرۆڤەکان زیندەبەچاڵکراون لە سێدارەدراون بە بێ دادگا، جوانیەکانی مرۆڤیان لەم خاکەدا شێواندووە، تاوان و زۆرداری و ئەشکەنجە و زیندانی و ڕاگواستن بەرامبەر بە مرۆڤ کراوە و کولتوور و فەرهەنگ و ئاین و یاسا و بەها بەرز و پیرۆزەکانی مرۆڤ سراونەتەوە.
خاکەکەمان دابەشکراوە و لەنێوبراوە، ژینگە و سروشتەکەمان سوتێنراوە و شێوێندراوە ئەمانە و سەدان جوانی تر ناشرینکراون لە لایەن نەیارانی کورد و کوردستانەوە.
دەسا با هەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست جوانیەکانمان بگەڕێنینەوە و ژینگەکەمان زیندوو بکەینەوە.

(من) و (ڕێزان) وەکو دوو نووسەر و دوو هاوسەری لادێ نشینی گوندی بازێ لە دەڤەری بارزان بەمەبەستی جوانترکردن و پاراستنی ژینگە و سروشتی کوردستان ئەم پرۆژەمان پێکهێناوە و بەردەوام دەبین ئەگەر خودا یاوەربێت.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
نووسەرو توێژەری کۆمەڵایەتی

ڕێزان سالح بارزانی
نووسەر و چالاکوانی بواری ئافرەتان

**-پرۆژەی ( کتێبێك لە دوای خۆم بەجێ دێلم )**

ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامە، بۆ هەرشوێنێکی گشتی بچم کتێبێك لەم دەزگا و فەرمانگە و سەرتاشخانە نورینگە و کافی و ... هتد بە جێ دێلم و پێشکەشیان دەکەم.

**-پرۆژەی (با قوتابیانیش لە یاد نەکەین)**

ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامەو قوتابیانی یەکەم و دووەم و سێیەمی گشت پولەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسۆر خەلاتیان دەکەم بە چەندین کتێب و فەرهەنگی جۆراو جۆر.

**-پرۆژەی ( پێبەخشی دەرچوون )**

ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامە، ئەمەیان تایبەتە بەقوتابیانی زانکو و پەیمانگایەکان ئەوانە پێبەخشی دەرچوون (بەحس تەخرج) و ڕاپورت و بابەت و توێژینەوە پێشکەش بە زانکو و فاکەلتی و بەشەکانیان دەکەن، لێرەدا ساڵانە چەندین قوتابیی لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵاتیش پەیوەندیمان پێوە دەکەن و سەردانمان دەکەن لە کتێبخانەکەی ماڵەوەماندا، بابەت و ناونیشانی توێژینەوە و بەرنامە و پلانی باسەکانیان و کتێب و بەڵگە و سەرچاوەیان پێشکەش دەکەین بە مەبەستی بەهێزترکردنی توێژینەوەکانیان و دواجاریش بەبەردەوامی چەند توێژینەوەیەك لە چوار چێوەی کتێبێکدا چاپ و بڵاو دەکەینەوە.

**-پرۆژەی (کتێبەکانم بە خۆرایین )**

هەموو کتێبەکانم بە خۆرایی و بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران دەکەم، ئەمە تەنیا بۆ چاپی یەکەم بۆ چاپەکانی تریش ٥٠% بەخۆرایی پێشکەش دەکرێن و ئەوانی تریش دەخەمە بازار بەمەبەستی بەچاپ گەیاندنی کتێبێکی تر و هەندێ جاریش داهاتی کتێبەکانم دەبەخشم بۆ کاری خێرخوازیی، جگە لەمانەش گشت وێنەو بەڵگەو دیکۆمێنتەکان بەدیاری دەبەخشم.

زۆربەی کتێبەکانم لە ( کوردیپیدیا ) بڵاوکراونەتەوە بەخۆرایی دەتوانن داونلودی بکەن و سودی لێ ببینن تاکۆ ئێستا واتا پایزی (٢٠١٩)، لەم سایتەدا (١٠٦٥٣) دە هەزار و شەش سەدوو پەنجاو سێ کەس کتێبەکانمیان داونلود کردوو و سودیان لێ بینیوە. لینکەکەی:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2013121413183287247&lng=1

ئەمە جگە لە ویبسایتی تایبەتی خۆم کە هەزاران کەس سودیان لێ بینیوە، لینکەکەی:

https://rbarzani.wixsite.com/barzani?fbclid=IwAR1U_R1brtmna2bazoFi0bmiH_ZeFcb27imNXxMrWVvQJpo71aI3TgRt00Y

**١٢-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

-لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
-لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
-وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
-وەك بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو .
-وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
-وەك نووسەر و چالاکوانێك.
- وەك کورە شەهیدیکی باوك جینۆسایدکراو.

بە دەیان سوپاسنامە و ڕێزلێنانن، خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و ڕێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی و ناحکومیەکان و ڕێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناوخۆیی و بیانین).
هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمینارم بۆ زانکو و پەیمانگایەکانی کوردستان و ڕێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بەپرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جۆراو و جۆری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین ڕێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا. لە چەندین مۆزخانە و مۆنومێنت سیمینارم پێشکەش کردوون لەمانە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە ئاوشفیتزی وڵاتی پۆلونیا، گەورەترین مۆزەخانەی جەنگی جیهانی دووەمە کە لە لایەن نازییەکانی ئەلمانیا و هیتلەرەوە ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە ئەنجامدراوە لە هەمان ئەو گیتۆیانەی لە کاتی خۆی بە زۆرەملێ بە ڕاگوێزاو و بەندکراوە جولەکەکانی ئەوروپا دروستکراون لە لایەن نازییەکانەوە. چەندین کتێب و بەڵگە و دیکۆمێنتم پێشکەش بەم مۆزەخانەیە کردوون، هەروەها لە لایەن مۆزەخانەی ناوبراویش ڕێزلێنان و کتێبم پێشکەش کراون.

**پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی**

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

| | |
|---|---|
| ١ | ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان |

| | |
|---|---|
| | بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا |
| ٢ | بارۆقی لە ناوبردنی بارزانیەکان |
| ٣ | مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان. |
| ٤ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان. |
| ٥ | جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا |
| ٦ | شەهیدە بێ ناسنامەکان |
| ٧ | شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم |
| ٨ | پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا |
| ٩ | بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم |
| ١٠ | کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان |
| ١١ | جینۆسایدی باوکان |
| ١٢ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان |
| ١٣ | جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ |
| ١٤ | تراژیدیای چیای شنگال |
| ١٥ | لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان |
| ١٦ | (ن) نوون |
| ١٧ | ئاڵای کۆماری کوردستان |
| ١٨ | فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان |
| ١٩ | قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين |
| ٢٠ | جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەسەدەی بیست و یەکەمدا |
| ٢١ | لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی |
| ٢٢ | گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە |
| ٢٣ | چیرۆکە نەبیستراوەکان |
| ٢٤ | چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش |
| ٢٥ | فرمێسکەکانی شنگال |
| ٢٦ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە هەشت پێشمەرگەی قارەمان |
| ٢٧ | ژانی کوردستان |

| | |
|---|---|
| ٢٧ | یادگاریەکانی شەهید شیفا گەردی |
| ٢٩ | داعش و شەڕی شوێنەوارەکان |
| ٣٠ | تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە |
| ٣١ | ئازارەکانی ژنانی ژێر دەستی داعش |
| ٣٢ | داعش ئەشکەنجەی منداڵە بارمتەکانی داوە لە کۆبانێ |
| ٣٣ | Kuştina ji qestan ya sivîlan ji aliyê DAÎŞê<br>قتل عمدي لمدنيين بأيدي داعش |
| ٣٤ | داعش لەکاتی پاشەکشەدا ماددەی کیمیاوی بەکارهێناوە |
| ٣٥ | ئەم منداڵە ئێزیدیە |
| ٣٦ | دەربازبووانی دەستی داعش |
| ٣٧ | زيجات قسرية وأسلمة للإيزيديين |
| ٣٨ | سوريا / تركيا ـ ألغام أرضية تودي بحياة المدنيين الفارين من كوباني |
| ٣٩ | بيت السبايا لبيع النساء |
| ٤٠ | قصص وحكايات أيام الأسر تحت يد داعش |
| ٤١ | قصص مخيفة من سبايا "داعش" |
| ٤٢ | ذوات الربطات البيضاء |
| ٤٣ | سوق الخلافة ـ الدولة الاسلامية ـ داعش |
| ٤٤ | مأساة السبي |
| ٤٥ | سوق الرقيق لتنظيم الدولة الإسلامية (داعش) |
| ٤٦ | فرار از جهنم داعش |
| ٤٧ | خاطرات تلخ |
| ٤٨ | سیاه و سفید، دختران ایزدی به اسارت درآمده داعش |
| ٤٩ | آزارهای شنگال، به روایت خود زنان نجات یافته |
| ٥٠ | کۆبانێ، زامێکی دیکە لە جەستەی نیشتماندا |
| ٥١ | چیرۆکەکانی مەرگ و ژیان لە موسڵ |
| ٥٢ | هاواری کچانی نیشتمان |
| ٥٣ | ژانی نیشتمان |
| ٥٤ | شنگال زامێکی تری نیشتمان |

| | |
|---|---|
| ٥٥ | پاكیزەكانی شنگال |
| ٥٦ | ئالان، مندالّە خنكاوەكەی كەنار دەریا |
| ٥٧ | بیانكوژن |
| ٥٨ | شێخی بارزان |
| ٥٩ | بیانسوتێنن |
| ٦٠ | شەش ڕۆژ لە ناو حەوشە تەلبەندكراوەكەی دادگا |
| ٦١ | ئەنفال لە بەغدا |



**ئەم كتێبانەش لە ژێر نووسین دان و هندێكیان ئامادەی چاپن:**

٦٢- جۆگرافیای دەڤەری بارزان
٦٣- ئەشكەوتی شانەدەر ( دەروازەیەك بۆ ناساندنی لایەنە ون و شاراوەكانی )
٦٤- جینۆساید نامە
٦٥- بارزان و بارزانی و بارزانیەكان لە بەڵگەنامەكاندا ( زنجیرە كتێبێكن )
٦٦- بارزان؛ فەرهەنگ و كۆلتوور و ڕەسەنایەتی و داب و نەریت
٦٧-كرۆنۆلۆجیای بارزان و بارزانیەكان
٦٨- بازێ گوندێكی جینۆسایدكراو ( زنجیرە كتێبێكن )
٦٩- بارزانیەكان و كۆماری كوردستان
٧٠- پاش باب
٧١- بارزان ( واتاو چەمكەكەی )


ئەمانە و دەیان كتێبی تر ئامادەی چاپن.

**بەرگی كتێبە چاپكراوەكانی ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**


Barova jinavbirina barzanîyan
Rêbwar remezan ebdulla
2010







جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda



شەهیدە بێ ناسنامەکان
2013


جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
2012



ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الابادة الجماعية للبارزانيين
في القرن العشرين
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013


شەهیدە بێ ناسنامەکان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
2013
Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname


Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
اهلا بصقر بارزان المحلق


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بیع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزيديين



جینۆسایدی باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ئاڵای
کۆماری
کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية



جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا



لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی


گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە


چیرۆکە نەبیستراوەکان



چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش
چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ژیان ساڵح بارزانی


فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



یادگارییەکانی شەهید شیفا گەردی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ژیان ساڵح بارزانی


ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



18+
تاوان و دڕندەیی داعش
لە زاری خۆیانەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


داعش و
شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ISIS Tortured Kobani Child Hostages
IŞİD Kobani'li Çocuk Rehinelere İşkence Yaptı
L'État islamique a torturé des garçons kurdes originaires de Kobané
ISIS torturó a niños secuestrados en Kobani
ISIS对科巴尼儿童人质施酷刑
イスラム国がコバニの子どもを拷問にして拷問
REBWAR RAMADAN BARZANI
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ئازارەکانی ژنانی ژێر دەستی داعش
The suffering of women under the rule ISIS
معاناة نساء تحت حكم داعش
妇女遭ISIS虐待
REBWAR RAMADAN BARZANI



REBWAR RAMADAN BARZANI
داعش لە کاتی پاشەکشەدا ماددەی کیمیاوی بەکارهێناوە
قوات داعش الفارة أطلقت مواد كيميائية
Fleeing ISIS Forces Fired Toxic Chemicals
REBWAR RAMADAN BARZANI



Kuştina ji qestan ya sivîlan ji aliyê DAÎŞê
Deliberate Killing of Civilians by ISIS
Children, Women, Elderly Among Kobani Targets
REBWAR RAMADAN BARZANI
قتل عمدي لمدنيين بأيدي داعش
IŞİD'in Sivilleri Kasıtlı Olarak Öldürmesi
Kobani'de Hedef Alınanlar Arasında Çocuklar, Kadınlar ve Yaşlılar Bulunuyor
Kurdî English Türkçe العربية



ISIS Escapees
Describe Systematic Rape
Des ex-captives de l'État islamique
décrivent une politique de viols systématiques
Victimas de ISIS
describen violaciones sistemáticas
REBWAR RAMADAN BARZANI
دەربازبووانی دەستی داعش
الهاربات من داعش



REBWAR RAMADAN BARZANI
ئەم منداڵە ئێزیدییە
هذا الطفل ايزيدي
This child is Yazidi
Cet enfant est Yézidi
Este niño es Yazidi



Syria/Turkey
Landmines Kill Civilians Fleeing Kobani
Suriye/Türkiye
Mayınlar Kobani'den Kaçan Sivilleri Öldürüyor
REBWAR RAMADAN BARZANI


Forced Marriage, Conversion for Yezidis
REBWAR RAMADAN BARZANI
زيجات قسرية وأسلمة للإيزيديين
Forced Marriage, Conversion for Yezidis
Des Yézidis détenus par l'État islamique sont forcés de se marier et de se convertir à l'islam



قصص وحكايات
أيام الأسر تحت يد داعش


بيت السبايا لبيع النساء


قصص مخيفة من سبايا "داعش"
ريبوار رمضان بارزاني



ذوات الربطات البيضاء
ريبوار رمضان بارزاني


سوق الخلافة - الدولة الإسلامية - داعش
ريبوار رمضان بارزاني



مأساة السبي
ريبوار رمضان بارزاني



سوق الرقيق
لتنظيم الدولة الإسلامية (داعش)
ريبوار رمضان بارزاني



فرار از جهنم داعش



خاطرات تلخ
روزهای تحت اسارت داعش



سياه و سفيد



آزارهای شنگال
به روایت خود زنان نجات یافته



کۆبانی
زامێکی دیکە لە جەستەی نیشتماندا


چیرۆکەکانی مەرگ و ژیان
لە موسل



هاواری کچانی نیشتمان



ژانی نیشتمان



شنگال
زامێکی تری نیشتمان



پاکیزەکانی شنگال



ئالان
منداڵە خنکاوەکەی کەناردەریا




**زۆر سوپاس بۆ برای ئازیز و خۆشەویست کاك ( هیوا نەجار ) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ( نیازی هەژار ) کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستوو.**